# ململانێی ئەمریکا و ئێران
# لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

**عوسمانی حاجی مارف**

**2025**

ناوی کتێب

# ململانێی ئەمریکا و ئێران لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا


بابەت: وتار

نووسەر: عوسمانی حاجی مارف

دیزاینی: ئومێد محەمەد

هەڵەچنی: ئاوازساڵح

چاپی یەکەم: 2025

تیراژ: 500 دانە

نرخ: 5000 دینار

# ململانێی ئەمریکا و ئێران
# لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

عوسمانی حاجی مارف

2025

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


پێشەکی........................................................................................9

ئێرانی دوای دوازدە ڕۆژ جەنگ..............................................................15

ئاسایشی وزە و کەشتیوانی لە کەنداودا.......................................................38.

ڕۆڵی تورکیا لە ململانێی نێوان ئیسرائیل و ئێراندا!......................................46

ئایا تەواوی میلیشیاکان هەڵدەوەشێنەوە؟......................................................55

ئاڕاستەی دانوستانەکانی ئەمریکا و ئێران......................................................63

ئەمریکا و سیاسەتی شەڕ و ماڵوێرانی!.......................................................71

ئیسرائیل و ئێران...........................................................................................81

گۆڕانکاری لە ڕووخساری ناوچەکەدا.........................................................89

چارەنووسی ئێران لە پەیوەند بە باڵادەستیی ئەمریکاوە...............................99

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق......................................................107.

سەردانی (سودانی) بۆ کۆشکی سپی..........................................................117

مووشەکی وێڵ............................................................................................125

پاراستنی ئیرادەی سەربەخۆی جەماوەری ئێران ئەرکمانە!.......................129

باڵادەستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سەر عێراقدا...............................135

هێرش بە درۆن و مووشەک.......................................................................145

عێراق گۆڕەپانی گەمەی هاوبەشی ئەمریکا و ئێرانە!.................................155

پڕۆژەکانی جیهادی شیعە لە عێراقدا!؟.........................................................163


هەواڵنامەی کتێب

دۆستایەتیی (بافڵ) و (ئەعرەجی)........................................................................173
ئامانجی سەردانی (پزیشکیان) بۆ عێراق...................................................179
پێوەندیی هەولێر و تاران!...........................................................................189
کاریگەریی قەیرانی ئابووریی ئێران لە سەر عێراق.................................197
دەرگیربوونی عێراق لە نێو دانوستانی ئەمریکا و ئێراندا...........................205
کراوەییی ئێران هاوشانی دانوستانەکانی لەگەڵ ئەمریکا...........................213
کێبڕکێی (سودانی) و (مالیکی) لە هەڵبژاردنی (2025)ی عێراقدا.............223
هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، سەرەتای قۆناغێکی مەترسیدار لە ناوچەکەدا...231
ئاڵوگۆڕێک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا!........................................................237
هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

دوای ڕووبەڕووبونەوەی ئێران و ئیسرائیل لە دوانزە ڕۆژدا، کە دنیایان سەرقاڵ کرد بەخۆیانەوە و مەترسی ئەگەری شەڕێکی گەورەی ناوچەییان خستە بەردەم ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە، هێمای ئەوپەڕی مەترسی نائارامی و گێژاوی سیاسی زیاتری خستە بەردەم ئایندەی ناوچەکەوە، ئاخۆ چیتر لە نەهامەتی و کارەساتی تر لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چاوەڕێ دەکرێت؟. دوانزە ڕۆژ وێنەی سەرسامی و نیگەرانی کردە میوانی ڕوخساری دانیشتوانی ناوچەکە، ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا ئاگربەستی کوتوپڕبوو.

کە ئاگر بەست ڕاگەیاندرا، هەر لایەنێک سەرکەوتنی بەسەر ئەوی دیکەدا ڕاگەیاند. لەکاتێکدا هەموو شتێکیان وێرانکردنی ژمارەیەک کۆمپانیا و ماڵ و شوینی کارو خزمەتگوزاری و کوشتنی چەندین کەسی سڤیل بوو لە ئیسرائیل و لە ئێران، ئەو شەڕە هێنرایە ناو ماڵەکانەوە، خەڵکی شارەکان ناچارکران لە ماڵەکانیان هەڵبێن. ئیسرائیل و ئێران جگە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ سەرکوتکردنی گەلەکانیان هیچی تریان لا گرنگ نەبو. تائێستاش کاریگەری نەرێنی تاسانی خەڵکی دانەمرکاندۆتەوە،

هەواڵنامەی کتێب

نیگەرانیەکانیش بۆ دوبارەبونەوەی جەنگ لە جێگای خۆی ماون!

ئەم شەڕە سێ قۆڵییەی نێوان ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکا لەلایەن ترەمپەوە وەها لێکدرایەوە کە ئەم شەڕە نوێنەرایەتی خاڵی وەرچەرخانێک دەکات کە ئەتوانێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێکخاتەوە، هاوشێوەی شەڕی شەش ڕۆژەی ساڵی (1967) کە ئیسرائیل شکستی هێنا بەمیسر و سوریا و ئوردن، واتە دەیەوێت ئەوە ڕاگەیەنێت کە ئەم دوانزە ڕۆژەی جەنگی ئەمجارە باڵادەستی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەسەپێنێت. گەر هەوڵێک بە ئاراستەی کۆتایی ناجێگیری سیاسی لەناوچەکەدا بەڕێوە بێت، ئەوە دەبێت لەسایەی ئەو باڵادەستیەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەناوچەکەدا پیادەی دەکەن جێبەجێ بکرێت.

لە کاتێکدا ئەم شەڕە توانای سەربازی و هەواڵگری ئیسرائیلی ناوازەی نیشان دا، لەهەمانکاتدا وەها دەرکەوت کە هێشتا ئیسرائیل پشت بە دەوری ئەمریکا دەبەستێت لە توانایی بەردەوامیدان بەشەڕەکە، ئیسرائیلی بێ ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە کارتۆنێکی سپی بۆ نیگارکێشان دادەنرێت.

ترەمپ تاڕادەیەک توانی متمانەی ناوچەکەی بۆ ئەمریکا بگەڕێنێتەوە، لە هەمان کاتدا ڕووسیا و چین

کە گوایە هاوپەیمانی ئێرانن، بێدەسەڵات دەرکەوتن، ڕازی بوون بە سەیرکردنی ئێران کە دەچێتە ژێر کاریگەری مەترسی ئەو هێرشانەوە، هەربۆیە شەڕەکە بەهەر دەرکەوتەو ئەنجامگیریەکەوە گەڕانەوەی هەیبەتێکی ئەمریکای لە ناوچەکەدا نیشاندایەوە، ئەتوانم بڵێم کە روسیا و چینیش لەو بارەیەوە بێدەنگیان هەڵبژارد، بەتایبەتی کە روسیا بەشی خۆی لەم ململانێیەدا رەوانەی ئۆکرانیای کرد.

ئەم شەڕی دوانزە ڕۆژە بەدوای دەورانێکی چەند ساڵەی پاشەکشەو شکستەکانی ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکەدا گڕ دەگرێت، ئەمریکا پێویستی بە شەڕێکی لەو چەشنە بو کە جارێکی تر بەدوای هەردوو جەنگی کەنداوی (1991) و جەنگی کەنداوی (2003) ئیعتبار و پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا جێکەوتە کاتەوە، کە هاوکاتی ئاڵوگۆڕە بەردەوامەکانی ناوچەکە و دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی دنیا بە تایبەتی روسیا و چین بەدوای شەڕی کەنداوی (2003) تارادەیەک جێگەیان بە ئەمریکا لێژ کردبوو، بەتایبەتی ئێران توانی ڕۆڵێکی بەرچاو ببینێت و پانتاییەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخاتە ژێر کۆنترۆڵی سیاسەت و نەخشە و بەرژەوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە.

هەڵبەتە ئەو دۆخە گەورەترین کێشەو ئاڵۆزیەکان و ململانێی دەوڵەت و لایەنەکانی خستە سەرکاری مامەڵەکردن بە دۆخێکی تەواو ناجێگیری و گێژاوی سیاسی، کە بالادەستی هێزە میلیشیاکانی ئێران، گەورەترین مەترسیان لە ناوچەکەدا چەسپاند، بەتایبەتی کە خودی ئێران بۆ خۆی وەک زلهێزێکی ئیقلیمی گەمەی بەردەوامی بە فروانکردنی نفوزی خۆی ئەدا، تا ئەو ڕادەیەی بووە بەشێکی تەواو مەترسیدار لە بەرامبەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو ئیسرائیلدا. لە ململانێیەکی بەردەوامدا چەندین ڕوداو و سیناریۆ کارەسات و نائارامی دەخرانە ڕوو.

ئیسرائیل و ئەمریکا پێویستیان بە دۆزینەوەی ڕێگەی بەدیل هەیە لە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئارامی و جێگیری سیاسی لە پێناو دابینکردنی ئاسایش بۆ وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری لە ناوچەکەدا، تا لەباری ئابوریەو سنورێک بۆ دەوری چین دابێنن،! جەختکردنەوەی ئێستای ئەمریکاو ئیسرائیل لەسەر هەژموونی ناوچەیی و سەرکەوتن بەسەر بەربەستەکاندا، دەبێتە دەستکەوتێک بۆ بالادەستیان لەباری ئابوری، دارایی، سیاسی و جوگرافیەوە، کە ئەمریکا ئەتوانێت هاوسەنگی خۆی لەبەرامبەر وولاتانی زلهیزی دنیا بە قازانجی خۆی

لەناوچەکـەدا بەریێتـە پێشـەوە، لەهەمانکاتـدا هەوڵ ئـەدات ئێـران لەبازنەی ڕوسـیاو چین دەرکێشـێت، لەلایەکی تریشەوە ئیسرائیل وەک زلهێزێکی ئەقلیمی لـە ناوچەکـەدا پێگـەی بەهێزتـر بێـت، لەبەرامبـەر تورکیا و ئێراندا.

هێرشـی ئـەم دواییـەی ئەمریـکا بۆ سـەر ئێران ڕەنگـە توانـای ئەتۆمـی ئێرانـی تێکدابێـت یـان نەیتوانیبێـت، بەڵام ئەوەی بەرچـاوە ئەوەیە کە بەم هێرشە واشنتۆن متمانە و خۆڕاگری خۆی جارێکی تر گەڕاندۆتەوە.

ئەوەی شـایانی باسـە ئـەم وەشـاندنی گورزەی ئەمریـکا بـە ئێـران، ئـەو عەلـی خامنەییـەی وەهـا ناچـار کـرد، کـە نزیـک بە پەنجـا سـاڵە ڕێبەرایەتی ڕژێمێکی تیۆکراتی دەکات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بـە بارمتەی تیرۆرەکانی بەسـتۆتەوە و گرتووە، لە بەرامبەر ئەمەریکا، ئیسرائیل و سعودیە پاشەکشەو نەرمی نیشان ئەدات.

بەهـەر حـاڵ باسـکردن لەدۆخـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست و لێکدادنەوە و باسێکی زۆر هەڵدەگرێت، باسـەکانی ناو ئەم کتێبە هەرچەندە بەشـی یەکەمی لێکدانەوە و باسـێکە دەربارەی ئێرانی دوای دوانزە ڕۆژ جەنـگ، دیدگایـەک و تێگەیشـن و ئاکامەکانـی دەخاتە ڕوو، لە هەمانکاتدا بەشێکی تری ئەم کتێبەو

باسـەکانی هەرچەندە چەند وتارێکە کە پێشـتر بڵاو کراوەتەوە، زیاتر بەدەوری ئەو ململانێیەی ئەمریکا و ئێراندا دێت کە پێش شـەرەکە نوسراون، ئاشکرایە هەستیاری ئەم باسانە زۆرتر هەڵدەگرێت بە تایبەتی کـە دەمانەوێت رۆڵێکی عەمەلی جدی لە دۆخەکە و ئاڵوگۆڕەکاندا ببینین.

هەواڵنامەی کتێب

# (1)
# ئێرانی دوای دوازده ڕۆژ جەنگ

ئێـران نەیدەویسـت ڕووبەڕووی شـەڕ بێتـەوە، بە زۆر کەوتە ناو شەڕێکی مەترسیداری دوازدە ڕۆژەوە، کە تا دوا سات، هەوڵی دەدا خۆی لێ بە دوور بگرێت، هەروەهـا هەوڵیـدا خـۆی لـە ڕووبەڕووبونەوەیەکـی ڕاسـتەوخۆ و هەمەلایەنـە لەگـەڵ ئەمریـکا دوور بخاتەوە، کە بۆی ڕۆشـن بوو وێرانکەر و کارەساتبار دەبێـت و بە دوایـدا ئێران تەواو دەچێتە دەورانێکی تر لـە فراوانبوونـەوەی ناسـەقامگیر و ئایندەیەکـی پڕ لە گێژاوی سیاسی.

شـەڕەکە دوای ئەوە هات، کە هاوپەیمانەکانی ئێران لە ناوچەکەدا بە شـێوەیەکی بەرچاو لاواز بوون، ئێران قەڵغانی پێشـەوەی خۆی لە دەست دابوو، لە ئەنجامیشدا بـە هـۆی شـەڕەکەوە بەشـێکی بەرچاو لە خۆپاراسـتن و هێـزی بەرگـری و کەسـایەتیی بەتوانـای لـە دەسـت دا. ئێـران تەنیـا شـەڕی لـە بەرانبـەر ئیسـرائیلدا نەبوو، بـە جیـا لـە هێرشـەکانی ئەمریـکا بـۆ سـەر دامـەزراوە ئەتۆمییـەکان، چەنـد لایەنێکـی عەرەبـی و خۆرئـاواش بەشـدارییان کـرد، لـە ڕێگـەی چاودێـری و سـیخوڕی، بەشـداری لە خسـتنەخوارەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکەکانی.

لە درێژەی شەڕەکەدا، ئیسرائیل و ئەمریکا توانیان گورزێکی گەورە لە ئێران بدەن، ئەوە ئاشکرا بوو، کە بە درێژاییی سالآن ئیسرائیل پێشکەوتنی ئەمنی سەرسوڕهێنەری لە چوارچێوەی ئێراندا بە دەست هێناوە. لەوانەش جێگیرکردنی گروپەکانی مۆساد، کە توانای بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و چەکی جۆراوجۆریان هەیە لە کاتی شەڕدا. شەڕەکە دەستتێوەردانی بەرچاوی ئەمریکای بە خۆیەوە بینی، کە هێرشەکان دامەزراوەی پیتاندنی ژێرزەمینی لە فۆردۆ و دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئەسفەهان و نەتەنزیان کردە ئامانج. پنتاگۆن ڕایگەیاند: «کە هێرشەکانی ئەمریکا بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانی لەناو بردوە».!؟

بەڵام ڕۆژانی دواتری شەڕەکە، ئێران نیشانیدا کە مووشەکەکانی توانای ئەوەیان هەیە زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بگەیەنن، کە لە لێدوانی (ترەمپ) و (ناتانیاهۆ) و بەرپرسانی حوکوومەتەکانیان، چەندین جار باسیان لە «شەڕی سەخت» و «باجێکی قورس» دەکرد لە ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ تاراندا. ئێران و ئیسرائیل، هەر دوولا دوای دوازدە ڕۆژی شەڕەکە ئامادەبوون شەڕ ڕاگرن؛ ئەمەش بەو مانایەیە کە هیچ لایەکیان تووشی شکستێکی ڕوون نەبوون و سەرکەوتنێکی

ڕوونیـان بـە دەسـت نەهێنـاوە، دوای کۆتایـی هاتنـی ڕووبەڕووبوونـەوەی ئیسـرائیل و ئێران، هەر لایەنێک سـەرکەوتنی بـە سـەر ئـەوی دیکـەدا ڕاگەیانـد. هـەر بۆیـە لـە دوای شـەڕەکە، هـەر دوولایـان بـە وردی لـە شـەڕەکە دەکۆڵنـەوە و هـەوڵ دەدەن ئـەو هەڵە و کەموکوڕییانـەی لـە مـاوەی ئەو شـەڕەدا ئاشـکرایان کـردون، چـاک بکەنەوە. کـە بۆ ئێـران دەور و بوونی سـیخور و پێشـێلکارییە ئەمنییـەکان و بارودۆخـی ناوخۆیی و سیستەمی هاوپەیمانی کێشـەیەکی بەرچاو بـوو، لـە کاتێکـدا بـۆ ئیسـرائیل لـە کۆنترۆڵنەکردنـی کەوتنـەوەی مووشـەکی بالیسـتیکی وێرانکـەر، کـە کاریگەریـی لە سـەر دانیشـتوانەکەی دانـا، بێ گومان کێشـەدارە، لـە ئەنجامدا ململانێـکان وەک خۆی ماون و هیـچ کام لـە کێشـەکانی نێوانیـان بـە شـێوەیەکی یەکلاکـەرەوە چارەسـەر نەبـووە، جگـە لەوەش شـەڕ لـە غەززە، سـووریا، لوبنـان و یەمـەن بەردەوامە، کە فیوزی پەرەسـەندن بە سـووتاوی دەهێڵێتەوە. هەوڵی ئیسـرائیل بـۆ چەکداماڵینـی میلیشـیاکان لـە لوبنـان، عێراق، سـووریا، فەڵەسـتین و یەمەن، هەموان دەخاتە ژێر کاریگەریی هەڕەشـەی شـەڕی ناوخـۆوە، ئەوەی کە ناتوانرێت وەک پرۆسـەیەک دەسـتبەجێ پەیگیریی لـە سـەر بکرێـت، هێشـتا شـەڕی ئێـران و ئیسـرائیل نەگەییشـتوەتە کۆتایی و هیچ شـتێک نییە ئاماژە بەوە

بـكات، كـە ڕێـگای دانوسـتانەكان بەرهەمـدار دەبێـت.
لـە تـاران هێشـتا گرژییە گەرمـەكان لە هەڵكشـاندایە،
ئێران تووشـی ڕووداوێكی سـەربازیی زەلیلكەر بووە.
هەروەها دووفاقیی ئێستا ئەوەیە، كە ئەمریكا ناتوانێت
دەسـتبەرداری قەدەغەكردنـی پیتاندنـی یۆرانیۆمـی
ئێـران بێت، ئێرانیش بە بێ پیتاندنی یۆرانیۆم ناتوانێت
شەرەفی سەروەریی خۆی بگەڕێنێتەوە!.

بـە دوای تێوەگلانـی كۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران
لـە شـەڕێكی دوازدە ڕۆژە لـە بەرانبـەر ئیسـرائیل و
ئەمریـكادا، بـە هـۆی هێرشـە ئاسـمانییەكانی ئەمریكا
بـۆ سـەر دامـەزراوە ئەتۆمییـەكان، ئێـران خـۆی لـە
لێواری گۆڕانی كۆتایی بوون و دیمەنێكی سـتراتیژیدا
دەبینییەوە. جبەخانە مووشەكییەكەی كە سەردەمانێك
جێگای شانازییە سەربازییەكەی بوو تێكچووە، بەرنامە
ئەتۆمییەكـەی كە لەمێژە پایەی سـتراتیژی شـاراوەی
هەیـە، زیانێكـی بەرچـاوی بەركەوتـوە، هەروەهـا
كوشـتنی چەندیـن زانـا و سـەركردەی سـەربازی بـە
توانـای زیانێكـی گـەورەی بـە ئێـران گەیانـد، جگە لە
بوونـی چەندیـن سـیخوڕ لـە دەزگا هەسـتیارەكانی
دەوڵەتدا، شكۆی دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامیی شكاند.
پرسـیاری ئەمـڕۆ ئەوەیـە، ئایـا سـەركردایەتیی ئێران
دەتوانێـت خۆی لەگەڵ گۆڕانی ژینگەیەكی نوێی دوای
شەڕ و زیانەكانی بگونجێنێت، یان لە سەر ڕێگایەک كە

نزیکی نیو سەدەیە پەیڕەوی دەکات بەردەوام دەبێت؟.

شەڕەکە تیشکی خستە سەر ناکۆکییەکانی ناو دڵی کۆماری ئیسلامی، ئەو بناغانەی تێکدا کە دەیان ساڵە دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا ڕێنمایی و پیادەی دەکرد. لە هەمان کاتدا، پێش ئەو شەڕە ڕۆڵ و دەستتێوەردانی ئێران لە ناوچەکە سڕکرا، ئەو گورزانەی لەو شەڕەدا بە سەر ئێراندا شکایەوە خاڵە لاوازەکانی ڕژێمیان ئاشکرا کرد. هەر چەندە ئێران لە بەرانبەر شەڕێکی ناهاوسەنگدا بەرگریی دەکرد، ئەمریکاش مەبەستی نەبوو کۆماری ئیسلامی بخات، بەڵام ئێران بە مووشەکەکانی توانی ڕژێمەکەی لە هێرشێکی بەرفراوان بپارێزێت. ئەمڕۆ تاران لە بەردەم هەڵبژاردنێکی سەختی چارەنووسسازدایە، یان دەبێت بەردەوام بێت لە پەیڕەوکردنی هەمان ئەو سیاسەتانەی کە گۆشەگیرییەکەی گەورەتر کردووە و لاوازییەکانی دەرخستووە، یان خۆی لەگەڵ واقیعێکی نوێدا بگونجێنێت؛ کە قووڵایی ستراتیژییەکەی تێکچووە و چی تر مانەوەی بە هاوکێشە کۆنەکان گەرەنتی ناکرێت!.

ئێستا بنیاتنانەوەی ژێرخانی سەربازیی ئێران لە ژێر چاودێرییەکی چڕوپڕی نێودەوڵەتی و زیادبوونی سنوردارکردنی ئابووریدا ئەنجام دەدرێت، بەرنامە ئەتۆمییەکەی وەک هێمای سەرپێچیی سەروەری و

پەرتووکخانەی کتێبی

دەستکەوتی تەکنەلۆژیا سەیر دەکرا، هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێتــەوە، ئایــا ئێران دەتوانێت دەســت بە ڕێگایەکی نوێــی توانای ئەتۆمیی ڕاگەیەنراو بکات؟، هێشــتا زۆر شــت ناڕوونــە، بــەڵام ئــەو مشــتومڕە ناوخۆییيانــەی کــە لــە دوای لێدانەکانــەوە ســەریان هەڵــداوە، ئــەوە دەردەخــەن کــە ســەرکردایەتیی ئێــران لــە ئێســتاوە بیــر لــە گۆڕانکاریــی سیاســی دەکەنەوە و پێویســتیان بــە گۆڕانکارییــە یــان ناچارن بــە گۆڕانــکاری. هەوڵی دامــەزراوە توندڕەوەکانــی تــاران ئــەوە بــوو، کــە پاشەکشە سەربازییەکان وەک سەرکەوتنی ستراتیژی نیشــان بدەن، ئەم جۆرە گێڕانەوەیە چەندین مەبەستی بە جێ گەیاند، «پاراستنی مانەوەی شەرعییەتی ڕژێم، پاراستنی شکۆی سەربازی و پەیامێک بە دوژمنەکانی بدات؛ کە کۆماری ئیسلامی وەک خۆی ماوە، هەر لەم بارەیەوە، ئاژانسی هەواڵی (تەسنیم)ی سەر بە سوپای پاســداران لــە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیانــد؛ کــە «ئامانجــی دوژمنــان لــە هەڵوەشــاندنەوەی بەرنامــەی ئەتۆمیــی ئێرانــەوە تــا دەگاتە هەوڵدانیان بــۆ دارمانی ناوخۆ، بە شێوەیەکی خراپ شکستیان هێناوە»!.

ئەم شێوازە لە گێڕانەوەی سەرکەوتن، لە وتارەکەی (خامنەیــی) دوای ڕاگرتنــی شــەڕەکە بەرجەســتەکرا، کــە تیایــدا ڕایگەیانــد: «ڕژێمــی زایۆنــی، ســەرەڕای هەمــوو ئــەو بانگەشــە و هەوڵانــەی کــە خەریک بوو

لە شەڕەکەدا بۆ ڕووخانی حوکومەتی ئێران پیادەی بکەن، بە لێدانەکانی کۆماری ئیسلامی شکستی پێ هێنرا». شانازیی بەوە کرد، کە مووشەکەکانی ئێران گەییشتنە ناو بەرگرییە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل و توانی شار و ناوچە سەربازییەکان وێران بکات. بەم شێوەیە لە چاوی دامەزراوە توندڕەوەکان ئەوە بەیان دەکرێت، کە قۆناغی دوای جەنگ، دەرفەتێکە بۆ خێراکردن و زیاتر وەبەرهێنان لە کەرتی بەرگریدا، بۆ چەسپاندنی ستراتیژی مۆدێلی بەرگریی ئێران، ئەمەش وەک پاساوێک بۆ زیادبونی میلیتاریزەکردن نیشان دەدرێت. لە لایەکی ترەوە، لە پشت گێڕانەوەی خەیاڵاتی سەرکەوتن و هەڕەشەی بەردەوام لە دوژمنەکان، لێکدانەوەی تریش هەن، وەک دەنگە میانڕەو و چاکسازیخوازەکان، کە هۆشدارییان لە بەرانبەر ئەو لە خۆڕازیبوونەدا بەیان کرد، سەرەڕای بەردەوامیی پشتیوانییان لە ڕژێمی ئیسلامی، خوازیاری خۆگرتن و خۆڕاگری و قەبووڵکردنی لاوازییەکانی ئێرانن، کە لە کاتی ململانێکان و جەنگەکەدا ئاشکرا بوون. لە هەمان کاتدا، (حەسن ڕۆحانی) دەڵێت: «ئێمە نە شکستمان هێناوە و نە سەرکەوتووین، دوژمن نە سەرکەوتوە و نە شکستی هێناوە، ئاگربەستەکە مەرجدارە، ئەوەش بەندە بەوەوە کە تا چەند خێرا تواناکانی هێرشبردن و بەرگریمان و هێزی ئابوریمان

و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیمان ڕێک دەخەینەوە».
یەکێک لە خاڵە هەرە بەرچاوەکانی لێک نزیکبوونەوە، کە لە گوتاری ئێرانی دوای جەنگدا دەرکەوتوە، کۆدەنگیی لایەنە جۆراوجۆرەکانە لە سەر یەکگرتوویی لایەنەکان، وەک پایەیەکی بنەڕەتیی ئاسایش، کە دەیانەوێت نوێنەرایەتیی گۆڕانکارییەک بکەن لە تەرکیزکردنی نەریتی ئێران بۆ ڕاگرتنی سەربازی، وەک گەرەنتیی سەرەکیی مانەوەی ڕژێم. دەنگەکان لە سەرانسەری ئاراستەی سیاسیدا، لە کۆنەپەرستە توندڕەوەکانەوە تا پراگماتیستەکانی بیری چاکسازی، دان بەوەدا دەنێن؛ کە مانەوەی ڕژێم نەک تەنها بەندە بە توانای ئەو ڕژێمە بۆ ئەوەی زیان بە نەیارەکانی بگەیەنێت، بەڵکوو بەندە بە توانای پاراستنی شەرعیەتی ناوخۆیی و یەکێتیی لایەنەکان و سەقامگیریی سیاسی لە ژێر فشاردا. گرینگترین فاکتەری پاراستنی ئێران بەرگرییەکی یەکگرتووی لایەنەکانی نێو کۆماری ئیسلامی بووە، تەنانەت لایەنە هەرە توندڕەوەکان ئێستا دان بەوەدا دەنێن؛ کە خۆڕاگری لە داهاتوودا پێویستی بە چاکسازیی ئابووری و یەکگرتوویی و وەڵامدانەوە بە خواستەکانی جەماوەر دەبێت.!
لە کاتێکدا، کە وەڵامدانەوەی مووشەکیی ئێران زۆر لە سەر ئیسرائیل کەوت، بەوەی بە (28) کوژراو و سەدان بریندار و زیانی ملیارەها دۆلار بە سەر

ئیسـرائیلدا شـکایەوە، بۆردمانکردنـی ئیسـرائیل لـە لایـەن ئێرانەوە هاوسـەنگییەکەی گۆڕی و ئیسـرائیلی لـەرزان. هـەر لەبـەر ئەم هـۆکارەش، پێدەچێت ئێران ناچار بێت گرینگیی زیاتر بە هێزی بەرگریی ئاسـمانی بداتەوە یەکێک لە ڕێگاکان پێشنیاری بەردەوامبوون و چڕکردنەوەی کارکردن لە سـەر بەرنامەی مووشـەکی و تەنانـەت زیندووکردنـەوە و فراوانکردنی میحوەری بەرگری دەکرێت. بەڵام ئاڕاستەی ئەم ڕێگایە ئەوەشی خستوەتە ڕوو کە خەرجی و تێچوونی زۆری دەوێت، لەم نێوەندەدا، قەیرانی ئابووری و بە لە بەرچاوگرتنی بارگرانییـە داراییـە گـەورەکان، نەبوونـی پشـتیوانیی جەماوەری و دابەزینی داهاتەکان، کە لە ماوەی ساڵ و نیوێکی ڕابردوودا ئاشکرا بووە، بە گشتی ئامادەبوونی سەرمایەگوزاریکردن لە میحوەری بەرگریدا کەمە.

ڕێگایەکی تر، ئەوەیە کە دەگۆڕێت بۆ هەڵوێستێکی بەرگریـی ناوچەییـی داخراوتر، کە سـەرنجی لە سـەر پاراسـتنی سـەرکردایەتی و ژێرخانی و سـەقامگیریی ناوخۆیە بۆ پاراسـتنی دەسـەڵاتی کۆماری ئیسـلامی، ئەمەش لە بەرانبەردا دەکرێ پەرەبسێنێت بۆ ڕێگایەک کـە چڕکردنـەوەی میلیتاریزەکردنـی ناوخۆییـە، بـەڵام لەگـەڵ فراوانکردنـی ڕۆڵـی ناوخۆیی سـوپای پاسـداران و زیادکردنـی چاودێـری و سـەرکوتکردنی نارەزایەتییـەکان لـە ژێـر ئـاڵای ورياییـی سـەردەمی

جەنگدا، ڕژێم مەترسیی نامۆکردنی دانیشتوانێکی لە ئێستاوە ماندووبووی لەسەرە، ئەوەی تا ماوەی چەند دەتوانێ خۆی لە بەردەم ئەو دۆخەدا ڕابگرێت؟، پرسیارێکی جدییە.

ڕێگایەکی تر، لە سەر بنەمای هەڵسەنگاندنێکە کە ئاسایشی ئێران بە بوژانەوەی ئابووری و سەرمایەگوزاریی فراوان و شەرعیەتی سیاسییەوە دەبەستێتەوە، هەر چەندە لە دۆخی دوای جەنگ و قەیرانی قووڵی ئابوری و نارەزایەتیی جەماوەری، ئاشکرایە ئەگەری جێبەجێکردنی ئەم ڕێگەیە سەخت دەبێت بۆ کۆماری ئیسلامی، چوونکە لە بەرانبەر لێواری گۆڕانێکی جدیدا بەرەو ڕووە، ناتوانێت دڵنیایی ئەوە بدرێت، کە بتوانێ ڕێبەری بەڕێوەبەری ئەم ڕێگایە بێت لە سازدانەوەی دۆخی ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران، بەتایبەتی کە ئێران پێش هەموو شتێک لە ڕێرەوی پێویستیی ئاڵوگۆڕێکە لە ڕژێمی سیاسیدا، بۆیە ئەگەری ئەوە زیاترە ئاکامترین گۆڕانکاری بۆ کۆماری ئیسلامی میلیتاریزەکردنە، بە پەرەپێدانی توانایەکی ئەتۆمیی شاراوە لە ژێر پەردەی دەوڵەمەندکردنی مەدەنیدا، دوای ئەوەی گەییشتە ئەو ئەنجامەی کە ڕێگری ئاسایی بە تەنیا ناتوانێت گەرەنتیی مانەوەی ڕژێم بکات، سیناریۆی میلیتاریزە لە ئێستاوە لە گوتاری ئێرانی دوای جەنگدا دەنگ دەداتەوە.

سەرەڕای شکستی دانوستانە نهێنییەکانی ئەم دواییەی تاران و واشنتن لە نەرویج، ئەگەری گەڕانەوەیان بۆ سەر ڕێڕەوی دیپلۆماسی لە داهاتوودا ڕەت نەکردەوە، بەڵام جەختیان لەوە کردەوە، کە پرسی ئەتۆمی بووەتە گۆڕەپانێک بۆ ململانێیەکی توندی ناوخۆیی لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی دەسەڵاتدار لە ئێران، لە سەر ئیمکانی وتوێژ لەگەڵ ئەمریکادا. لە هەمان کاتدا و لە بەرانبەردا بزووتنەوە ڕیفۆرمخواز و میانڕەوەکان لە ئێراندا، ساتەوەختی ئێستا بە دەرفەتێکی زێڕین دەزانن بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی دیپلۆماسی و ڕزگارکردنی وڵات لە مەترسیی خلیسکان بۆ ناو شەڕێکی نوێ، پێیان وایە دانوستان بەو مانایە نییە، کە ئێران لە پێگەی لاوازیدایە، بە پێچەوانەوە هەڵوێستی ئەمڕۆی ئێران لە هەموو کاتێک بە بەهێزتر دەزانن، بەو مانایەی کە تووشی دەستدرێژیی ناڕەوا بوون، گوایە ئەمەش شەرعیەتیان پێ دەدات داوای ئیمتیازات لە واشنتن و وڵاتانی خۆرئاوایی بکەن. هەروەها دەڵێن؛ ئامانجی ڕێڕەوی دیپلۆماسی، پاراستنی وڵاتە لە هەر دەستدرێژییەکی نوێ، هیچ شەڕێک بۆ هەمیشە ناخایەنێت و دەبێت کاتێک بێت کە دیپلۆماسی دەرفەتی پێ بدرێت، ئێران دەستبەرداری مافەکانی نابێت، بەڵکوو داوای گەرەنتی دەکەن، کە جارێکی تر نەکرێنەوە ئامانج.

گۆڕانکاری لە دەرکەوتەی ئێراندا زیاتر لە بەرنامەی ئەتۆمییەوە ئاشکرا دەبێت، کە لەمێژە ئێران وێنا دەکرا وەک خـاوەن ئەتـۆم و هەوڵدانـی بـۆ بـە ئەتۆمکردنی ئێـران، بـەڵام دوای لێدانەکـەی ئەمریکا، تـەواو وێنای ئێـران دۆخێکی تەواو جیـاواز وەردەگرێت و ناتوانێت ئێرانـی پێش جەنگ بێت و پێناسـەی ئەتۆمبوون وەک توانایی بۆ هێزی سـەربازیی مەترسیدار وەرگرێتەوە. شـەڕ و ئاکامەکانی بە ئاشـکرا بووە هۆی گۆڕانکاریی ناچاری لە واقیعی سیاسـی ئێراندا، کۆماری ئیسـلامی دەیەوێت بەرەو هەڵوێستێکی جەختکەرەوە و ئاشکراتر لـە دابینکردنی ئاسایشدا هەنـگاو بنێـت، تەنانەت گەر هەنگاوەکانی ئەم ئاڕاستەیە هێرشی زیاتری ئیسرائیل و ئەمریکای لێ بکەوێتەوە، بەرپرسانی هەموو لایەنەکان بەرنامەی ئەتۆمی نەک تەنها وەک هێمای سـەروەری، بەڵکـوو وەک پایەیەکـی بەرگریـی «نیشـتمانی» نیشـانی دەدەن. لەگەڵ ئەوەشـدا، کاربەدەستانی ئێران چەندیـن جـار جەختیان لـەوە کردوەتەوە، کە هێرشـە سـەربازییەکان هـەر چەندە توند بن، پێشـکەوتنەکانی ئێـران لـە بەرنامـە ئەتۆمییەکەیدا ڕاناگـرن. باس لەوە دەکـەن، کـە هێرشـەکانی ئەمریـکا و ئیسـرائیل؛ کـە (12) ڕۆژی خایانـدوە، تەنیـا چەنـد مانگێک بەرنامـە ئەتۆمییەکـەی ئێرانـی دواخسـتوە، ئەمەش بـەو مانایە دێت، کە ئێران دەیەوێت ئەوە ڕابگەیەنێت؛ کە ژێرخانی

ئەتۆمـی بەرگـەی هێرشـەکانی گرتـوە و ئیسـرائیل شکسـتی هێنـاوە لە گەییشـتن بـە ئامانجی سـەرەکیی خـۆی. بۆیـە ئـەوە ڕادەگەیـەنن. کـە ئێـران دەتوانێـت بەردەوام بێت لە بەرنامەی ئەتۆمی.

باڵوێزی ئێران لە نەتەوە یەکگرتوەکان پێداگریی لە سەر ئەو هەڵوێستە کردەوە، «هیچ سنووردارکردنێک بـۆ توانـا مووشـەکییەکانیان قەبـووڵ ناکـەن». بـە ڕوونـی ئامـاژەی بەوەدا، کە ئێران بەردەوام دەبێت لە پیتاندنی یۆرانیۆم لە سـەر خاکەکەی و دەستبەرداری توانـا ڕەسـەنەکانی خـۆی نابێـت بـۆ گەییشـتن بـە سـوڕی تـەواوی سـوتەمەنی ئەتۆمی. ئەوەی شـایانی باسـە تەنانـەت لە نـاو ئەم هەڵوێسـتە توندڕەوەشـدا، نیشـانەکانی سـەرهەڵدانی ڕێگایەکـی هاوتەریب هەیە؛ کـە هـەوڵ دەدات بەرگـری و دیپلۆماسـی تێکـەڵ بـکات، هەندێـک داوا دەکـەن کـە دوو سـتراتیجی جێبەجێکردنی پلانی بەرگریی بەهێز و لە هەمان کاتدا، کەناڵـە دیپلۆماسـییەکان بـە کراوەیـی بهێڵرێتەوە، دان بەوەشـدا دەنێـن، کـە دانوسـتان لە کاتـی جەنگدا زۆر قورسـترە، بـەڵام هەبوونـی دەسـەڵاتی سـەربازی بە توانـای باوەڕپێکراو دەتوانێت هێڵی دیپلۆماسـی بەرز بکاتـەوە. دوابـەدوای ئاگربەسـت، پەرلەمانـی ئێـران یاسـایەکی دەرکرد، کە هاوکارییەکانی لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتیـی وزەی ئەتۆمـی ڕاگـرت، گـەر گەرەنتیـی

کتێبخانەی ئەولیا

ئەمنی بۆ دامەزراوە ئەتۆمییەکان دابین نەکرێت. ئەوەی جێگای سەرنجە؛ دیار نییە ئێران دەتوانێت پەرە بە چەکی ئەتۆمی بدات یان نا؟، بەڵام تا دێت ڕوون دەبێتەوە، کە پرسی ئەتۆمی پانتاییەکی گەورەتر لە گفتوگۆکان دەربارەی ئاسایش بۆ پاراستنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی داگیر دەکات. دووبارە پێوانەکردنی ستراتیژی ئێران لە دوای جەنگ، نیشاندەری وڵاتێکە کە هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییەکان دەدات، کە هەموو لایەنەکان بە تاقیکردنەوەیەکی بەرچاو بۆ ئاسایشی پاراستنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی دەزانن. ئەمڕۆ مشتومڕەکە تەنها لە سەر تواناکان نییە، بەڵکوو لە سەر مانەوەیە.

بۆیە ماوەتەوە بزانین لێک نزیکبوونەوەی سیاسیی نێوان لایەنە جیاجیاکان، چاکسازیی بەرجەستە بەرهەم دەهێنێت یان بەرەو توندبوونەوە و پاشەکشەی بەرگریی لێ دەکەوێتەوە؟ سەرەڕای ئەوەش وا دیارە، کە واقیعی شەڕ لە چەمکی عەقیدەیەکی جێگیری بەرگرییەوە گۆڕیوە بۆ پرۆژەیەکی سیاسی. کە بووەتە بابەتی مشتومڕ لە ناو لایەنەکانی دەسەڵات لە ئێراندا. ڕاگرتنی دوژمنایەتییەکان، ڕێبازی ستراتیژیی ئێرانی ڕوون نەکردەوە، بەڵکوو هەوڵێکی بەردەوامی لە ناو دامەزراوە سیاسی و سەربازییەکان ئاشکرا کرد بۆ تێگەییشتن لە چۆنێتیی لێکدانەوەی دەرئەنجامەکانی

هەوارنامەی کتێب

شەڕ و فۆڕمی هەڵوێستی بەرگری لە قۆناغی داهاتوودا، بەتایبەتی لە سەر پاراستنی کۆماری ئیسلامی، جگە لەوەش، پرسە چەسپاوەکانی وەک پشتبەستن بە خۆ، گەشەسەندنی سەربازیی ناوخۆیی و خۆڕاگریی ئایدیۆلۆژی وەها نیشان دەدرێت کە ماونەتەوە، بەڵام ئێستا نیگەرانیی جدیتری وەک ماندویتی و قەیرانی قوڵی ئابووری، نائارامیی کۆمەڵایەتی، دزەکردنی مەترسیداری هەواڵگریی ئیسرائیل و نەتوانینی وەڵام بە کێشە ناوخۆییەکان و ناڕەزایەتیی فراوانی جەماوەری و خواستی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، پرسیارەکە چی تر تەنیا ئەوە نییە، کە ئایا بەرگریی ئێران خۆی گرتوە یان نا بەڵکوو پرسیارەکە ئەوەیە، کە ئایا تەواوی بنەمای ئەو بەرگرییە دەتوانێت لە بەرانبەر ئاڵنگارییەکاندا خۆی ڕابگرێت و بەردەوام بێت؟.

* * *

شەڕی ئێران و ئیسرائیل و پاشهاتەکانی سنووری پێوەندییەکانی تاران لەگەڵ ڕووسیا و چینی ئاشکرا کرد. لە لایەک ئەم وڵاتانە لە ڕووی دیپلۆماسی و تا ڕادەیەکی سنووردار لە ڕووی سەربازییەوە پشتیوانیی یەکتر دەکەن و ئێرانیش هاوبەشی ستراتیژیی لەگەڵ هەر دوو وڵات واژۆ کردوە. بەڵام نە ڕووسیا و نە چین بە ئاشکرا بە ناوی تارانەوە لە شەڕی دوازدە



هەواڵنامەی کێبڵ

ڕۆژەدا دەستتێوەردانیان نەکرد و تا ڕادەیەکی زۆر خۆیان لە شەرمەزارکردنی هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکادا قەتیس کرد، هاوکات پشتیوانیی خۆیان بۆ مافی بەرگریکردنی ئێران لە خۆی دووپات کردەوە. ڕووسیا دەستی بە تەکنۆلۆژیای سەربازیی ئێران گەییشتوە لە بەرانبەر بەڵێنی ناڕوونی پشتیوانیی سەربازی، هاوکات چین دەستی بە نەوتی ئێران بە هەرزان گەییشتوە، کە فرۆشتنی ئەو نەوتە دەماری ژیانی ئابووریی تاران پێکدەهێنێت، بە بێ ئەوەی پەکین پێویست بکات لە بەرانبەردا زۆر شت پێشکەش بکات. لە نێو ئەو ململانێ جیهانییەی نێوان جەمسەرە ئیمپریالییەکاندا، بەرژەوەندییەکی تایبەت بۆ ڕووسیا و چین هەیە لە دەستەبەرکردنی مانەوەی ڕژێمی ئێران، بۆیە بەردەوام دەبن لە پشتیوانیکردنی، فۆڕمی ئەم پشتیوانییە بە هۆی هاوسەنگیی ناسکی نێوان پێداویستییەکانی ئێران و بەرژەوەندییە بەرفراوانەکانی ڕووسیا و چین لە ناوچەکەدا دیاری دەکرێت.

مۆسکۆ هەوڵ دەدات وەک زلهێزێکی گەورەی حەتمی دەربکەوێت و ئەم پێگەیە بەکار دەهێنێت بۆ دروستکردنی کاریگەریی خۆی لە ململانێکانیدا، لە نێوایاندا دەرهێنانی ئیمتیازاتێک لە ئۆکرانیا و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە. هەروەها دەیەوێت پێوەندییەکی باش لەگەڵ هەموو ئەکتەرەکانی ناوچەکەدا بپارێزێت،

هەر بۆیە بەرژەوەندیی هەیە لە پشتیوانیکردنی ئێران. لە هەمان کاتدا، مۆسکۆ لە دانوستانە دیپلۆماسییەکاندا سەبارەت بە ئێران لە بنەڕەتدا وەک بەرگریکاری تاران مامەڵە دەکات، ئێرانیش لەم دۆخەدا زیاتر داوای پشتیوانیی دیپلۆماسی لە هەر دوو ڕووسیا و چین دەکات. گومانی تێدا نییە، کە مۆسکۆ لە پاڵپشتیی دیپلۆماسی زیاتر تێدەپەڕێت، بەتایبەتی لە پێشکەشکردنی جۆرەکانی تری هاوکاری بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، لە هەمان کاتدا بەردەوام دەبێت لە بانگەشەی ناوبژیوانێکی بێلایەن. لە ئێستاوە سووتەمەنی بۆ وێستگەی ئەتۆمیی بوشێهر دابین دەکات و دەتوانێت زیاتریش دابین بکات. هەروەها دەتوانێت تەکنەلۆژیا و شارەزای ئەتۆمیی زیاتر بنێرێت، چ بە نهێنی و چ بە ئاشکرا، کریملین لە مێژە بانگەشەی ئەوە دەکات؛ کە ترسی خۆرئاوا لە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران زیادەڕەویی تێدا کراوە، کریملین زیاتر نیگەرانە لەوەی کە ئێران ببێتە هاوپەیمانی خۆرئاوا، نەک چۆنێتیی توانا ئەتۆمییەکانی. جگە لەوەش، ڕووسیا و ئێران وەک دوو هاوبەش لە دوای شەڕی ئێران و ئیسرائیل، مانۆڕی دەریاییی هاوبەشیان ئەنجامدا، ئەمەش نیشانیدا تاران هەر وا پابەندە بە مۆسکۆوە، سەرەڕای گلەیییەکانی لە دوودڵی مۆسکۆ لە بەرانبەر شەڕەکەی حوزەیراندا.

لە ساڵانی ڕابردوودا، پەکین بە وردیی هاوسەنگیی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا کردوە و ڕاگرتوە، دڵنیایی دەدات لەوەی کە پەکین پێوەندییە پەرەسەندوەکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە و بە تایبەت وڵاتانی کەنداو تێک نادات. پێوەندییەکانی چین لەگەڵ ئێران سوودی بەرچاوی بۆ چین بە دەست هێناوە. دوای ئەوەی ئەمریکا لە ساڵی (2019)دا، سزای بە سەر پاڵاوگەیەکی نەوتی دەوڵەتی چیندا سەپاند، پەکین هەوڵیدا بە کڕینی نەوتی ئێران لە ڕێگەی تۆڕێکی ئاڵۆزی گواستنەوەی کەشتی بۆ پاڵاوگە نیمچە سەربەخۆکان، دەرئەنجامی کۆتاییی درێژەدان بە دەست ڕاگەییشتنی چین بە نەوتی ئێران بە نرخێکی خوار بازاڕ، کە سوودی نارێژەییی بۆ پەکین دروست دەکات، نزیکەی (90%)ی هەناردەکردنی نەوتی ئێران بۆ چین دەڕوات. لە بەرانبەردا ئێران سوودمەندە لە بازاڕێکی جێی متمانە، لە لایەن ئەندامێکی هەمیشەییی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕکابەرێکی ستراتیژی گەورەی ئەمریکاوە. هەروەها هێزە میلیشیاکانی پاشکۆی ئێران لە ناوچەکەدا، لەوانە حوسییەکان لە یەمەن، سوودیان لە دەست ڕاگەییشتن بە پێکهاتە چینییەکان وەرگرتوە. جگە لەوەش هێزی دەریاییی چین بە بەردەوامی مەشقی دەریایی لەگەڵ کەشتییەکان

ئەنجام دەدات. هەر پاڵپشتییەکی بەرجەستە، کە چین لە داهاتوودا پێشکەشی ئێرانی دەکات، لەو شوێنەوەیە، کە پەکین هیچ بەرژەوەندییەکی لە ڕووخانی ڕژێمی ئێراندا نییە، هاوکات نایەوێت بە پێشکەشکردنی پشتیوانیی ئاشکرا گرژییەکانی لەگەڵ دراوسێکانی ئێران پەرە پێ بدات. لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە، پەکین زیاتر لە ئامادەیی بەردەوام دەبێت لە دابینکردنی بەرگری بۆ ئێران لە کۆڕ و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکاندا، چوونکە بە تەواوی هاوتەریب دەبێت لەگەڵ ململانێ بەردەوامەکانی لە بەرانبەر ئەمریکا و خۆرئاوادا.

وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە ئێستادا سەرقاڵی بەدواداچوونە بۆ ئەگەری وەرگرتنی ڕۆڵی نێوەندگیریی چین، کە گفتوگۆیەک لە ناو وەزارەتەکەدا هەیە سەبارەت بە خواستی پەکین بۆ نێوەندگیری لە نێوان ئێران و ئەمریکا، وەک ئەوەی پێشتر لە ڕێککەوتنی ئێران و سعودیەدا کراوە. ئێران بۆ خۆشیان دەزانن؛ کە پێوەندییەکانی نێوان چین و ئەمریکا گرژی و ئاڵۆزی بە خۆیەوە دەبینێت، لایەنی چینییش لە میانی وتووێژەکانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران ئاماژەیان بەو خاڵی گرژییە داوە، بەڵام وتویانە پێکەوە هەوڵ دەدەین فۆرمولەیەک بدۆزینەوە، کە ڕێگە بدات ئەم نێوەندگیرییە ڕووبدات.

شەڕی ئێران و ئیسرائیل، هێڵە هەڵەکانی پێوەندییەکانی تارانی لەگەڵ ڕووسیا و چین ئاشکرا کرد. ئەمریکا لە بەرانبەردا هەوڵ دەدات ئەم هێڵە هەڵانە بقۆزێتەوە؛ بۆ ئەوەی ئێران بە لاوازیی بمێنێتەوە. جگە لە ئێران، هیچ وڵاتێکی ناوچەکە لە دوای (7)ی تشرینی یەکەمی (2023)ەوە پێگەی کەمبوونەوەی نەبینیوە، چوونکە هێزە پاشکۆکانی سەر بە ئێران لە چەک داماڵراون و بەرنامە ئەتۆمییەکەشی تێکچووە. پێگەی ڕووسیا و چین لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کاتێک بەهێزتر دەبێت، کە ئێران بەهێز بێت، لە کاتێکدا لاوازییەکەی دەبێتە هۆی دروستبوونی گرژیی سروشتی لە نێوان هەر سێ وڵاتی ئێران، چین و ڕووسیا. دوورخستنەوەی ڕووسیا و چین لە دانوستانە ئەتۆمییەکان و هەر دانوستانێکی داهاتووی نێوان ئەمریکا و ئێران، هەوڵدانی ئەمریکایە بۆ دەرکێشانی ئێران لە بازنەی ڕووسیا و چین. لە هەمان کاتدا بۆ هەر لایەنێک کە لەو بازنەیەدایە، ڕۆڵی پشکنینیان لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێراندا ڕەت دەکاتەوە، یانی ئەم بەرپرسیارێتییە دەبێت لە ئەستۆی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمیدا بمێنێتەوە. مۆسکۆ و پەکین هەوڵیان داوە خۆیان وەک ناوبژیوانی سیستەمێکی نوێی «هاوئاهەنگی»ی نێودەوڵەتی جێگیر بکەن. بەڵام ڕەفتارەکانیان تەواو پێچەوانەکەی

نیشـان دەدات، چوونکە زۆرجـار هەنگاوەکانیان وەها دەگرنەبـەر، کـە ململانێـکان تونـد دەکاتـەوە، یـان بـە ئاشکرا بەرژەوەندییەکانیان ڕەنگ دەداتەوە.

***

(عەلـی لاریجانـی) وەک سـکرتێری ئەنجومەنـی بـاڵای ئاسایشـی نیشـتمانی و جێنشـینی (عەلـی ئەکبەر ئەحمەدیان)، فەرماندەی سـوپای پاسـداران دەستنیشان کـرا، دانانـی (لاریجانـی) بـە سـکرتێری ئەنجوومەنـی بـاڵای ئاسایشـی نیشـتمانی، کـە پرسـە گرینگەکانـی وەک دانوسـتانی ئەتۆمـی، پێوەنـدی لەگـەڵ ئەمریـکا و خۆرئـاوا، ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ئیسـرائیل و سیاسـەتی ناوچەییـی ئێـران بەڕێـوە دەبات، لـە هەمان کاتـدا دەبێـت هەوڵـی بەهێزکردنـی پێوەندییەکانی ئێران لەگـەڵ چیـن و ڕووسـیا وەک دوو زلهێـزی دنیـا بـە پتـەوی ڕاگرێـت، هەروەهـا پێوەندییـە ناوچەییەکانـی لەگەڵ تورکیا، سـعودیە و پاکسـتان ڕێـک بخاتەوە، کار بۆ چارەسـەرکردنی کێشـە نێودەوڵەتییەکانـی ئێران، بە تایبەتـی پێوەندییەکانیـان لەگـەڵ خۆرئـاوادا بـکات. بـە دوای ڕاگرتنی شـەڕی حوزەیرانی ئەمسـاڵ، (لاریجانی) پشـتیوانییەکی بەرفراوانی لە ئاستی حوکوومەتی تاراندا هەیـە لـە بەدواداچوونی بۆ ئەو ئەرکانە، بـە تایبەتی کە سـوپای پاسـداران بـە لە دەسـتدانی فەرمانـدە باڵاکانی لـە کاتـی شـەڕدا زیانـی زۆری پێگەییشـت. (لاریجانی)،

پێشتر بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ (2005–2007) لە سەردەمی سەرۆکایەتیی (مەحمود ئەحمەدی نەژاد)دا سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی بووە. کارەکانی ئەم دواییەی لەوانە؛ سەردانەکەی بۆ ڕووسیا و کۆبوونەوەی لەگەڵ (ڤلادیمێر پوتین) لە (20)ی تەمموزدا، گریمانەیەکی توندی لێ کەوتەوە، کە دووبارە دەستبەکار دەبێتەوە، لە ئەنجامدا (مەسعود پزیشکیان) لە دوای شەڕی مانگی حوزەیران فەرمانی دامەزراندنی (لاریجانی) دەرکرد. دەرئەنجامی سەرەتاییی دەستبەکاربونی (لاریجانی) پەیامێکە بۆ لایەنە خۆرئاواییەکان، کە ئێران لە چوارچێوەی دیپلۆماسیەتدا تەماشای ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەکات.

گۆڕانکارییەکان لە نێوان زیادبوونی فشاری گشتیدا چاوەڕوان دەکران. ئاکامەکانی شەڕی ئاسمانیی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل لە مانگی حوزەیران لە کورت ماوەدا گەورەترین تەحەدای سەربازی بوو بۆ ئێران، لە دوای شەڕی لەگەڵ عێراقدا. (لاریجانی) لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، وەک ڕاوێژکاری (خامنەیی) چالاک بووە، پێش ڕووخانی (بەشار ئەسەد) گەشتی بۆ لوبنان و سووریا کردوە. ناوبراو لەم دواییانەدا پەیامێکی (خامنەیی) داوە بە (ڤلادیمێر پوتین)، پێشتر هەواڵەکان ئاماژەیان بەوە کردبوو، کە (پزیشکیان) هەوڵی گەڕاندنەوەی (لاریجانی)ی داوە بۆ پۆستی پێشووی. ئەم هەنگاوانەی

دەسـەڵاتدارانی ئێـران لـە دوای جەنگ گەڕانـە بە دوای سـەقامگیریدا، لـە کاتێکـدا (ناتانیاهۆ) تۆمەتبـارە بەوەی هەوڵی درێژکردنەوەی شەڕەکە دەدات بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی، ئەگەری ئەوە هەیە گێچەڵی تر بە ئێران بکاتەوە، ئێران پێویسـتی بە سەقامگیرییە تا هـەوڵ بدات لە هەر شـێواز و فۆڕمێکدا بێت دەسـەڵاتی کۆماری ئیسلامی بپارێزێت، گەر بتوانێت!.

جیـا لـەوەی ئێـران پـۆزی سـەرکەوتن لـێ دەدات، هەروەها لایەنە جیاوازەکان بە گشـتی و بە هاوبەشـی و یەکگرتوویـی لـە شـەڕەکەدا بەرگرییان کـرد، بەڵام دوای ئاگربەسـت، دۆخـی نێـو دەسـەڵاتی سیاسـی بۆ مامەڵـە لـە پاراسـتن و مانـەوەی دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی، وێنایەکی تر لە ئاڕاستەکان دەخاتە بەرچاو، کە پێویستیان بە کاتێکی زۆر هەیە تا بتوانن شێوازێکی گونجاو گەڵاڵە بکەن بۆ ئەوەی هێمای کۆماری ئیسلامی بـە هـەر بەهایەک بێـت بپارێزن، لە نێو ئـەو ململانێ و جەنجاڵییـەی ناوچەکـە بـە گشـتی و ئێران بـە تایبەتی تیایـدا قەتیـس بـووە، ناتوانرێـت دابینـی ئـەوە بکرێت، کـە لایەنـە جیاوازەکان بتوانن لە ڕێـرەوی هەوڵدان بۆ سەقامگیری و وەسـتانەوە لە ململانێکاندا یەکگرتووبن و سـەکەوتووبن!. ئەمـەش ئایندەیەکـی نادیـار دەخاتە بەردەم چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی لە تاراندا.

***

## ئاسایشی وزە و کەشتیوانی لە کەنداودا

نزیکـەی لـە سـەدا (35)ی نەوتی خـاوی دەریاییی جیهـان و لـە سـەدا (20)ی گازی سروشـتیی شـل (LNG) بـە گـەرووی هورمـزدا تێدەپـەڕن، گرینگیـی ئەم ڕێگەیە بۆ لایەنە سـەرەکییەکان، لەوانە سـعودیە، ئیماراتـی یەکگرتـووی عەرەبـی، عێـراق و قەتـەر، هەروەهـا بـۆ خودی ئێرانە. پرسـیارێکی سـەرەکی لە نێـوان ململانێی بەردەوامی نێوان ئێران و ئیسـرائیلدا، بە تایبەتی بە ڕۆڵ و پشتیوانیی ئەمریکا ئەوەیە، کە ئایا ئـەو ململانێیە هەناردەکردنی لە کەنـداوەوە لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە تێک دەدات؟ یان لە ژێر کۆنترۆڵی کۆمـاری ئیسـلامی دەردەهێنرێت؟، ململانێـی ئێران و ئیسـرائیل چۆن دوای وەسـتانی جەنـگ کاریگەریی لە سەر ئاسایشی وزە و کەشتیوانی لە کەنداودا دەبێت؟

لە شـەڕی دوازدە ڕۆژەی ئەمریکا و ئیسـرائیل لە بەرانبەر ئێراندا، هەر چەندە هەندێک کەشتی ڕێڕەویان گـۆڕی و بـە گـەرووی هورمـزدا تێنەپـەڕیـن، بـەڵام بازرگانـی بـەردەوام بـووە. جگـە لەوەش، سـیناریۆی وەڵامـی ئێـران لـە (23)ی حوزەیـران بۆ هێرشـەکانی ئەمریـکا، کە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی بنکەی ئاسـمانی ئەلعودەیدی لە قەتەر کردە ئامانج، ئەمەش بە هەنگاوێک بۆ بە کەم ڕۆیشتنی وزە لێکدرایەوە. ئەگەر ململانێکان زیاتـر فـراوان بێتـەوە، مەترسـییەکان لە سـەر وزە و

بەرژەوەندییە دەریاییەکان بە بەرزی دەمێننەوە، جگە لەوەش، لە کاتێکدا سەرنجی جیهانی لە سەر ڕۆیشتنی وزە لـە کەنـداودا چـڕ بووەتـەوە، پرسـیاری گەورەتر ئەوەیـە، کـە چـۆن بەردەوامیی ململانێ لـە ناوچەکەدا دەتوانێـت ئاسایشـی وزە و جووڵـەی بازرگانـی لـە مەترسیدا بهێڵێتەوە؟، سەردانەکەی (ترامپ) بۆ کەنداو لە مانگی ئایاردا، کە ئاسانکاری بۆ واژۆکردنی چەندین گرێبەسـتی وزە و تەکنەلۆژیا کرد، تیشـکی خسـتوەتە سەر ئەو دەرفەتانە و گرفتەکانی، بە تایبەتی هاوبەشیی تەکنەلۆژیا و وزە پێویستیان بە ئاسایش و سەقامگیری هەیە. ئیدانەکردنی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لـە لایـەن سـعودیە و ئیماراتـی یەکگرتـووی عەرەبی، شتێکی سەرسـوڕهێنەر نەبوو، لەوەتەی کۆمەڵکوژیی غەززە لە ئۆکتۆبەری (2023)، شەڕی لە سەرانسەری ناوچەکـەدا هەڵگیرسـاندوە، دەوڵەتەکانـی کەنـداو هەوڵیانداوە بۆ پاراسـتنی خۆیان لە کاردانەوەکان، کە ڕاسـتەوخۆ لەگەڵ ئاڕاسـتەیان بۆ ڕێـرەوی ئابووری، وزە و تەکنەلۆژیـا ناکـۆک بـووە، تەنانـەت لە دەریای سووریشـدا، کـە حوسـییەکان بازرگانیـی جیهانیان بە تونـدی پەکخسـتوە، ڕیـاز و ئەبوزەبـی مانەوەیـان لە پەراوێزدا هەڵبژاردوە، بەڵام ناتوانن شـەڕی ئاسمانیی ئێسـتا لە سـەر کەنداو پشـتگوێ بخـەن و دان بەوەدا دەنێـن، کـە شـەڕێکی درێژخایـەن یان گۆڕینـی ڕژێم

لە ئێراندا، دەتوانێت کاریگەریی لێدانی لە ناوخۆ و ناوچەکەدا هەبێت.

بە گشتی ئەمریکا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هاوپەیمانیی جیهانییەوە پێشەنگیی خۆی لە بواری زیرەکیی دەستکرددا بەرز بکاتەوە. هەر دوو وڵاتی ئیمارات و سعودیە، کە هەردووکیان هەوڵی گۆڕینی ئابووریی خۆیان دەدەن، ئاواتەخوازن ببنە ناوەندی (AI) و هاوبەش لە هەوڵەکانی ئەمریکادا. تەنها مانگی ڕابردوو، واشنتۆن و ئەبوزەبی ڕێککەوتن لە سەر چوارچێوەی «هاوبەشی خێراکردنی (AI)ی ئەمریکا و ئیمارات»، بۆ فراوانکردنی هاوکارییەکان لە تەکنەلۆژیا گرینگەکاندا. یەکێک لە پرۆژە دیارەکان سندوقی سەروەت و سامانی سەروەری سعودیە (کە بە سندوقی وەبەرهێنانی گشتی ناسراوە) لەگەڵ «گووگڵ کلاود» جووت کردوە بۆ دروستکردنی ناوەندێکی زیرەکیی دەستکرد لە نزیک دمام، لە خۆرهەڵاتی سعودیە لە کەنارەکانی کەنداودا. ئەگەر دۆخی ناجێگیری ناوچەکە زیاتر تێکبچێت، ئەوا دەوڵەتانی کەنداو لەگەڵ گۆڕینی ئابوورییەکانیان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری دەبنەوە. هەر چەندە لە شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێراندا بە پلەی یەکەم سەرنجیان لە سەر ئەو شوێنانە بوو، کە پێوەندییان بە بەکارهێنانی ناوخۆییەوە هەبوو، نەک ژێرخانی بەرهەمهێنانی گرینگ و هەناردەکردن.

تا ئێستا هەر دوولایان هێرشەکانیان سنووردار کردوە بۆ سەروەت و سامانی وزەی یەکتر، لە نێو ئامانجەکانی ئیسرائیلدا یەکەی پرۆسێسکردنی غازی پارسی باشوور و کۆگایەکی سووتەمەنی و تانکی عەمبارکردن لە پاڵاوگەیەکدا بوون، هاوکات مووشەکەکانی ئێران پاڵاوگەی حەیفای ئیسرائیلیان ناچارکرد دابخرێت. دوای هێرشە ئاسمانییەکانی (22)ی حوزەیرانی ئەمریکا بۆ سەر ژێرخانی ئەتۆمیی ئێران، لەوانەش دامەزراوەی پیتاندنی فۆردۆ، ئێران هاوکاتی سیناریۆی لێدان لە بنەکەیەکی ئەمریکا لە قەتەر، هەڕەشەی بەستنی گەرووی هورمزیشی دەکرد.

واتە گەر ئێران بیەوێت هێرش بۆ سەر کەشتییە پێوەندیدارەکانی ئەمریکا بکات لە گەرووی هورمزدا، تەنانەت هەڕەشەیەکی زارەکیش لەم بارەیەوە لە تارانەوە، دەتوانێت بەس بێت بۆ ناچارکردنی هەندێک کەشتیی وڵاتانی تر بۆ ڕاگرتنی تێپەڕینیان بە ناو کەنداودا، کە ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی گرژی لە نێوان کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتانی کەنداو و ئەو وڵاتانەی سودمەندن لە تێپەڕین بە گەرووی هورمزدا، ئەمەش لە ئاکامدا ناتوانێت خاڵێکی بە هێزی ململانێی ئێران بێت لە بەرانبەر ئەمریکا و ئیسرائیلدا، دەتوانین بڵێین بڕیارێکی لەو چەشنە دەبێتە هۆی زیاتر

گۆشـەگیربوونی ئێران لە جیهاندا و بە زیان بە سـەر خۆیدا دەشـکێتەوە. داخسـتنی گەرووی هورمز دەبێتە هـۆی ناسـەقامگیریی زیاتـری ناوچەکە و بـازاڕەکان. گومانـی تێـدا نییـە، کـە ئەگـەری داخسـتنی گـەرووی هورمـز لـە لایـەن ئێرانـەوە کارێکـی سـەختە و بـۆی جێبەجـێ ناکرێـت، بە لـە بەرچاوگرتنی ئەو کێشـانەی کە داخسـتنی ئەو گـەروە دەتوانێت دروسـتیان بکات، هـەر چەندە تاران چەندین جار هەڕەشـەی کردوە، بە بـێ ئەوەی کاری لەسـەر بـکات. سـعودیە و ئیماراتی یەکگرتـووی عەرەبـی و هەناردەکارانـی دیکەی نەوت و غـازی کەنـداو، زۆر پشـت بـەم گەروە دەبەسـتن و تەنانـەت داخسـتنی کورت ماوە ئابـووری و هەروەها بـازاڕە جیهانییەکانیان دەهەژێنێـت. ئێران بۆ خۆی بۆ هەناردەکردنـی نەوت پشـت بە هورمز دەبەسـتێت، لە ماوەی ململانێی ئێستادا بەردەوامە و هەناردەکردنیش بـە بەهێزی ماوەتەوە، بە گوێرەی ڕاپۆرتی کۆمپانیای هەواڵگریـی بـازاڕی کلێر، ئێران لە مـاوەی ڕابردوودا، هاوکاتی شـەڕی لەگەڵ ئیسرائیلدا نزیکەی دوو ملیۆن و (200) هـەزار بەرمیـل نەوتـی خـاوی لـە ڕۆژێکـدا هەنـاردە کـردوە. بـە تایبەتـی بـە دوای ئـەوەی ئێران لـەم شـەڕی دوازدە ڕۆژەیـەدا، کە زیانێکـی گەورەی بێوێنـەی بـە خۆیـەوە دیـوە، نـەک ناتوانـێ بەسـتنی گـەرووی هورمـز بکاتـە ئامرازی چەکێکی بـە توانا لە

بەردەوامیی ململانێی لە بەرانبەر ئەمریکا و ئیسرائیلدا، بەڵکوو دەبێتە چەکێکی دژ بە خۆی و تەواو بنبەستی دەکات، جگە لەوەش هەر یەک ڕووداوی دەریایی لە کەنداو، بەس دەبێت بۆ ئەوەی بازاڕی نەوتی جیهانی لە لێواردا بمێنێتەوە و تەواوی ناوچەکە بە ناسەقامگیریی بهێڵێتەوە.

هەر چەندە ڕژێمی ئێران لە چەند دەیەی ڕابردوودا چەندین جار هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمزی کردوە، بەڵام هەرگیز ئەو کارەی نەکردوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی؛ یەکەم: ئێران بۆ هەناردەکردنی وزەی خۆی زۆر پشت بەو گەروە دەبەستێت. دوەم: وڵاتانی دیکەی ناوچەکە لە کاتی قەیرانە جۆراوجۆرەکاندا بە فەرمیی پشتیوانیی ئێرانیان کردوە، کە داخستنی گەروەکەش دەتوانێت پاڵیان بنێتە ناو بازنەی ئیسرائیلەوە. سێیەم: ئێران، کە بە فەرمیی کۆنترۆڵی گەرووی هورمزی کردوە، بەڵام لەگەڵ عومان هاوبەشە، کە وڵاتێکی بێلایەنە و میوانداریی دانوستانەکانی ئەم دواییەی لەگەڵ ئەمریکادا کرد. ئەگەر تاران بە شێوەیەکی تاکلایەنە گەرووی هورمز دابخات، ئەوە هاوبەشبوونی لەگەڵ عومان پێشێل دەکات. چوارەم: داخستنی گەروو، حوکوومەتی چین ناڕەحەت دەکات، کە تاکە کڕیاری نەوتی ئێرانە. لە لایەکی تریشەوە؛ بە هۆی ناتەباییی دەسەڵات، لە نێوان ئێران بەرانبەر

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، مەترسی لە سەر گەرووی هورمز بە نزمی دەمێنێتەوە. هەروەها تاران پێویستی بە پاراستنی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ باقی وڵاتانی کەنداو هەیە، بۆیە لە کاتێکدا کە ڕژێم ڕەنگە هەندێک هەنگاو بنێت بۆ هەراسانکردنی هاتوچۆی تانکەرەکان، بەڵام تەنیا بە شێوەیەکی سنووردار، وەک دوا ڕێگا ئەو کارە دەکات. ئەوەی شایانی باسە پێ دەچێت ئاگربەستەکەی دوای دوازدە ڕۆژی شەڕ بەردەوام بێت، چوونکە هەموو لایەنەکان بە ئاشکرا خۆیان بە سەرکەوتوو ڕاگەیاندوە و هیچیان بەرژەوەندییان نییە لە درێژەدان بەو شەڕە لە ئێستادا، بەڵام لە پشت پەردەوە هەڕەشەکان و بەردەوامیی توندی ململانێکان، وەها نیشان دەدات دۆخی شەڕەکە دوورە لە کۆتایی. هەروەها دەکرێت ئاگربەستەکە ببێتە بنەمایەک بۆ ڕێککەوتنێکی فراوانتری ئەمریکا و ئێران، یان تەنانەت دووبارە دامەزراندنەوەی پێوەندییە فەرمییەکانی نێوان هەر دوو وڵات. (ترامپ) ڕای گەیاندوە؛ کە پێویست بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ناکات، بە ئاماژە بەوەی کە هەموو دامەزراوەکانی ئێران لەناو چوون، بەمەش دەیەوێت وەهای نیشان بدات، کە دەتوانێت ئێران بخاتە ناو بازنەی کۆنترۆڵی خۆیەوە!.

دەوڵەتانی کەنداو پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران بەڕێوە بردوە؛ بۆ دڵنیابوون لەوەی کە شوێنەکانی وزە

لە کاتی قەیرانەکانی وەک شەڕی ئەم دواییەدا نەکرێنە ئامانج. بە هەمان شێوە حوسییەکانی یەمەن، کە لە لایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن، لە ئاداری (2023)وە، کە ڕیاز پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران ئاسایی کردەوە، خۆیان لە هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ژێرخانی وزەی کەنداو یان دابینکردنی نەوتی خاو بە دوور گرتوە. نە تاران و نە حوسییەکان نایانەوێت ئەم پێوەندییە بخەنە مەترسییەوە. جگە لەوەش سەرکردەکانی ئێران، سعودیە و ئیمارات وەک وڵاتێک وا دەڕوانن، کە کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە بۆ کاریگەریکردن لە سەر ئاگربەست لە بەرژەوەندیی تاران، تەنانەت هێرشی تۆڵەسەندنەوەی ئێران بۆ سەر بنکەی ئەمریکا لە قەتەر، بە وردی ڕێکخرابوو و پەیامی بۆ ئارامکردنەوەی دۆحە و پایتەختەکانی دیکەی کەنداو لەگەڵدا بوو.

حوکوومەتی ئێران لە دوای ئاگربەست لە نێو ململانێی جیهانیدا، چۆن وەڵام بە دۆخی نالەباری ئێستای ئێران دەداتەوە و دەتوانێت چی بکات، بە تایبەتی کە لە قەیرانێکی ئابووریی قوڵدایە، خواستی ڕووخانی ڕژێم فروانتر بووە و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان شێوەگرتووتر دەبێت، لە هەمان کاتدا، ئەگەری شەڕی بە وەکالەت ناوەستێت ئەگەر ئاگربەستەکەش بەردەوام بێت. ئیسرائیل لە ئێستادا وا

نیشـان دەدات بە ئامانجەكانی گەییشـتوە، بەڵام ڕەنگە ئـەم ڕەزامەندییـە بـەردەوام نەبێـت، ئەگەر ئیسـرائیل هەسـت بـە مەترسـی بـكات، لەوانەیـە ئامانجەكانـی فراوانتـر بـكات و دامەزراوەكانـی هەناردەكردنـی وزەی ئێرانیش بگرێتەوە، سـیناریۆیەكی لەو شـێوەیە مەترسـیی پچڕانـی فیزیكـی بـۆ بازاڕەكانـی وزە زیاد دەكات. هەڵبەتـە ئیسـرائیل ناوەسـتێت لـە هەوڵـدان بـۆ پەكخسـتنی زیاتـری بەرنامـەی ئەتۆمیـی ئێران و توندكردنەوەی ململانێكانیان تا ئەگەری تێكدانی ڕژێم، بە تایبەتی كە كێشەكانی لەگەڵ حەماس و بەردەوامیی هێرشـی دڕندانـەی بـۆ سـەر غـەززە و برسـیكردنی دانیشتوانەكەی، (ناتانیاهۆ) و سەركردایەتیی ئیسرائیلی زیاتر خسـتوەتە ژێر پرسـیارەوە، بۆیـە ئەگەری ئەوە هەیـە (ناتانیاهۆ) و ئیسـرائیل جارێكـی تر بارگرژی لە ناوچەكـەدا فراوان بكەنەوە و ئێران كێش بكەن بۆ ناو شـەڕێكی تر.!

***

**ڕۆڵی توركیا لە ململانێی نێوان ئیسرائیل و ئێراندا!**

زیاتـر لـە دە سـاڵە پێوەندیـی توركیـا لەگـەڵ ئیسـرائیلدا گرژی قووڵی بە خۆیەوە بینیوە، لە هەمان كاتـدا چەندیـن سـەدە قۆناغـی دوژمنایەتیـی ئاشـكرا، یـان كێبڕكێـی لەگـەڵ ئێراندا هەبـووە، بـەم پێیەش لە

ئێستادا لە بەرژەوەندیی هیچ کام لە ئیسرائیل و ئێران هەڵوێستی نەگرتوە. لە شەڕی ئەم دواییەی هەر دوو وڵاتـدا ئەوەمان بـۆ دەردەخات، کە ئەنقـەرە لایەنگری ئەوەیـە نفـوزی ئەتۆمیـی ئێران سـنووردار بکرێت، لە لایەکی تریشـەوە نیگەرانی سەرسـەختی باڵادەسـتیی سـەربازیی ئیسـرائیلە لە ناوچەکەدا و ترسـی هەیە لە دەرئەنجامی ئەگەرەکانی دارمانی کۆماری ئیسلامی لە ژێر فشاری ئەمریکا و ئیسرائیلدا.

لە سەردەمی ئەردۆغانەوە، ئێران و تورکیا لە سووریا خەریکی ململانێیەکـی درێژخایەنی بە وەکالەت بوون، تاران پشـتیوانیی لە ڕژێمی ئەسـەد دەکـرد و ئەنقەرە بەتەنگ پشتیوانیی ئۆپۆزسیۆنەکانەوە بوو، بەڵام ئەمە دوو ڕۆڵـی جیاوازە هیـچ گۆڕانکاری و کاریگەرییەکی لـە بیرکردنـەوەی سـتراتیژییان لـە تـەواوی ناوچەکە نەکـردوە، وەک دوو زلهێـزی هەرێمـی و یەکسـان لـە دەسـەڵاتدا و یەکسـان لـە هاوسـەنگیدا مامەڵـەی یەکتریـان کردوە، بـەو هۆیەوە خۆیان لە دوژمنایەتیی ڕاسـتەوخۆ بـە دوور دەگرن. بـە لەبەرچاوگرتنی ئەم هاوسـەنگییە مێژووییـە و ڕکابەری هەر دوولایان بۆ دەسـتتێوەردانیان لە ناوچەکـە، بیرۆکەی بوونی ئێران بـە هێزێکـی ئەتۆمـی لای تورکیـا، هێڵێکـی سـوور و مەترسـیداربووە. ئەگەر تاران سـوودێکی لەو شێوەیە بە دەسـت بهێنێت، ئەوا بە شـێوەیەکی کاریگەر ئێران

هاوسەنگیی هێزی سێ سەدە لە بەرانبەر تورکیا کۆتایی پێ دەهێنێت. بۆیە ئەنقەرە بە شێوەیەکی گشتی پشتیوانیی لەو ڕێوشوێنانە کردوە، کە ئامانجیان ڕێگریکردنە لە بە ئەتۆمی بوونی ئێران. ئێران و تورکیا هەر لایەکیان پەیوەست بە سیاسەت و بەرژەوەندییان لە ناوچەکەدا بە شێوازی جیاواز دژایەتیی ئیسرائیلیان کردوە. ئەوەی جێگای سەرنجە، پێوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل لە سەردەمی ئەردۆغاندا بە شێوەیەکی بەرچاو تێکچوو، ئەو سیاسەتەی تورکیا ڕوو بە دەرەوە پەیڕەوی دەکرد، پشتکردنە ئەورووپای ناوەندی و دەست هەڵگرتن لە یەکێتیی ئەورووپا و ڕووکردنە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوو، دەتوانین بڵێین لەم پرۆسەی ئاوێزانبوونەی بە ناوچەکەوە، لە هەمان کاتدا وەک ڕکابەرێکی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاوی ناوە.

هەر لە ساڵی (2006)، ئەردۆغان بە میوانداریکردنی شاندێکی تاقمی تیرۆریستی حەماس گرژی و ئاڵۆزییەکانی لە بەرانبەر ئیسرائیل هەڵگیرساند. کاتێک هێزەکانی ئیسرائیل هێرشیان کردە سەر کەشتییەکی تورکیا لە ساڵی (2010)دا، کە ئیسرائیل هەوڵی دەدا شکاندنی گەمارۆی کەرتی غەززە لە ژێر کۆنترۆڵی حەماسدا دەربهێنێت، هەشت هاوڵاتیی تورکیا و دوو هاوڵاتیی ئەمریکی کوژران. بە دوایدا،

پێوەندییەکانـی تورکیا و ئیسـرائیل بە تـەواوی دارما، هەروەهـا بەردەوامیی دەسـەڵاتی (ناتانیاهـۆ)، بەوەی پەرچەکـرداری بەرانبـەر دەسـتتێوەردانی تورکیـا لـە ناوچەکە نیشان دەدا، تێکچوونی پێوەندییەکانی خێراتر کـرد، ڕق و کینـەی قـووڵ و وەسـتانەوەیان بەرانبـەر یەکتـر، کە نێوانـی (ناتانیاهۆ) و (ئەردۆغان) گەییشـت بەوەی گەڕاندنەوەی پێوەندییە هەمیشەیییەکانی نزیک کـردەوە لـە مەحـاڵ. هـاوکات ئیسـرائیل کەناڵەکانـی پێوەندیـی لەگەڵ (هەسـەدە) دامەزراند، ئەم هەنگاوەی ئیسرائیل وەک بەشێک لە وەڵامدانەوە بە پێوەندییەکانی ئەنقەرە بوو لەگەڵ حەماسدا. ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابـردوو زیاتـر پێوەندیی نێـوان تورکیا و ئیسـرائیلی ئاڵۆزترکـرد، لـە مانگـی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ڕابردوودا، تورکیا یارمەتیی هێزی میلیشیای (ئەحمەد شـەرع)یدا و گەیاندنـی بـە ڕووخاندنـی (ئەسـەد)، بەمـەش دیمەشـق کەوتە دەسـت گروپە ئۆپۆزسـیۆنە میلیشـیاکان بە سـەرۆکایەتیی (هەیئەت تەحریر) شام، ئەم هەنگاوەش داڕێژەرانی سیاسەتی ئیسرائیلی تووڕە کـرد و هەندێکیـان بـەو ئەنجامە گەییشـتن، کە تورکیا یەکێـک لە ڕکابەرە سەرسـەختەکانی ڕۆڵی ئیسـرائیلە لـە ناوچەکـەدا، بـە تایبەتـی دوای ڕووخانی (ئەسـەد) و دەسـتتێوەردانی ڕاسـتەوخۆ و بەردەوامـی تورکیـا لە سـووریا ئـەم حاڵەتی بارگـرژی و ململانێیەی هەر

دوولای بەرجەستەکردوە. لە هەمان کاتدا، بۆ ئەنقەرەش هەمان هەستی پەرچەکردار لە بەرانبەر ڕۆڵی ئیسرائیل ڕاگەیەنرا، کە هێزە سەربازییەکانی ئیسرائیل لە تشرینی یەکەمـی (2023)وە نیشـانی داوە، هەر لە وێرانکردنی سـەرکردایەتی و ژێرخانـی حەمـاس و حیزبوڵڵا تا بە ئامانجکردنـی فەرمانـدە بـاڵا سـەربازییەکانی ئێران و کۆنترۆڵکردنـی تـەواوی ئاسـمانی ناوچەکـە، ئەمـەش دەکاتە ئەوەی ئیسـرائیل جەمسـەرێکی مەترسیدارە و جێـگای هیـچ متمانەیەک نییـە لە بەرانبەر تورکیاشـدا. هـەر چەنـدە ئەنقـەرە دژایەتیـی هـەر هەنگاوێکی تری سـەربازیی ئیسـرائیل لە دژی ئێران دەکات و نیگەرانە لە هەر کردارێکی سـەربازیی ئیسـرائیل لە ناوچەکەدا، بەڵام هێشـتا پێدەچێت زیاتر پشـتیوانی لە ڕێوشـوێنە ناسەربازییەکانی ئەمریکا بکات؛ کە بە ئامانجی کۆتایی هێنانـی تەماحـە ئەتۆمییەکانی تارانە، بە یەکجارەکی و بۆ هەمیشە، لەوانەشە تەنها لە ڕێی دانوستان، وتووێژ و فشاری ئابووری و سزای زیاترەوە، نەک بۆردومان و هێرشـی سـەربازی، بۆیە ئەگەر (ترامپ) پابەند بێت بە ڕێبازی دیپلۆماسی و فشار بخاتە سەر ئیسرائیل بۆ ئـەوەی هەمان کار بکات، ئەوا ئەگەری هاوپەیمانییەک لە نێوان تورکیا و ئیسرائیلدا پەیدا دەبێت.

بەڵام لەو حاڵەتەشدا بۆ واشنتۆن ئەوە گرینگە، کە متمانـەی ئـەوەی هەبێـت تورکیا دەتوانێت یـان تەواو

قەبووڵی بکات، بچێتە ناو سنووری بازنەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، دۆخێکی ئارام بۆ دەوری باڵادەستی و سەرمایەگوزاری بۆ ئەمریکا لە ناوچەکەدا پەیڕەو بکەن، لایەنەکان دڵنیایی ئەوە بدەن، کە لە ئەگەری پەرەسەندنی سەربازیدا خۆیان بە دوور بگرن. تورکیا لە ئێستادا نزیکەی چوار ملیۆن پەنابەری لە خۆ گرتوە، کە زۆربەیان خەڵکی سووریا و وڵاتانی ناسەقامگیرن و باش دەزانێت، کە هەڵکشانی سەربازی لەگەڵ ئێران دەتوانێت ببێتە هۆی لێشاوی زیاتری پەنابەران. هەر چەندە زۆربەی ناوەندە گەورەکانی دانیشتوانی ئێران بە سەدان میل لە سنووری تورکیاوە دوورن، بەڵام زۆرێک لەو هاوڵاتییانەی کە لە ماوەی دەیان ساڵدا لە کۆماری ئیسلامی هەڵهاتوون، تورکیایان وەک پەناگەیەکی پەسەندکراوی خۆیان هەڵبژاردوە، وەک ڕێڕەوێک بەرەو ئەورووپا و ئەمریکا، کە دۆخی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دۆخێکی وەها نالەبار پێشبینی دەکرێت، بە ملیۆنان ئێرانی ڕووبکەنە تورکیا. هەروەها ئەوەش کە زیاتر جێگای نیگەرانیی ئەنکارایە ئەو لایەنە ئۆپۆزسیۆنانەی ئێرانە، کە لە هەمان کاتدا دژی حوکوومەتی تورکیان، دارمانی ڕژێمی ئێران بقۆزنەوە لە پلاندانانی هێرشی سنوور بەزاندن بۆ سەر تورکیا، وەک پێکهاتنی هێزی میلیشیای ئیسلامی و لایەنگرانی

(پەکەکە) بۆ تێکدانی ئاسایشـی تورکیا بە بەکارهێنانی خاکـی ئێـران. (ئەردۆغـان) زۆر سوپاسـی (ترەمـپ) دەکات، کە سـزاکانی سـەر سووریای هەڵپەساردوە و (ئەحمەد شـەرع) لە لیسـتی تیـرۆر دەرهاتوە، ئەمەش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ سەقامگیرکردنی سنوورە دوورودرێژەکانـی لە باشـووری تورکیا، جگە لەوەش بڕیارەکانـی (ترەمـپ) و هەڵوێسـتە ڕاگەیەنـراوەکان سـەبارەت بـە نەڕووخانـی ڕژێـم تـا ڕادەیـەک لەگەڵ هێڵـی سـووری (ئەردۆغـان) سـەبارەت بـە ڕووخانی دەوڵەتـی ئێـران یـەک دەگرێتـەوە، بۆیـە پێدەچێـت (ئەردۆغـان) زیاتـر هاوتەریـب بێـت لەگـەڵ پلانـە دیپلۆماسـییەکانی ئیـدارەی (ترەمـپ) بەرانبـەر ئێران. ئەوەش شـاراوە نییـە، کە (ئەردۆغان) سـوکایەتیی بە حوکوومەتی (ناتانیاهۆ) دەکات و زۆرجار قسەی توند لە دژی ئۆپەراسـیۆنە سەربازییەکانی ئیسرائیل بەکار دەهێنێت. لەم دواییانەدا (ناتانیاهۆ)ی بە «گەورەترین بەربەسـت لە بەردەم ئاشـتیی ناوچەکە» وەسـف کرد و هەڵسـوکەوتی ئیسـرائیلی بـە «باندێکـی ئاشـکرا» بـەراورد کـرد. دەسـتپێکردنەوەی گفتوگۆکانـی نێوان ئەمریـکا و ئێـران هاوکاریـی پڕۆسـەی دیپلۆماسـی دەکات، کـە لەم بارەیەوە بە گشـتی دۆخی ناوچەکە و چاوەڕوانی لایەنەکان بەسـتراوەتەوە بەو دانوستانەی کە دەبێت ئەمریکا و ئێران ئەنجامی بدەن، کە تا ئێستا

لـەو بارەیـەوە كاتێكـی گونجـاو دیاری نەكـراوە، هەر بۆیە دۆخەكە بە گشـتی بە هەڵواسـراوی و نارۆشـنی ماوەتـە، تـا باسـكردن لـەوەی ئەگـەری ئـەوە هەیـە شـەڕەكە ڕوویداتەوە.

لە هەمان كاتدا، چاوەڕوان دەكرێت ئەمریكا تەواوی پرسـەكانی ئێران بخاتە نێو وتووێژە سـتراتیژییە دوو قۆڵییەكانـی لەگـەڵ توركیـادا، تـا بـۆ ڕێككەوتن لەگەڵ توركیـا جەخـت لـە سـەر ئـەوە بكاتـەوە، كـە ئامانـج لێـی ڕووخاندنـی ڕژێمـی ئێـران نییـە، بەڵكـوو فشـار خستنەسـەریەتی بـۆ ئـەوەی لاواز بێـت، دواجـار واز لـە تەماحـە ئەتۆمییەكانـی بهێنێـت، دەرئەنجامێـك كە بەرپرسـانی توركیاش پشتیوانیی لێ دەكەن، هەروەها ئەمریـكا هـەوڵ دەدات ئیسـرائیلیش پاپەنـد بـكات بەو ئەنجامگیرییەی كـە ئەمریكا لەگەڵ ئێراندا ڕێكبكەوێت. كۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران، هیـچ كات وەك ئێسـتا لـە پێگەیەكـی وەهـا لاوازدا نەبـووە، دووبارەبوونـەوەی لێدانـی یـەك لـە دوای یـەك دەتوانێـت بـەرەو لێواری داڕمانی بەرێت. لەم سـیناریۆیەدا توركیا دەرفەتێك لە دەسـت دەدات بۆ دەستەبەركردنی بەرژەوەندییەكانی، ئەگەر ئیسـرائیل شـەڕی ئاسـمانی خۆی نوێ بكاتەوە، مەترسـیی هاوشـێوەی دوازدە ڕۆژی شـەڕەكە زیاتر دروسـت دەبێتـەوە. لە هـەر حاڵەتێكدا، گەر واشـنتۆن پشـت بـە پێوەندیـی ڕاسـتەوخۆی نێـوان توركیـا و

ئیسـرائیل ببەستێت تا گرژییەکانی هەر دوولایان پەرە نەسەنن، بۆ تورکیا ئەوە کارسازترە ئیدارەی (ترەمپ) کار لـە سـەر بەهێزکردنـی هەوڵـە بەرفراوانەکانـی بۆ دروسـتکردنی متمانـە لـە نێـوان ئیسـرائیل و تورکیـا بەرجەسـتە بکاتـەوە. بـە کۆکردنـەوە و ڕێککەوتنـی هـەر دوولا بـۆ گفتوگـۆی زیاتـر لـە سـەر چالاکییـە سـنووربەزێنەکانی ئەنقـەرە لـە باکـوور و باشـووری سـووریا، کـە سـەرچاوەیەکی دیکـەی گرژیـی هـەر دوولایەنـە. (ئەردۆغـان) هـەوڵ دەدات بـە بێدەنگـی ململانێـکان وەک شـەڕی (12) ڕۆژەی ئـەم دواییەی نێوان ئیسرائیل و ئێران بقۆزێتەوە، هەم بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئەنقەرە لە ناوچەکەدا و هەم بۆ سـەرقاڵکردنی لە پرسـە ناوخۆییەکان. تورکیا هەڵکشـانی سەربازیی ئەم دواییەی نێوان ئیسرائیل و ئێران بە دەرفەتێک بۆ بەرزکردنـەوەی گرینگیی دیپلۆماسـیی خۆی دەزانێت، (ئەردۆغـان) ویسـتویەتی لـە ئیسـتانبوڵ میوانداریـی وتووێـژی ڕاسـتەوخۆی نێـوان بەرپرسـانی بـاڵای ئەمریکا و ئێران بکات، بەڵام ئەو هەوڵانە شکستی هێنا، جگە لەوەش بە گشـتی دۆخەکە بە جۆرێک ئاڵۆزی و بارگرژیی پێوە دیارە، وا پێدەچێت لە ئێستادا ڕێرەوی ڕووداوەکان لـە چاوەڕوانـی دانوسـتانی ئەمریـکا و ئێراندایە!.

# (2)
# ئایا تەواوی میلیشیاکان هەڵدەوەشێنەوە؟

شـتێک نەمـاوە لە سیاسـەتی ناوخـۆ و دەرەوەی عێراقـدا لـە دەسـتی ئێرانـدا نەبێت، هاوپەیمانیـی «چوارچێوەی هەماهەنگی»، کە پێکهاتەی دەسـەڵاتی سیاسـییە لـە بەغداد، گروپـی حیزبی و میلیشـیاکانی حوکمڕانـی عێـراق و حەشـدی شـەعبی، بـە تەواوی پاشـکۆ و دڵسـۆز و ملکەچـی ئێرانـن، سـەرکردەی لایەنەکانـی هەماهەنگی پێیـان وایـە؛ کـە لـە لایـەن کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـەوە ئـاو و هەوایـان بـۆ دابیـن دەبێـت، هـەر بۆیە تەواو چارەنووسـی خۆیان بـە هەموو شـێوەیەک گرێداوە بە ئێرانـەوە. لە دوای شـەڕی دوازدە ڕۆژە، هەوڵەکانـی ئێسـتای ئێـران لە چـاو سـاڵانی ڕابـردوودا بەرفراوانتـر دەردەکەوێت، نـەک تەنهـا بـۆ دابینکردنـی چەکـی پێشـکەوتوو بـۆ هاوپەیمانەکانـی، بەڵکـوو دامەزراندنـی سیسـتەمی هەواڵگـری و هەماهەنگـی، کـە ئۆپەراسـیۆنی سـێ قۆڵـی لـە نێـوان تـاران و حیزبوڵڵای لوبنـان و کوتلە عێراقییـەکان لـە خـۆ دەگرێت. ئـەم هەنگاوانـە دوای ئـەوە دێـت، کـە (عەلی لاریجانـی) سـەردانی بەغدای

کرد و لەگەڵ سەرکردە دیارەکانی کوتلە چەکدارەکان کۆبـووەوە، دیدارەکانـی لە بەیروت بـەردەوام بوون و لەگەڵ سـەرکردەکانی حیزبولـڵا وتوێژی کرد، ئەم کۆبوونەوانـە دوو بڕیـاری سـەرەکییان لێ کەوتەوە؛ کـە بریتیـن لـە پێکهێنانـی شـانەی هەماهەنگیی سـێ قۆڵی و پەرەپێدانی سیسـتەمێکی پێشکەوتووی چەک بۆ ئەو کوتلانە، لەوانەش تەکنەلۆژیای دروسـتکردنی چەکی ناوخۆیی لە ژێر چاودێریی ئێراندا.

تـاران لەبری ئـەوەی چاوەڕێی ئاڵوگـۆڕی دۆخی ناوچەکە و دانوسـتانەکانی بێت لەگەڵ ئەمریکا، هەوڵ دەدات جارێکی تر ژێرخانی سەربازیی نافەرمیی خۆی لە ناوچەکەدا بەهێز بکاتەوە و پێگەی هاوپەیمانەکانی بەهێزتر دەکات، وەک وەستانەوەیەک لە بەرانبەر ئەو فشارەی جەخت لە سەر چەکداماڵینی هێزە میلیشیاکان دەکات. ئـەم هەنگاوانـە لـە کاتێکدایە، کـە زیاتربوونی گرژییەکانـی نێـوان ئێـران و زلهێزەکانـی خۆرئـاوا و ئەمریـکا لـە پەرسـەندندایە، لـە سـەر پرسـی ئەتۆمی و سـەرهەڵدانەوەی هەڕەشـە سـەربازییەکانی نێـوان تەلئەبیب و حیزبوڵلا، کە فشـارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حەشـدی شـەعبی، ئەمـەش وا دەکات ئـەو ئەگـەرە پێشـبینی بکرێت کە پێکهێنانی شانەیەکی هەماهەنگیی سێ قۆڵی لە نێوان ئێران و هاوپەیمانەکانیدا دەتوانێت هەوڵـی گەڕانەوەی قۆناغێکی نوێـی ڕۆڵی ئێران بێت،

نەک تەنها لە لوبنان و عێراق، بەڵکوو لە سەرانسەری ناوچەکـەدا بـە گشـتی. هێـزە میلیشـیاکانی سـەر بـە ئێران، لە ناوچەکە بەرەو هەڵگرتنی چەکی پێشکەوتوو دەڕۆن، بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ هـەر پڕۆژەیەک بـۆ چەکداماڵیـن یـان تێکەڵکردنـی فراکسـیۆنەکان لـە ئامێـرە فەرمییەکانـی دەوڵەتـدا ڕەتدەکەنـەوە. سـەرەڕای هەوڵـە ناوخۆییەکانی لوبنـان و عێراق بۆ بنیاتنانەوەی چەمکی دەوڵەت، کە هاوکاتی زیادبوونی بارگـرژی و نائارامییـە، کـە ئەم پێداگرییـەی ئێران لە سـەر بەهێزکردنـەوەی میلیشـیاکانی دەتوانێـت ببێتە هـۆی دابەشـبوونی زیاتـر، کە ئاسـۆی سـەقامگیریی سیاسـی لـە هـەر دوو وڵات ئاڵۆزتـر بکات و پرسـی چەک لە دەسـتی دەوڵەتدا بکاتە شـەڕێکی درێژخایەن و ئەگـەری تەقینـەوە. بـە مانایـەک ئـەم هەوڵانـەی ئێـران ئـەوەی لێ دەکەوێتەوە، کـە هەموو هەوڵەکانی ئەمریـکا بـۆ پچڕاندنی پێوەندییەکانی عێـراق لە ئێران و دەرهێنانـی لـە تونێلی ئێران بێهـودە دەبن، تەنانەت ئەگەر ئەو هەوڵانە بگەنە ئاستی وێرانکردنی عێراق لە ڕووی داراییـەوە، دەتوانیـن بڵێین گـەر دۆخەکە بەم شـێوەیە تێپەڕێت، ئەوە عێراق و لوبنان لە پڕۆسـەی ململانێـی نێوان ئەمریکا و ئێراندا دەورانێکی سـەخت و دژوار بەسـەر دەبەن. هەڵبەتە ڕۆڵی کەسێکی وەک (نـووری مالیکـی)، لـە لایـەک بەسـتنەوەی تـەواوی

دامودەزگاکانی عێراقە بە ئێرانەوە، لە لایەکی ترەوە عێراقی بە یاسایەکەوە بەستەوە و قەتیسکرد، کە ئابوورییەکەی تا ئاستی مەرگباری دەڕژێنێت، لەوانە بڕینەوەی مووچە بۆ زیندانییانی سیاسی، شەهیدان، موجاهیدین و دەستبەسەرکراوانی ڕەفەح و ئەوانەی لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە و لە ڕووی سیاسییەوە دەربەدەر کراون، ئەمە جگە لە مووچەی چەکدارانی هێزەکانی حەشدی شەعبی، کە بودجەکەیان لە سێ ملیار دۆلار تێدەپەڕێت و بەردەوام لە زیادبووندایە، ئەمەش ئەو تاوانەیە کە (مالیکی) و هێزە شیعەکان عێراقێکی «نوێیان» لە پێوەند بە ئێران و حیزبوللای لوبنانەوە دامەزراند.

پێش ئەوەی ئەمریکا عێراق ڕادەستی ئێران بکات، کارگێڕی مەدەنیی دەسەڵاتی ئەمریکی، (پۆڵ بریمەر)، ئەنجومەنی حوکمڕانی دامەزراند، کە پێشەکییەک بوو بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی تایەفەگەری، مەزهەبی و قەومی، کە بە شێوەیەک داڕێژرا، کە بووە مایەی دەستکەوێکی گەورە بۆ لایەنە شیعەکانی سەر بە ئێران. واتە ئاشکرایە، کە پرۆژەکە لەو کاتەدا (100)% ئەمریکی بوو، ئێران ئەمریکای ناچار نەکرد دەسەڵات ڕادەستی شوێنکەوتوانی بکات، بەڵکوو ئەمریکا بە ڕاوێژکاری بەریتانیا ئەو کارەی ئەنجامدا، کە عێراق بخاتە ناو تەڵەیەکی تائیفییەوە کە بۆ

ماوەیەکی زۆر نەتوانێت لێی دەربچێت. بەڵام خەیاڵی سیاسی و نەخشەی ئەمریکا لە وێرانکردنی عێراقدا، ئاڕاستەکەی بەرەو ئەو ئاقارە برد، کە عێراقی زەلیلی ژێردەستی ئێران کرد و لە هەمان کاتدا، باڵادەستیی ئێران توانی ببێتە هەڕەشەیەکی گەورە و مەترسیدار بۆ سەر ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی خودی ئەمریکاش. «عێراقی نوێ» لە بنەڕەتدا مامەڵە، هەڵە و تاوانێکی ئەمریکی بوو، کاتێک هێزەکانی لە ساڵی (2011)دا ڕۆیشتن، دانیان بەو شکستەدا نا کە لە بەرژەوەندیی هەژموونی ئێران شکایەوە. هەشت ساڵی سەرۆکایەتیی (ئۆباما)، ئەو سەردەمە زێڕینە بوو کە ئێران چالاکانە بوونی هەمیشەییی خۆی لە عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەن دامەزراند، ئەمڕۆ ئیدارەی (ترامپ) لە نیگەرانیی بارودۆخی ناوچەکە و پێویستیی ئیسرائیل بۆ چاوخشاندنەوە بە بابەتی ئاسایشی خۆی لە ناوچەکەدا، (ترامپ) ڕووبەڕووی دۆخێکی دڕکاوییە، بەوەی کە دەیەوێت دیسان کۆنترۆڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بکاتەوە و عێراق بگەڕێنێتەوە ژێردەستی خۆی. لایەنە شیعەکانی دەسەڵاتدار لە عێراق، لە کاتێکدا خۆیان ئامادە دەکەن بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، کە بڕیارە لە مانگی تشرینی دوەم ئەنجام بدرێت، پەنایان بردوەتە بەر واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی

ئەمنی لەگەڵ ئێراندا، تا ڕێگەیان پێ بدات هێزەکانی ئێران بانگهێشت بکەن، ئەگەر هەڕەشە لە دەسەڵاتەکەیان بکرێت!.

ئاشکرایە، کە ئەم واقیعە لە ئاگاداریی عەقڵی سیاسیی ئەمریکا تێپەڕ نابێت، چوونکە هەوڵ و پلانی بۆ گەڕاندنەوەی باڵادەستیی بە سەر عێراقدا داڕێژاوە و کاری لە سەر دەکات، کە سەرەتا لە چەکداماڵینی میلیشیاکانییەوە دەست پێ دەکات. ئێران بۆ خۆی ئەوە دەزانێت، کە بڕیاری داماڵینی چەک لە میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گەڕانەوەی نییە، هەروەها ئەوەش دەزانێت، کە (ترامپ) نزیکەی سێ ساڵ زیاتر لە کۆشکی سپی دەمێنێتەوە. ئەمەش کاتێکی دووروودرێژ و سەختە بۆ ئێران، کە چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕی تر لە نەخشە و سیاسەتی ئەمریکا بکات. هەر چەندە (ترامپ) بەشێک لە بڕیارەکانی پێشووی پێچەوانە کردوەتەوە، بەڵام تەنها بۆ بە دەست هێنانی ئیمتیازاتی باشترە، کە سوودی بۆ ئابووریی ئەمریکا هەبێت، لە ئەگەری سەرکەوتنی (ترامپ) لە داماڵینی چەکی میلیشیاکانی ئێراندا، دەتوانێت ئاڵوگۆڕێک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە قازانجی باڵادەستیی ئەمریکا لە ناوچەکەدا تۆمار بکات، لە هەمان کاتدا دەبێتە دەستکەوتێک بۆ هەلی سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان و بازرگانی

لـه چوارچێـوەی بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا لـە ناوچەکـەدا. گومانـی تێـدا نییـە، کـە تـا کۆمـاری ئیسـلامی باڵادەسـتی حوکوومەتـی ئێـران بێـت، هەروەها دەسـەڵاتی سیاسیی عێراق لە چوارچێوەی پێکهاتـەی هێـزە تائیفـی و مەزهەبـی و قەومییەکاندا بمێنێتـەوە، دۆخـی عیـراق هـەر بـە ناجێگیـری و ئـاژاوەی سیاسـی و نائەمنـی و کارەسـات بەسـەر دەبـات، عێـراق وەک گۆڕەپانێکی بـەردەوام و کراوە بـۆ پێکدادانـی پڕۆژەکانی هەژموونـی نێوان ئێران و ئەمریـکا دەمێنێتـەوە، ئەم ململانێیە لـە لایەن خودی لایەنـە شـیعە و سـوننەکان و کـوردەکان، کە ئەمڕۆ ئیـدارەی عێـراق و کوردسـتان دەکـەن، بەردەوامـن لـەوەی خەڵکـی بە دەسـت قەیرانە ئەمنـی، ئابووری و سیاسـییە یـەک بـە دوای یەکەکانـدا قەتیس بکەن. واقیـع ئەوەیـە؛ کە عێـراق و کوردسـتان و لوبنان و تەواوی ناوچەکە لەم دۆخەدا بەردەوام ڕووبەڕووی ئاستەنگی دەبێتەوە و ئاسۆی ئارامی دیار نییە، پرسی چەکی میلیشیا یەکێکە لە گەورەترین بەڵاکان بۆ سەر ژیانـی کرێـکاران و خەڵکـی زەحمەتکێـش و نەداری ناوچەکـە، ئاشـکرایە واشـنتۆن هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو گروپانـە بە مەرجی پێشـوەختە بـۆ پابەندبوون بـە بەرژەوەندییەکانـی خۆی دادەنێـت، ئەمریکا دژی هێـزی میلیشـیا نییـە، دژی ئـەو هێزە میلیشـیایانەیە

کـە لـە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا نابێت یـان دژ بەوانەیە، کـە دوژمنایەتیی ئەمریکا دەکەن، ئێسـتا هەوڵی ئەوە دەدات ئـەو هێـزە ملیشـیایانە هەڵبوەشـێنێتەوە، کـە سـەربە ئێرانـن و دوژمنایەتیی ئەمریکا و ئیسـرائیل دەکـەن، هـەر هێزێکی میلیشـیا دوژمنایەتیی ئەمریکا نـەکات، بەر ئەو هێرشـە ناکەوێت، باشـترین نموونە هێزە دڕندەکەی (ئەحمەد شەرع)ە لە سووریا.

# (3)
# ئاڕاستەی دانوستانەکانی ئەمریکا و ئێران

هەر چەندە قەیرانی سیاسی و ئابووری لە ئێراندا هێشتا ئەو دۆخە ئاشکرا ناکات، کە ئاماژە بێت بۆ لاوازیی کوشندە لە ڕژێمدا، بەڵام بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی بەرەکانی شەڕ، لە سەر شەقامەکان یان لە ناو هۆڵەکانی دەسەڵات لە تاراندا، ئەگەری ئەوە هەیە دۆخەکە گۆڕانێک بە خۆیەوە ببینێت. سەبارەت بە گۆڕینی ڕژێم لە ئێران، سەرەتای شەڕ، ئیسرائیل سەرقاڵی ئەوە بوو لە بانگەوازەکانیدا، ڕایدەگەیاند: «کاتی ئەوە هاتوە، کە گەلی ئێران لە دەوری ئاڵاکەی و میراتی مێژووییی خۆی بە وەستانەوە بۆ ئازادی لە بەرانبەر ڕژێمی خراپ و چەوسێنەردا یەکبگرن». پێدەچێت ئیسرائیل بە هیوای ئەوە بووبێت، کە بۆ سەرکەوتن لەو شەڕەدا، چاوەڕێ بووبن لە ڕێگەی ڕاپەڕینێکی جەماوەرییەوە کۆتایی و دارمانی ڕژێمی ئێران بێت!، بەڵام دواتر لە دوای لێدانی مووشەکەکانی ئێران لە تەلئەبیب، حەیفا و قودس... بۆردومانکردنی بنکە ئەتۆمییەکانی نەتەنز، ئەسفەهان و فۆردۆی ئێران لە لایەن ئەمریکاوە، دوای دوازدە ڕۆژ ئیسرائیل و ئێران ناچار بە ئاگربەست بوون، کە

(ترامـپ) لە ڕێگەی نێوەندگیریی قەتەرەوە ڕایگەیاند، ڕێککەوتنـی ئاگربەسـت کراوە، بـۆ ماوەیەکی نادیار. لەگـەڵ ئەوەشـدا بینیمان، کـە کاتژمێرەکانی کۆتاییی پێش جێبەجێکردنـی ئاگربەسـت لـە هـەر دوولاوە بۆردومانێکـی چـڕی بێوێنـەی بـە خۆیـەوە بینی، لە سـەرەتای ڕووبەڕووبوونەوەکـەوە توندترین و توندوتیژترین لێدانیـان ئاڵوگـۆڕ کـرد و ژمـارەی قوربانییەکان و گرژییەکانیان زیادی کرد.

پرسـیارێک کە بۆ دوای ئەم ئاگربەسـتە دەکرێت ئەوەیـە، کـە ئایـا ئێرانییەکان لە ڕاسـتیدا جارێکی تر ڕادەپـەڕن، وەک چـۆن لـە ڕابـردوودا چەندیـن جار هەیانبـووە، لەوانـە ڕاپەڕینـی خوێندکارانـی سـاڵی (1999)، بزووتنەوەی سەوزی (2009)، ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانـی کانوونـی دووەمی (2017) تا مانگی ژانویـەی (2018)، ناڕەزایەتییەکانـی «نۆڤەمبـەری خوێناوی» لە ساڵی (2019) و ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئـازادی»ی سـاڵی (2022). لـەوەش گرینگتر، ئەگەر ئەوان هەستن، ئایا کۆماری ئیسلامی ئەوەندە ناسکە، کـە ڕەنگە ملکەچـی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی لەو شێوەیە بێت؟.

هەمـوو ئەمانـە ئـەوە دەردەخـەن، کە سـەرەڕای ڕزینـی ناوخـۆی ڕژێمـی ئێـران بـە هـۆی گەندەڵیی سیسـتماتیکی و دزەکردنـی هەمەلایەنەی سـیخوڕی

ئیسرائیل، هاوکات کۆماری ئیسلامی لە ژێر هەندێک بارودۆخدا تا دێت لاوازتر دەبێت، بەڵام بۆ تا ئێستا لە ژیاندایە؟ بۆیە پێویستە گرینگترین نیشانە لاوازییەکانی ڕژێم پێشبینی بکرێت تا بگەین بەو ئەنجامەی کە گۆڕینی ڕژێم دەکرێت بەرجەستە دەرکەوێت.

کاتێک هێزە ئەمنییەکان نەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر کۆببنەوە یان لەوەش خراپتر دەست بکەن بە چۆڵکردنی سەربازگە و بنکەکانیان، دابەشبوونی گشتی لە نێوان دەستەبژێرە سیاسییەکان سەرهەڵبدات و بەرپرسان بە ئاشکرا کشانەوەی خۆیان ڕابگەیەنن (ڕاپۆرتێکی نوێی «واشنتۆن پۆست» باس لەوە دەکات، کە ئیسرائیل هەڕەشەیان لێ دەکات بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن)، کەمبوونەوەی خۆراک و سوتەمەنی و لاوازبوونی زیاتری خزمەتگوزارییەکان، گەر جارێکی تر بە شێوەیەکی بەرفراوان ناڕەزایەتیی جەماوەری سەرهەڵبداتەوە، لە هەمان کاتدا هێرشکردنە سەر باڵەخانە سەربازی و حوکوومییەکان، لەوانەش گرینگتر گەر کرێکارانی ئێران لە پیشەسازییە گەورەکانی نەوت و وەبەرهێنان مان بگرن، کاریگەریی جدی و خێرا لە ڕژێمی ئێراندا ڕوودەدات. بەڵام ئەوەی شایانی باسە، تا ئێستا هیچ کام لەم نیشانانە نەبووەتە دیاردەیەکی بەرچاو،

زۆربـەی دانیشـتوانی ئێـران هەناسـەیان ڕاگرتوە و چاوەڕێـی ئـەوەن بزانن ئایا ئاگربەسـتەکە دەتوانێت بـەردەوام بێـت و دەرگیـری هێـرش و شـەڕێکی تر نابنـەوە، بـە تایبەتی کە ململانێکان بـە هێزی خۆیان ماون و هیچ شتێک یەکلایی نەبووەتەوە، بە تایبەتی لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەی شەڕ و ڕاگرتنی یەکسانی ئاستێک لە هاوسەنگی لە شەڕەکەدا بۆ ئێران، چانسی مانـەوەی ڕژێـم زیاتـر دەکات. لـە لایەکی تریشـەوە حوکوومەتـی ئەمریـکا ئەوە لە بەرچـاو دەگرێت، کە پێشـهاتی گۆڕانکاری لە ئێراندا ئەگەرێکی دوور نییە، بۆیە چاودێریی ئەوە دەکات و بۆ ئەگەرەکان خۆیان ئامادە دەکەن. ئەمریکا لە دۆخی ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـتدا نایەوێ دەرگیـری جەنگێکی درێژخایەن بێـت لەگـەڵ ئێراندا، بەڵکـوو چاوەڕێـی ڕووداوەکان دەکات. بەڵام ئەگەری ڕووخانی ڕژێمێکی پاوانخواز، کـە زیاتـر لە چوار دەیەیە وێرانکاریـی لە ناوچەکەدا کـردوە، گەورەتریـن ناحەقـی و سـەرکوتکردنی بـە دانیشـتوانی ئێران کردوە، هەیە و ڕاگرتنی ڕژێمێکی لەو چەشنە ئاسان نییە! بەڵام پێ ناچێت لەم بارەیەوە تـا ئێسـتا ئەمریکا توانیبێتـی ئامادەکارییـەک ئەنجام بـدات و ئەڵتەرناتیڤێکـی بـە متمانە و سـەرکەوتووی پاشـکۆی بەرژەوەنـدی و سیاسـەتەکانی خـۆی بـۆ دوای ڕوخانـی ڕژێمـی ئێـران ڕابگەیەنێـت، هەر بەو

مانایـەش ڕووخانی کۆماری ئیسـلامی ڕاناگەیەنێت.
ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی ئاگربەسـت لە لایەن (ترامپ) ەوە، بـە بێ ڕاگەیاندنی هـاوکات لە لایەن لایەنەکانی دیکەی شـەڕەکەوە، (ترامپ) ئامانجی ئەوەبوو، وەک لایەنی دەستپێشخەر وەسف بکرێت، بە بەبازاڕکردنی ڕۆڵی خۆی کە هەوڵی ئاشـتیی داوە، تا پێگەی خۆی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەهێزتر بکات!.

لەگـەڵ ئەوانەشـدا، هـەر لایـەک چـۆن ئاکامـی ئاگربەسـتەکە بـە سـەرکەوتن بـۆ خـۆی هەژمـار دەکات، یـان ئێـران توانـی گورزی توند لە ئیسـرائیل بـدات و هاوسـەنگییەک لە ئاسـتێکدا ڕابگرێت، بەڵام لـەم نێوانـەدا دەتوانیـن بڵێیـن ئێـران بە بـێ مەرج و دەسـتکەوت لـە ڕووی سیاسـییەوە تەسـلیم بـووە، ئەمەش لێکدانەوەیەکە کە ئەمریکا و ئیسرائیل هەوڵی سـەپاندنی دەدەن، بـەو پێیـەی پێشـتر پێشـنیاری بـژاردەی تەسـلیمبوونی سـەربازی یان سیاسـی لە لایـەن ئەمریـکاوە پێشـکەش بە تـاران کرابوو، بەڵام ئەنجامگیریـی واقیعـی بـۆ ئەم تەسـلیم بوونە، دواتر ململانێ و دانوستانەکانی نێوانیان دەریدەخات!.

دوابـەدوای ڕێککەوتنی ئاگربەسـتی نێـوان ئێران و ئیسـرائیل، لایەنـە جیاجیـاکان کار بۆ ئامادەکردنی زەمینـە بـۆ قۆناغـی داهاتـوو دەکـەن. بەرپرسـانی ئەمریـکا ئاماژەیـان بـە ئەگـەری دەسـتپێکردنەوەی

دانوستانە ئەتۆمییەکان لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا کردوە. ئەگەر چی ڕژێمی ئێران بە هۆی هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا لاواز بووە، زیانێکی بەرچاوی ئابووری لە ئێران کەوتوە و وێرانبوونی ژێرخانی ئابووری لە ئەنجامی هێرشەکانی ئیسرائیلدا ڕوویداوە. ئەوەی جێگای سەرنجە، تا ئێستا ئێران خۆڕاگریی پێوە دیارە، ئەمەش بۆ چین و ڕووسیا پێشهاتێکی ئەرێنییە. هەر چەندە هیچ کام لەو وڵاتانە ئامادە نەبوون لە ڕووی سەربازییەوە یارمەتیی ئێران بدەن و دەستتێوەردان بکەن لە شەڕێکدا لە دژی ئیسرائیل، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە لە ڕێگەی پێوەندییەکانیان بە ئێرانەوە لە دانوستانەکاندا پشتیوانی بۆ ئێران نیشان بدەن. لە ماوەیەکی نزیکدا، ئێران بۆ پتەوکردنی هەڵوێستەکانی لە وتووێژەکانی داهاتوو لەگەڵ ئەمریکا، گومانی تێدا نییە، کە داوای پشتیوانیی دیپلۆماسی لە پەکین و مۆسکۆ دەکات. وا پێ دەچێت هەر دوولایان (ڕووسیا و چین) زیاتر لە ئامادەییدا دەبن بۆ ئەوەی ئەم داواکارییە لە خۆ بگرن، تەنانەت ئەگەر تەنها بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی واشنتۆن و هاوپەیمانەکانیشی بێت. هەروەها چین داوای دڵنیایی دەکات، کە ئاگربەستەکە بەردەوام بێت و بازرگانیکردن لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە بێ بەربەست بمێنێتەوە. جگە لەوەش،

چین هەوڵ دەدات ئەم ڕووداوە بقۆزێتەوە بۆ پێشخستنی دەستپێشخەریی ئاسایشی جیهانیی خۆی لە دژایەتیکردنی ڕێبازی ئەمریکا لە کاروباری نێودەوڵەتیدا. بە هەمان شێوە، پێ دەچێت ڕووسیا بە جۆرێک فەرامۆشی ئیدانەکردنی فەرمیی چالاکییە سەربازییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بکات، زیاتر پێشنیاری چوونە پێشەوەی دانوستانەکان دەکات. هەڵبەتە بە لە بەرچاوگرتنی ئەم ڕۆڵە ئەگەرییانە، لە هەمان کاتدا ئەمریکاش هەوڵی دوورخستنەوەی چین و ڕووسیا دەدات، چوونکە بەشداریکردنی چین و ڕووسیا تەنیا پێگەی دانوستانکاریی ئێران بەهێزتر ناکات، بەڵکوو لە هەمان کاتدا کاریگەریی پەکین و مۆسکۆ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاد دەکات.

لە کۆتاییدا، ڕەنگە دانوستانەکانی داهاتوو بە پلەی یەکەم لە سەر داهاتووی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران بێت، بەڵام لە سەردەمی ئەم ململانێ جیهانییە بەرفراوانەدا، ئیدارەی (ترامپ) ناتوانێت ئاگاداری ئەوە نەبێت کە کاردانەوەکان زۆر زیاتر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە. بەم پێیە دەبێت بەرپرسانی ئەمریکا ئامادەبن بۆ بەرپەرچدانەوەی ئارگیومێنتەکانی ڕووسیا و چین، وەک تۆمەتبارکردن بەوەی واشنتۆن یاسا نێودەوڵەتییەکانی پێشێل کردوە. لە هەمان کاتدا دوای ئاگربەست کۆماری

ئیسـلامی بمێنێتـەوە یـان نـا، دۆخەکە لـە ئێران زۆر جیـاواز دەبێـت، چوونکـە ئـەو زەمینەیەی کـە ئێران تێیدا دەژیا، گۆڕانکاریی جدیی بە سەردا هاتوە، هەر بۆیە لەودیو پەردەوە لە ناو سـەرکردەکانی کۆماری ئیسلامیدا باس لە جێنشینی (خامنەیی) دەکرێت، باس لـە سـەر سـەرکردەیەکی گونجاوە بۆ ئـەوەی ئێران بـە ئاڕاسـتەیەکی نوێـدا ببـات، ئەمـەش پێشـهاتێکی چاوەڕوانکراوە.

# (4)
# ئەمریکا و سیاسەتی شەڕ وماڵوێرانی!

باڵادەستیی ئیسرائیل لە سەرەتای هێرشەکانی بۆ سەر ئێران، بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ دزەکردنی بەرفراوان لە ناو دەزگا ئەمنی و سەربازییەکاندا، کە بووە هۆی لەناو بردنی ژمارەیەک فەرماندەی باڵای سەربازی و زانای ئەتۆمی و چەند بەرپرسێکی پلەبەرزی تریی ڕژێمی ئێران! ئەوەش ئەو مەیلەی لای ئیسرائیل بەهێز کرد، کە دەتوانێ بەردەوامیی پێ بدات بە جۆرێک کە ژمارەیەکی تری بەرپرسانی ئێران لەناو بەرێت تەنانەت خودی (خامنەیی)یش بە ئامانج بگرێ! بەڵام ئێران توانی ئەو زەربەیە لە ئاستێکدا ڕابوەستێنێ و (خامنەیی)یش لە شوێنێکی پارێزراودا دابنین!

ئەم دۆخە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئەو دزەکردنە پێشهاتێکی نوێ نییە و پێوەندیی بەو هێرشەی ئەم دواییەوە نییە، هەروەها (مۆساد) ساڵانێکی زۆرە لە بنیادنانی تۆڕەکان لە ناوخۆی ئێراندا کاری کردوە و سەرکەوتوو بووە. ڕوونە، کە ناوەندە ئەمنی و هەواڵگرییەکانی ئێران، پەیامی ئیسرائیلیان سەبارەت بە تیرۆرکردنی (ئیسماعیل

هەنیـە) لە دڵی تاراندا بەهەنـد وەرنەگرت، ئەم پەیامە ئـەوە دەردەخـات، کـە دزەکردن و سـیخوڕی بوونی هەیـە و ڕەگوڕیشـەی قووڵـی لە ناو پۆسـتە باڵاکانی دەسـەڵاتی ئێرانـدا داکوتیـوە. هەروەهـا (مۆسـاد) خاوەنی توانای چاودێریکردنی جموجۆڵی سـەرکردە باڵا سەربازییەکانی ئێرانی هەیە، بە کردنەوەی کۆدی دەرگای پێوەنـدی و پەیامـەکان و چوونە ناو ژینگەی کارکردنیان. هەڵبەتە لەگەڵ ئەوەشـدا، پەرچەکرداری ئێـران بـە مووشـەکبارانی شـارەکانی ئیسـرائیل، ئەمریـکا و ئیسـرائیلی سەرسـام کـرد، ئەمـەش ئەوە نیشـان دەدات، کـە کۆنترۆڵکـردن و بەڕێوەبردنـی شـەڕەکە قـورس بـووە، دەرگای ئـاژاوە و نائارامیی ناوچەییـی بـە جۆرێـک کردوەتـەوە، کـە نازانـرێ کۆتاییەکـەی کـەی دەبێت. دوای ڕووخانی (ئەسـەد) و ڕووبەڕووبوونـەوەی ئیسـرائیل لەگـەڵ حەماس و حیزبولـڵا، نەخشـەیەکی نوێـی هەژموونـی ناوچەیی دەسـتی بە دەرکەوتن کرد، لە هەمان کاتدا هەوڵدانی کێشـکردنی ئێران بۆ هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوچەیی، بەردەوام نەخشە و ویستی ئیسرائیل بووە و ئەمریکا پشـتیوانیی لـێ کـردوە. ئەمریـکا وەک زلهێزکـی دنیا بـۆ جەختکـردن لە سـەر باڵادەسـتیی لـە ناوچەکەدا، لـە هەمـان کاتـدا زلهێـزە ناوچەییەکانیـش وەک تورکیـا و سـعودیە، بۆ بـە هێزکردنی پێگـەی بوونی

خۆیـان، هەوڵیاندا دابەزینـی پێگە و هەژموونی ئێران بقۆزنـەوە، ئەمـەش ململانێکانـی لە سـووریا، لوبنان، عێـراق و یەمـەن لەگەڵ دابەزینی پێگـە و هەژموونی ئێراندا بردە قۆناغێکی نوێی ئاڵۆزییەوە.

ئـەم وێنـە گشـتییە جەخـت لـە سـەر پێویسـتیی دووبـارە دارشـتنەوەی هاوپەیمانییـەکان و ڕەوتـی ململانێکان و هاوبەشکردنی کاریگەرییەکان دەکاتەوە، بـۆ دەسـتەبەرکردنی دەسـتتیوەردانی لایەنـەکان و سـەقامگیریی ڕێژەیـی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـتدا، لە سـایەی باڵادەستیی ئەمریکادا. لە ژێر ڕۆشناییی ئەم گۆڕانکارییانـەدا، فشـار و ململانێیەکی زیاتر لە لایەن ئەمریکاوە خرایە بەردەم کۆماری ئیسلامیی ئێران، تا ڕادەسـتکردن و ملکەچـی بۆ بەرژەوەندی و نەخشـە و سیاسەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل پەیڕەوی بکات، بـە مانایەک لـە ململانێی وڵاتانی زلهێـزی دنیادا، ئەو پێگەیـە بـە ئێران نیشـان دەدرێت، کـە قەبووڵی بکات بچێتە ڕیزی پابەندبوون بە تەواوی بەرژەوەندییەکانی ئەمریـکاوە، لە هەمان کاتدا پەراوێزخسـتنی لە ڕیزی چیـن و ڕووسـیادا. ڕۆڵـی شـەڕ دژی «کۆمـاری ئیسـلامی» لەوەدایـە کە ئیسـڕائیل دواجـار بڕیاریدا یارییەکی تەواو جیاواز لە سەر ئاستی ناوچەکە بکات، یارییەک کە لە بەرژەوەندییەکان و ستراتیژی ئەمریکا لـە ناوچەکە لانـەدات، بەڵام ڕادەی سـەرکەوتنی ئەم

شـەڕە بە قازانجی باڵادەسـتیی ئەمریکا لە ناوچەکەدا جێگای پرسیارە، گەر ئارامی و سەقامگیریی بە دوادا نەیەت!

«کۆمـاری ئیسـلامی» چـۆن وەڵامـی ئەو شـەڕە دەداتـەوە، کـە تووشـی بـووە، بـە لـە بەرچاوگرتنـی ئـەوەی کـە دواجار خۆی بووەتە لایەنێکی شـەڕەکە، دەبێت ئێستا باجی ئەو یارییە بدات، کە نەیویست یان نەیتوانی، خۆی ڕادەسـتی خواسـتەکانی باڵادەسـتیی ئەمریکا بکات و ملکەچی سیاسەتەکانی ئەمریکا بێت. ئەم یارییە لە سـەر بنەمای ئیسـتغلالکردنی ڕووداوە ناوچەییـیـەکان بەتەواوی ئێرانی لـە بەرانبەر ئەمریکا و ئیسـرائیلدا بێ وەڵام و سەرسـام ڕاگرت، ئێران لە ئێسـتادا لە بـەردەم ئەو سـیناریۆیەدایە کە هەمیشـە هەوڵـی داوە لـەم شـەڕە دوور بکەوێتـەوە، بـەڵام ئیسـرائیل دەرفەتی بۆ نەهێشـتەوە و لە ناو شەڕێکی وێرانکاردا گیری کرد!

ئێران پێشتر لە هەموو وەرچەرخانێکدا ئامرازەکانی خۆی بەکار هێناوە بۆ نائارامکردنی وڵاتانی ناوچەکە، تـا لـەم دواییيانـە ئەرکـی هێرشـکردنە سـەر هـەر وڵاتێکـی عەرەبی لە لوبنانەوە بە حیزبوللا دەسـپارد. مووشـەک و فڕۆکـەی بێفڕۆکەوانـی حوسـییەکان لە خاکی یەمەنەوە، عەرەبستان و وڵاتانی تری عەرەبی وەک ئیماراتیـان دەکـردە ئامانـج. میلیشـیا تائیفییـە

عێراقییەکانی سەر بە سوپای پاسداران لە هەر کاتێکدا ئامادە بوون هەڕەشە لە ئوردن و هەرێمی کوردستان بکەن. تەواوی ئەو میلیشیایانەی بەرگرییان لە ڕژێمی ئێران دەکرد، بە بێ ئەوەی بنکەیان لە ناوخۆی ئێراندا هەبێت، داواکارییەکانی کۆماری ئیسلامییان جێبەجێ دەکرد، بەڵام هەموو ئەوانە لە دوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و باشووری لوبنان و کەوتنی (ئەسەد)، لە دەست ئێران چوون و ناتوانن کارێک بۆ ئێران بکەن، بە تایبەتی کە ئێستا تاران ڕاستەوخۆ بۆ خۆی لە ناو جەرگەی شەڕەکەدایە و یاری بە چارەنوسی دەکرێت. ئەم شەڕە کە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەگەری زۆرە وەک دۆڕاوێک لێی بێتە دەرەوە، بەڵام کەی ئەو دۆخە کۆتایی دێت؟ پرسیارێکی بێ وەڵامە! ئەوەی ڕۆشنە ئەم شەڕە هەر کات کۆتایی هات، بە دڵنیاییەوە لە دوای ئەم شەڕەوە ئێرانێکی تەواو جیاواز دەردەکەوێت، کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە خۆی لێ بپارێزێت، دەسەڵاتێک کە ناتوانێ بە ئاسانی ئێرانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو دابمەزرێنێتەوە، بێ گومان بۆ ماوەیەکی نادیار لە گێژاو و نائارامیی سیاسیدا دەبێت. لە شەوێکدا کە پڕ بوو لە گرژی، خەڵکی ناوچەکە لە سەر نووکی پێ وەستابوون و سەیری ئەو پێشهاتەیان دەکرد، کە لاپەڕەیەکی نوێی هاوکێشەی دەسەڵاتی

نێوان ئیسـرائیل و ئێرانیان دیاری کرد، شـەوی (13)
ی حوزەیـران شـەوێکی ئاگربـاران و پـڕ دووکـەڵ
و مووشـەکباران بـوو، ئەمـەش مەترسـیدارترین
سـاتەوەختە لە دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی
ئێرانـەوە، بەو پێیەی تاران خـۆی بووەتە گۆڕەپانێک
بـۆ ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییە چـڕەکان، (ناتانیاهـۆ)
ڕایگەیاندوە کە ئامانجی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی،
تێکدانی بەرنامە ئەتۆمی و مووشـەکە بالیسـتییەکانی
ئێرانـە، بـەڵام ڕەوتـی ئۆپەراسـیۆنەکان بـە تایبەتـی
دەوری پشـتیوانیی ئەمریـکا ئامـاژە بـە ئامانجـی
فراوانتـر و سـتراتیژیتر دەکات، کـە دەکاتـە پڕۆژەی
سـەپاندنی «ملکەچکردنـی سـتراتیژی» بـە سـەر
ئێراندا. ئامانجی ئەم پڕۆژەیە بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل
ڕاگرتنـی توانـای تاران و ئیفلیجکردنـی بەڕێوەبردنی
تـۆڕی هاوپەیمانەکانییەتـی لـە ناوچەکـەدا، زەمینـە
خۆشـکردن بـۆ پڕۆسـەیەکی درێژتـر و کەڵەکەبـوو
بـەرەو ڕادەسـتبوونی بێ مەرجی تاران بـە ئەمریکا،
یان کۆتاییی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، گەر بۆیان
بچێتە سەر!.

پێدەچێـت سـوپای ئیسـرائیل بـەردەوام بێـت لـە
ئۆپەراسـیۆنەکانی تا لاوازبوونـی هاوپەیمانانی تاران
و دابەزینی چەتری بەرگریی تاران، بۆ ئەوەی ناچاری
بکات بە ملکەچبوون و ڕادەسـتبوون بە دانوستانێک،

که ئێران تەواوی مەرجەکانی ئەمریکا پەسەند بکات. لە هەمان کاتدا ئەگەری ئەوە هەیە لە بەرانبەردا، ئێرانیش درێژە بە دژە هێرشەکانی بدات و بەرگری بکات، ئەمەش پێویستییەکە بۆ پاراستنی یەکگرتوویی ناوخۆیی و دوورکەوتنەوە لە تێڕوانین بۆ دارمان، یان بە لە دەستدانی کاریگەریی ڕژێمەکەی دەزانێت، چوونکە لە حاڵەتی ڕادەستبوونی بە وەستانی شەڕەکە، مەترسیی هاندانی ناکۆکیی ناوخۆیی و چەسپاندنی ئەو تێڕوانینەی هەیە، کە ڕژێم ئامادەیە بۆ دارمان. کاتێک تاران بە ئامانجگرتنی ڕاستەوخۆی خاکی ئیسرائیلی گرتەبەر و قوربانیی مەدەنی لێ کەوتەوە، بووەتە فشارێک لە سەر ئیسرائیل، پلەیەک هاوسەنگی بۆ تاران دروستکرد، کە گرەو لە سەر ئەوە دەکات، کە ڕەنگە هاوکێشە نوێیەکانی خۆپاراستن بسەپێنێت و ببێتە هۆی وەستانی هێرشەکانی ئیسرائیل!، هەر بۆیە هاوکێشەکە بەو بارەدا درێژەی دەبێت، کە ئەمریکا دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ بکات، یان شەڕەکە بوەستێنن، بەڵام بینیمان ئەمریکا لە بەرەبەیانی (2025/06/22) بە هێزە ئاسمانییەکانی ئەو ناوچانەی یۆرانیۆمی تێدایە بۆردمان کرد، واتە ئەمریکا جگە لە پشتیوانی بۆ ئیسرائیل، ڕایگەیاند بەشێکی سەرەکییە لەم شەڕەدا لە دژی ئێران، دوای ئەمەش چی تر بە دوای خۆیدا دەهێنێت و

چی تر ڕوودەدات؟، پێشبینیکردنی ئاسان نییە!، بەڵام ئـەوە نکوڵـی لـێ ناکرێ، کـە دۆخەکە لـە ناوچەکە و جیهاندا دەچێتە دۆخێکی ئاڵۆزتر و مەترسیدارترەوە، بـە ئەگـەری سـەرهەڵدانی سـیناریۆی جۆراوجـۆرە. بە گشـتی، ئاسـۆی یەکلاییبوونەوەی سـتراتیژی ئەو شـەڕەی ئیسـرائیل و ئەمریـکا لـە بەرانبـەر ئێرانـدا پیادەی دەکەن، تا ئێسـتاش ناڕوونە، لە کاتێکدا ترس لە ناو ئیسرائیلدا هەیە لەوەی مۆدێلی هێرشەکانی بۆ سەر غەززە دووبارەببنەوە، هەروەها دۆخی ناوچەکە بە دەسـتتێوەردانی ڕاسـتەوخۆی ئەمریکا و ئەگەری دەستتێوەردانی لایەنی تر لە دژی ئەمریکا، مەترسیی تەواو لە سەر ژیانی دانیشتوانی ئیسرائیل دابنێت.

ئـەوەی لەم نێـوەدا جێـگای سـەرنجە، (ناتانیاهۆ) و (ترامـپ) ڕایدەگەیەنـن، کـە هیـچ دوژمنایەتییەکیان لەگـەڵ خەڵکـی ئێرانـدا نییـە، ئەمـەش کـە جگـە لـە درۆیەکی شـاخدار و پڕوپاگەندەی ساختەی سیاسی هیچـی تـر نییـە. کاتـێ (ناتانیاهـۆ)، لـە لایـەک دەڵێت دوژمنـی خەڵـک نیم و لە لایەکی تـرەوە دەڵێت تاران دەسـووتێنم...!؟ ئاشـکرایە حوکوومەتـی ئیسـرائیل و ئەمریـکا بـە هیچ جۆرێک ژیانی کەسـیان بـۆ گرینگ نەبووە. هەروەها هەڕەشـەی (ترامپ) و بەرپرسـانی تـری ئەمریکا و پاڵپشـتیی تـەواوی حوکوومەتەکانی خۆرئـاوا بـۆ ئـەم کارانـە تەنهـا مایـەی زیادبوونـی

بارگـرژی، نائارامـی و ماڵوێرانییـە لـە ناوچەکـەدا و قوربانییەکـی زۆری خەڵکـی لـێ کەوتوەتـەوە. حوکوومەتـی ئەمریـکا و ئیسـرائیل، کـە بکـەری سـەرەکیی تاوانی جینۆسـایدی دوای کارەسـاتەکانی (7)ی ئۆکتۆبەرن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـتدا، وڵاتانی زلهێـزی دنیـا و نەتەوەیەکگرتـوەکان و دامـەزراوە نێودەوڵەتییـەکان کە بە دووڕووییـەوە خۆیان وەک ئاشـتیخواز و دیموکراتخـواز پیشـان دەدەن، بـە کردەوە لە ئاست ئەم تاوانانەدا نەک بێدەنگن، بەڵکوو وەک تـەواوی سیسـتەمی سـەرمایەداریی جیهانـی و لۆژیکـی قازانجخوازیـی زلهێزە ئیمپریالیسـتەکان، لە هـۆکارە سـەرەکییەکانی شـەڕ و کارەسـاتی مرۆیـی و تێکدانـی ژینگـەدا بەشـدارن. بـە پێچەوانـەی ئـەو هێـز و لایەنانـەی کە ئومێد و ئامانجی سیاسـییان لە بەرانبـەر کۆمـاری ئیسـلامی لە پێوەند بەم شـەڕەوە دامەزرانـدوە، گەوجییـە بۆیـان کـە لـە سروشـتی ئەزموونی ئەم جۆرە شەڕانەدا ئەو وانەیە وەرناگرن، کە ئەم شەڕە نەک هیچ سوودێکی بۆ دانیشتوانی هیچ وڵاتێکی ناوچەکە نابێت، بەڵکوو خەڵکی بەرەو ڕووی زیانێکـی زۆرتـر و نائەمنـی و مەترسـی دەکاتـەوە، کـە زیاتر بـە سـەر دانیشـتوانی ئێراندا دەشـکێتەوە. درێـژەدان بـەم ڕێـڕەوەی ئێسـتای شـەڕ، جگـە لـە وێرانکردنـی زیاتـر و زیانێکـی قەرەبوونەکـراو بـە

ژینگـه و دووبارەبوونەوەی کارەسـاتی مرۆیی، هیچ دەرئەنجامێکـی تـری نابێـت. چینی کرێـکار و خەڵکی بێبەش، لە قوربانییە سەرەکییەکانی ئەم دۆخەن، بۆیە دەبێت دەستبەجێ ئەم شەڕە بوەستێت.

# (5)
# ئیسرائیل و ئێران

ئـەو هـۆکارە بنەڕەتییانـەی کـە بوونـە هـۆی زیاتر پەرەسـەندنی بارگرژیـی نێـوان ئیسـرائیل و ئێـران، دەرئەنجامـی ئـەو گێچەڵانـە بـوون، کـە ئیسـرائیل دژ بـە بوونـی ئێـران لـە سـووریا بەڕێـوەی دەبـرد، ئـەم گێچەڵانـەی ئیسـرائیلیش کێشـکردنی ئێرانـە بـۆ شـەڕێکی فراوانـی ناوچەیـی. دەیـان سـاڵە ناوچەکـە توانیویەتـی ژیـان لەگەڵ ململانێی سـێبەری نێوان هەر دوو ئێران و ئیسـرائیلدا بەسـەر بەرێت. بەڵام هێرشـی تۆڵەسەندنەوەی ڕاستەوخۆی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، وەڵامدانـەوەی ئیسـرائیل بـۆی، زەنگێکـی هۆشـداریی مەترسیدار دەربارەی توندبوونەوەی ئەو بارگرژییە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت لێ دەدات، ئەوەی لە ڕابردوودا وا بیردەکرایەوە مەحاڵە ئەو بارگرژییە بتەقێتەوە، بەڵام ئەو هێرشانەی بەرانبەر یەکتر نمایشیان کرد، پەیامێکی وەهـای ڕاگەیانـد، کە هەندێ لێکدانـەوە پێیان وایە، ئەو تەقینەوەیـە لە هەر سـاتێکدا بێت ئەگـەری ئەوەی هەیە ببێتە واقیع، بەم شێوەیە ململانێی سێبەری درێژخایەنی نێوان هەر دوو وڵات بە ئاشکرا ڕوویدا. ئەو باوەڕەش، کـە جەخـت دەکات لـە سـەر ئـەوەی ئـەم ململانێیـە

ناتەقێتەوە، لە لایەک لە سەر بنەمای ئەو ئاڕاستەیەی کە ئەمریکا ڕێگە نادات شەڕی ئیسرائیل و ئێران هەڵبگیرسێت، هەروەها لە ئاستی دنیا و ناوچەکەدا بە هیچ جۆرێک لایەنگری بۆ ئەو شەڕە لە ئارادا نییە، ئێرانیش لە ئێستادا بەرژەوەندیی نییە بچێتە شەڕێکی گەورەی ناوچەییەوە، چوونکە شەڕێکی لەو شێوەیە، ئێرانی دەکێشایە ناو ململانێیەکی بێکۆتاییی وێرانکار و مەترسیدار، بۆ سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

خولقاندنی شەڕێکی فراوانی ناوچەیی، گێژاوێکە تەنها ئیسرائیل بە نوێنەرایەتیی (ناتانیاهۆ) بە دواوەیەتی، ئەوەش بۆ دەرچوون لەو قەیران و بنبەستییانەی لە ناو غەززە و لە ناوخۆی ئیسرائیلدا دەرگیری بووە، گەر نا هیچ وڵاتێک بە ڕەچاوکردنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەکەدا پێشبینی دەکەن، ڕوودانی ئەو شەڕە لە دژی بەرژەوەندیی خۆیان و دژ بە گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ دامەزراندنی سەرمایەگوزاری لە ناوچەکەدا دادەنێن. هەر چەندە وڵاتانی ناوچەکە تا ڕادەیەکی گونجاو سەرکەوتوو بوون لە دابڕاندنی خۆیان لە کاردانەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئێران و ئیسرائیل، بەڵام لە بەردەم ئەگەری توندبوونەوەی دەورەیەکی تری ململانێیدان، کە مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە دەهێنێتە ئاراوە. لە هەر حاڵدا ئەو گۆڕانکارییەی لە ململانێی ئێران و ئیسرائیل بۆ وڵاتانی خۆرهەڵاتی

ناوەڕاست بارگرژییەکی مەترسیداری نیشاندا، بەو مانایەیە کە پێویستە ئەو وڵاتانە خۆیان ئامادە بکەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەگەری سیناریۆی شەڕی ئیسرائیل و ئێران، نەک بەردەوام بن لە گرەوکردن لە سەر ئەوەی کە ئەم شەڕە ڕوونادات. لە هەمان کاتدا ترسی ئەوەش هەیە، کە دەیان ساڵەی دوژمنایەتیی ئیسرائیل و ئێران، جیا لەوەی لێکدانەوەکان و دۆخەکە ئەوە نیشان دەدات، کە ئەگەری ڕوودانی ئەم شەڕە بە دوور دەبینرێت، بەڵام لێکدانەوەیەکی تریش هەیە، ڕەتی ئەوەش ناکاتەوە کە ئەم ململانێیە لە دەست دەرچێت و بگۆڕێت بۆ شەڕێکی هەمەلایەنە، بە تایبەتی کە سوپای ئیسرائیل هێرشە دڕندانەکانی بۆ سەر غەززە بەردەوامە. ساڵانێکە ئیسرائیل و ئێران شەڕی بە وەکالەتیان ئەنجامداوە، تاران تۆڕێکی میلیشیای هاوپەیمانی لە سەرانسەری ناوچەکەدا دروست کردوە، کە هێرشەکانیان ئاڕاستەی ئیسرائیل کردوە، لە بەرانبەریشدا گومانی کوشتنی زانایانی ئەتۆمی لە ئێراندا هەیە و سەدان هێرشی ئاسمانی دەست پێ کردوە لە سەر هێزەکانی ئێران و هاوبەشە چەکدارەکانیان؛ بە تایبەت لە سووریا، سەبارەت بەوەش سیناریۆیانەی کە ئیسرائیل بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران بکاتە ئامانج، بە شێوەیەکی بەرچاوە. ستراتیژی ئێران لە سەر بنەمای بەکارهێنانی تۆڕی میلیشیاکانی خۆی، هەوڵی داوە بۆ

دەرکردنـی ئەمریـکا لـە ناوچەکە و فشارخسـتنە سـەر ئیسـرائیل، لە هەمان کاتدا دەیەوێت خۆشی لە شەڕەکە دوور بخاتـەوە. تاقمەکانـی سـەر بە ئێران لـە ناوچەی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بریتین لە حەمـاس و جیهادی ئیسلامی لە غەززە، حیزبوڵڵا لە لوبنان، حوسییەکان لە یەمـەن و چەنـد گروپێکی چەکدار لە عێراق و سـووریا و وەک هێڵـی پێشـەوەی بەرگریـی ئێـران کار دەکـەن. ئێران لە ڕێگەی ئەم میلیشـیایانەوە سـەرکەوتوو بووە لـە کێبڕکـێ لەگەڵ زلهێـزە تەقلیدییـە ناوچەییـیـەکان لە ناوچەکـەدا، بـەو پێیـەی پشـتیوانیی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆی زیاتر لـە (20) گروپی چەکـدار دەکات، کە زۆرینەیان واشنتۆن بە تیرۆریست پۆلێنی کردوون.

خاڵێکیـش کـە پێویسـتە بەهەنـد وەری بگریـن، ئیسـرائیل توانـای ئـەوەی نییـە بـە تەنیـا بچێتـە نـاو ئۆپەراسـیۆنی شـەڕێکی فراوانی ناوچەییـیـەوە، بەڵکوو پێویسـتی بـە یارمەتیـی ئـەو هێـزەی ئەمریـکا دەبێـت کـە لـە کەنـداو جێگیرکـراون، بـەڵام ئیـدارەی ئەمریـکا ئامادەیی نیشـان نەداوە بەشـداریی هەر پرۆسـەیەکی شـەڕی فراوانـی لـەو جۆرە بۆ پشـتیوانی لە ئیسـرائیل بـکات. گـورزی ئێـران ئـەوەی پشتڕاسـت کـردەوە، کە پرۆژەی پاراسـتنی ئیسـرائیل هێشتا پشت بەو زلهێزانە دەبەستێت کە لە ڕووی سیاسی، ئەمنی و سەربازییەوە سپۆنسـەریان کـردوە، بـە تایبەتـی بە دەسـتتێوەردانی

ئەمریکا و بەریتانیا لە خستنە خوارەوەی زۆربەی ئەو مووشەک و فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی کە لە لایەن ئێرانەوە هەڵدەدرێن. دوای هێرشە مووشەکییەکانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، (ناتانیاهۆ) دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی وێناکردنی ئیسرائیل وەک «قوربانی»، بۆ ئەوەی شەرعییەتێکی نوێ لە ناو ئیسرائیل بە دەست بهێنێت و هاوسۆزی بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە، بە تایبەتی لە لایەن ئیدارەی ئەمریکاوە، بەڵام بە گشتی وەها دێتە بەرچاو، کە (ناتانیاهۆ) شەرعیەت و متمانەی خۆی لە دەستداوە، بە تایبەتی دوای شکستی ستراتیژی لە غەززە. بۆیە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، کە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لەم کاتەدا تا چەند سوودی لە لێدانی ئێران وەرگرتوە بۆ گەڕاندنەوەی وێنایەکی ئەرێنی لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا، بە تایبەت کە هەمیشە بزووتنەوەی حەماس خۆی بە ئێرانەوە گرێ داوە، هەڵبەتە پاکتاوکردنی خەڵکی غەززە هەلی کردنەوەی هیچ دەرگایەکی شۆردنەوەی ڕیسواییی بۆ (ناتانیاهۆ) نەکردوەتەوە، دوای وەستانی شەڕی داگیرکاریی غەززە، (ناتانیاهۆ) وەک تاوانبارێک لە بەردەم دادگادا ڕووبەڕووی دادوەر دەبێتەوە. هەروەها ڕۆژنامەی ئەمریکی (نیویۆرک تایمز) ئاماژەی بەوەدا، کە (بایدن) لە بەرانبەردا متمانەی بە (ناتانیاهۆ) لە دەستداوە، بە شێوەیەکی تایبەت نیگەرانیی خۆی دەربڕی سەبارەت

بـە هەوڵەکانـی (ناتانیاهۆ) بۆ ڕاکێشـانی ئەمریکا بۆ ناو شـەڕێکی فراوان. وەڵامدانەوەی ئیسـرائیل بۆ هێرشـی ئێران، بە پلەی یەکەم پشـت بەستن بووە بە هەڵوێستی ئەمریکا و حیسـاباتی واشـنتۆن و (جـۆ بایدن)، بەڵکوو حسـاباتێک بـۆ دۆخەکە بکـەن، ئەوەش لە هەسـتیاریی دۆخـی ناوچەکـەوە دەسـت پـێ دەکات تـا دەگاتـە حیسـاباتی هەڵبـژاردن لـە ئەمریـکا، بـەڵام (بایـدن) لـە پێوەندییەکـی تەلەفۆنیدا هۆشـداریی داوەتە (ناتانیاهۆ)، کـە ئەمریـکا لەگـەڵ ئیسـرائیل بەشـداری لـە هێرشـی پێچەوانـە بۆ سـەر ئێران نـاکات. لە کاتێکـدا ئەمریکا لە پێوەندیـی بەردەوامدایە لەگەڵ ئێران، لە ڕێگەی بەشـی بەرژەوەندییەکانی باڵیۆزخانەی سویسرا و جەخت لەوە دەکاتـەوە، کە کۆنترۆڵنەکردنی ململانێـکان ڕەنگە ببێتە هۆی دروسـتبوونی دۆخێکی کارەساتبار لە ناوچەکەدا، بەرپرسـانی ناوچەکـە هۆشـداری دەدەن لـەوەی کـە پەرەسـەندنەکان ڕەنگە ببێتە هۆی جەنگێکی بەرفراوان. ئـەوەی پێویسـتە ئامـاژەی پـێ بدەیـن چارەنووسـی خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت لەم دۆخەی بارگرژیی ئێسـتای نێـوان ئێران و ئیسـرائیل، دەتوانین بڵێین بە جۆرێک لە هەوادا هەڵواسـراوە، تا هێرشـەکانی ئیسـرائیل بۆ سەر غەززە بەردەوام بێت، بەشێک لە ئیسرائیلییەکان بیر لەوە دەکەنەوە، کە چ وەڵامێکی تر بۆ هێرشەکەی ئێران بکەنە ئامانـج، ئەگەرەکانی دووبارەبوونـەوەی وەڵامدانەوەی

ئیسـرائیل بـۆ هێرشـەکانی ئێران، ئاماژە بـەوە دەدا کە گوایە بیر لەوە دەکەنەوە، لەوانەیە هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بنکە سـەربازییەکان یان بارەگاکانی حوکوومەت، یان هێرشـکردنە سـەر بارەگاکانی سـوپای پاسـدارانی ئێران لە خۆ بگرێت. لە کاتێکدا (ناتانیاهۆ) و بەرپرسانی ئیسـرائیل داوای دەسـتپێکردنی هێرشـێکی گـەورە بـۆ سـەر ئێران دەکـەن، کە ڕەنگـە بەرنامـە ئەتۆمییەکەش لـە خـۆ بگرێت، بەڵام بە گشـتی ئیسـرائیلییەکان جۆری هێرشەکانی ئێران بۆ سەریان، بە سەرکەوتن بۆ خۆیان ئەژمار دەکەن، دوای ئەوەی نزیکەی هەموو مووشـەک و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێران خراونەتە خوارەوە، بە بـێ ئـەوەی هیـچ کاریگەرییەکی بەرچاویـان هەبێت. بە گشتی دەتوانم ئەوە بڵێم؛ لەگەڵ هەر بارگرژی و بوونی دۆخێکی دژواردا، هەڵگیرسـانی شـەری گەورەی نێوان ئێران و ئیسرائیل بە دوور دەزانم.

لەبـەر ڕۆشـناییی هەڵوێسـتە نێودەوڵەتییـەکان و نەبوونـی جـۆش و خرۆشـی ئەمریکا بۆ پەرەسـەندنی شـەڕەکە، ئیسرائیل خۆی لە دووریانێکدا دەبینێتەوە کە ڕاگرتنـی لێدان لە ئێران یـان دواخسـتنی، نەگونجاندنە بـۆ ئـەوەی کـە (ناتانیاهـۆ) لەگـەڵ بارودۆخی ئێسـتادا خۆی ڕێک بخات، چوونکە دواتر سـەختە بۆی بتوانێت شـەڕێکی گـەورە بخولقێنێت، کە ئومێـدی دەرچونیەتی لـەو قەیرانەی بەرەو ڕوویەتی. ئیسـرائیل بە لاوازترین

ساتەکانی خۆیدا تێ دەپەڕێت، هاوسۆزیی ڕەوتی شەڕی غەززە و بەرەی ناوخۆ هەڵوەشاوەتەوە، هەروەها هیچ کۆدەنگییەکی سەربازی و سیاسیی ئیسرائیل لەسەر لێدانی کونسوڵخانەی دیمەشق نەبوو، بەڵکوو وەک شکستێکی تر بۆ (ناتانیاهۆ) تۆمار کرا. ئەم هێرشانە ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیلیان لە سێبەر و لە ڕێگەی بە وەکالەتەوە هێنایە دەرەوە، بە ئاشکرا ئیسرائیل هەوڵ دەدات بیکاتە شەڕێکی ڕاستەوخۆ لە بەرانبەر یەکتردا. ئەو ڕێگایانەی کە ماونەتەوە بۆ ڕزگارکردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە سیناریۆیەکی کارەساتبار، لە ڕێگەی ڕێکخستنی نارەزایەتیی جەماوەریی بەرفراوانی جیهانییەوە هەوڵدانە بۆ ڕێگرتنی تەواوی ئەگەرەکانی ڕودانی شەڕی فراوان لە ناوچەکەدا، وەستانی داگیرکاریی ئیسرائیل بۆ سەر فەلەستین، هەڵوەشانەوەی میلیشیاکان، دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین...

ئەوەی لەم نێوەشدا بە گشتی بۆ ئارامی لە ناوچەکە، دەبێت حساباتی جدی لە سەر بکرێت، پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی جدی هەیە لە پێکهاتەی هەر دوو حوکوومەتی ئێران و ئیسرائیل، هەتا ئەگەر لە ڕێگای چاکسازیشەوە بێت لە گۆڕانی ئارایشی پێکهاتەی هەر دوو ئەو حوکوومەتەدا، دەتوانێ ڕێگایەک بێت بۆ کۆتایی هێنان بە دۆخی جەنگ و ناسەقامگیر، کە دوو دەیە زیاترە ناوچەکەی تێدا غەرق بووە.

# (6)
# گۆڕانکاری لە ڕووخساری ناوچەکەدا

ئەو زنجیرە ڕووداوانەی لە سێپتەمبەری (2024)دا بە تایبەتی لە لوبنان بینراون، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ڕووخساری ناوچەکەدا.

تیرۆری (حەسەن نەسروڵڵا) لە کاتێکدایە، کە گرژییەکی بێوێنە لە سەر بەرەی باکووری ئیسرائیل لەگەڵ لوبناندا لە ئارادایە، ئەمەش بەردەوامیی پەرەسەندنی سەربازی و هاوکێشە نوێیەکان لە چڕکردنەوەی لەشکرکێشی و کارەساتی کۆمەڵکوژی و وێرانکاریی بێبەزەییانەی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و لوبنان نیشان دەدات، کە هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا دەگۆڕێت، چوونکە ئەم ڕووداوە بە پێشهاتێکی مەترسیدار دادەنرێت، سەبارەت بە لێکەوتەکانی لە سەر گۆڕەپانی سیاسی و ئەمنی لە لوبنان و تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە هەمان کاتدا ترسی کاردانەوەی توندی حیزبوڵڵا و هاوپەیمانەکانی لە لایەک و لە لایەکی ترەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکەدا دروست دەکات، بە مانایەک بەرزکردنەوەی ئاستی دۆخی جەنگ و ئەگەری کێشکردنی ناوچەکەیە بۆ شەڕێکی گەورە و وێرانکەر و کوشتنی بە کۆمەڵ و خوێناوی.

پێشتر (بنیامین ناتانیاهۆ)، زنجیرەیەک هەڕەشەی لە دژی ئێران و هێزەکانی سەر بە ئێران بڵاوکردەوە. لە هەڕەشەکانیدا حیزبوڵڵای بە تایبەتی هێنایە ئاراوە، «بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە حیزبوڵڵا ڕێگای شەڕی هەڵبژاردوە، واتە ئیسرائیل جگە لە شەڕ هیچ بژاردەیەکی تری نییە». جگە لەوەش حوکوومەتی ئیسرائیل بانگهێشتکردنی دوو لیوای یەدەگی بۆ بەرەی باکوور ڕاگەیاند، کە ئامادەیە بۆ لەشکرکێشیی زەمینی بۆ سەر خاکی لوبنان!، بەم شێوەیە فراوانکردنی داگیرکارییەکانی ئیسرائیلە بۆ دەرچوون لەو قەیرانەی لە غەززەدا دەرگیری بووە، کە لەم بارەیەوە بە تیرۆری (حەسەن نەسروڵڵا) و بەشێک لە سەرکردەکانی حیزبوڵڵا، (ناتانیاهۆ) سەرکەوتنێکی بە دەست هێنا و کاریگەریی لە سەر بەرزکردنەوەی کەسایەتیی لە ناو ئیسرائیلدا دانا، لە هەمان کاتدا هەلی بۆ هەڵکەوتوە، کە درێژە بەم شەڕە دڕندانەیەی بدات. (ناتانیاهۆ)، لە ماوەی پازدە ساڵدا، ئیسرائیلی خستوەتە ناو جۆشی وەستانەوە لە بەرانبەر ئێراندا، تا ڕادەیەکی زۆر بەکاری هێناوە و دەرفەتی ئەوەی قۆستوەتەوە بیسەلمێنێت، کە بوونی ئێران چەندە مەترسیدارە و هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ سەر بوونی ئیسرائیل. بۆیە هەموو ناکۆکییە سیاسی و ستراتیژییەکان بە پێی دیدگای ئیسرائیل، هاوکاتە

لەگەڵ ئەم هەڕەشانە و مەترسیی ئێران بۆ سەریان، ئەگەر لە خەڵکی ئیسرائیل پرسیار بکرێت، کە زیاتر هەست بە متمانە لەگەڵ کێ دەکات، ئەوا زۆرترینیان (ناتانیاهۆ) هەڵدەبژێرن، تەنانەت ئەگەر لە چەپ بن یان نەیاری سەرەکیی (ناتانیاهۆ)ش بن. گرینگترین پرسیار لەم چوارچێوەیەدا، پێوانەی سەرکەوتن بۆ ئیسرائیل لە شەڕی لوبناندا چییە؟ بەشێک لە خەڵکی ئیسرائیل ئەوە دەبینن، کە ئامانجی سەرەکی لابردنی چڕبوونەوە و دوورخستنەوەی حیزبوڵڵایە لە ناوچەکەدا، بەشێکی تریش زیاتر پێداگرن لە سەر ئەوەی سەرکەوتن بە ڕووخاندنی حیزبوڵڵا و کۆتایی هێنان بە بوونی حیزبوڵڵا دەبینن.

لە گۆڕەپانی دیپلۆماسیدا، تەنانەت، ئۆپۆزسیۆنی ئیسرائیلیش دان بەوەدا دەنێن، کە چوونە ناو ڕێڕەوی دیپلۆماسی تەنیا دوای نیشاندانی هێز دەتوانرێت ئەنجام بدرێت، بە تایبەتی لە بەرانبەر ئەو ڕێکخراوانەی کە بە ڕێکخراوی تیرۆریستی وەسفیان دەکەن، بەو مانایەی کاتێ ئامادەی ئەگەری دانوستانن لەگەڵ ئەو هێزانەدا، کە تەواو هیلاکیان بکەن، هەر بۆیە ئەم ماوەیە (ناتانیاهۆ) باسێکی لە سەر دانوستان نییە و لە تاوانەکانی بەردەوامە. (ناتانیاهۆ) و ئیسرائیل، بە پشتیوانیی ئەمریکا و خۆرئاوا، پاراستنی ئیسرائیل وەک سەنگەر و قەڵایەک لە بەرانبەر وڵاتانی

خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە لایەکی ترەوە وەستانەوە لە بەرانبەر ململانێ و دەستتێوەردانی وڵاتانی زلهێزی وەک ڕووسیا و چین لە ناوچەکەدا حسابی لە سەر دەکەن، لەم بارەیەوە سەرکەوتنی ئیسرائیل لەم شەڕەدا دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە بۆ ئەمریکا، کە قەرەبووی بەشێکی گەورە لە شکستەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەکاتەوە. لە چەند مانگی ڕابردوودا، ئیسرائیل بزوتنەوەی حەماسی لاواز کردوە، هەروەها بەشێکی زۆر لە توانا و چەک و سەرکردەکانی حیزبولڵای لەناو بردوە، کە وەک هێزێکی چەکدار وەها لاوازی کردوە، کە بۆ ئێران زەحمەتە بتوانێت بۆ ساڵانی داهاتوو هەڕەشەی لە ئیسرائیل پێ بکات. لێرەوە دەتوانین بڵێین ئیسرائیل گەورەترین گورزیدا لە هەوڵی بیست ساڵەی ئێران لە بنیادنانی ئەو هێزە میلیشیایانەی ڕێکیخستبوون و دایمەزراندبوون.

ستراتیژی ئێران لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا چڕبووەتەوە لە سەر ئەوەی ئامرازی کاریگەر لە دەرەوەی سنورەکانی دابمەزرێنێت، تا لەو ڕێگەیەوە توانایی بەربەستێک دابمەزرێنێت کە ڕێگری لە نەیارەکانی دەکات لە هێرشکردنە سەری. ئێران بە قۆناغ چەندین هێڵی بەرگریی بنیادناوە، لە دوای لەشکرکێشیی ئیسرائیل، لە ساڵی (1982) لە لوبنانەوە دەستی پێکرد بە دامەزراندنی حیزبولڵای لوبنان، پاشان

لـە عێـراق کـە دوای لەشکرکێشـیی ئەمریکا لە سـاڵی (2003)، فراکسـیۆنەکانی هێزەکانی حەشـدی شەعبی پێکهێنـا، هەروەهـا لـە سـووریا و یەمەنیـش لـە دوای بەهاری عەرەبیی (2011) هەوڵیدا بۆ دروستکردن یان پشـتگیریکردنی میلیشیا ناوخۆیی و هاوردەکراوەکان، هەڵبەتـە حیزبولـڵا هـەرە گرینگتریـن و کارامەترینـی دەستکردەکانی ئێرانە. ئێران لە ڕێگەی ئەوانەوە شەڕی بـە وەکالـەت لە دژی نەیارەکانی دوور لە خاکی خۆی ئەنجامدا، بە بێ ئەوەی خۆی ڕاسـتەوخۆ تێوەگلابێت. ئەم ستراتیژە بۆ ماوەی نزیکەی دوو دەیە سەرکەوتو بوو لە ڕاگرتنی ئیسرائیل و ئەمریکا لە هێرشکردنە سەر ئێران، تا ئەو کاتەی لە سێپتەمبەری (2024)، ئیسرائیل توانی هێرشـی توند بکاتە سەر حیزبوڵڵا، کە پێدەچێت هەمان کاریگەریی ڕووداوەکانی سێپتەمبەری (2001) ی لـە سـەر سیسـتەمی ناوچەیـی هەبێت، بـە تایبەتی لـە سـنووردارکردنی ئێـران، بـەم شـێوەیە لـە ئاکامدا دۆخی ئێران تەواو دەشـێوێنرێت. ئیسـرائیل بە وردی پلانی داڕشتوە بۆ لەناوبردنی سەرکردەکانی حیزبوڵڵا و ئـەو هێزانـەی پاشـکۆی ئێرانـن لە ناوچەکـەدا، ئەم شـەڕە لەگـەڵ ئـەوەی زۆر توندوتیـژ و خوێناوییە، لە هەمان کاتدا زۆربەی هێرشە سەربازییەکان ئاڕاستەی حیزبوڵڵا و سـەرکردەکانی و لەناوبردنی چەکەکانیانە، بەڵام بە گشـتی لە سـەرەتای ئەم هێرشـە دڕندانەیەی

ئیسـرائیل بۆ سـەر غـەززە و لوبنان، تا ئێسـتا جیا لە کوشـتاری زیـاد لە چل هــەزاری دانیشـتوانی غەززە، ژمـارەی ئـەو ئاوارانـەی کـە لـە لایـەن ئیسـرائیلەوە ناچارکران بۆ هەڵهاتن زیاترە لە ملیۆنێک، ناسینەوەی ئـەم شـەڕە پێویسـتە لـەو شـوێنەوە لێکدانـەوەی بـۆ بکرێـت، کـە هێرشـی دڕندانـەی ئیسـرائیلە بـۆ سـەر خەڵکـی فەڵەسـتین و ڕەتکردنـەوەی چارەنووسـی خەڵکی فەڵەسـتینە لە خواسـتی دامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەسـتین. شـێوەی خـۆ بـە دوورگرتنـی حیزبوڵلا لە شـەڕی غەززە نەبووە هۆی ئەوەی ئیسـرائیل نەیکاتە ئامانـج، (ناتانیاهۆ) بڕیـاری داوە تواناکانی ئەو حیزبە نەهێڵێـت، دەتوانرێـت دوای چەندیـن خولـی هێـرش بگوتـرێ؛ کـە زۆربـەی سـەرکردەکانی بـە بـێ شـەڕ کوژراون و زۆربەی چەکەکانی حیزبەکەش لە کاتێکدا لـە نـاو فرۆشـگاکانیاندا بـوون لەناوچـوون، ئەمـەش دۆخێکی سەختە بۆ حیزبوڵلا و ئێران، کە چۆن بە بێ شکستی تر لەم دۆخە دێنە دەرەوە.

ئێـران نەگەییشـتوەتە قۆناغێـک کە دەسـتبەرداری حیزبولـلا بێـت، وە دەستبەرداریشـی نابێـت، تەنهـا کاتێـک نەبێـت کـە گۆڕانکارییەکـی گـەورە لـە تـاران ڕووبـدات، چوونکـە حیزبوڵلا گرینگترین سـەروەت و سـامانی سـەربازیی کۆماری ئیسـلامییە لە دەرەوەی ئێرانـدا، هـەر بۆیـە ئیسـرائیل هـەوڵ دەدات لە ڕێگەی

چڕکردنـەوەی لێدانەکانـی لـە حیزبولـڵا جیـا لـەوەی دەیەوێـت حیزبولـڵا کۆتایـی پـێ بهێنێـت، لـە هەمـان کاتـدا لـە هەوڵـی ئەوەدایـە، ئێـران کێش بـکات بۆ ناو شـەڕەکە و لـەم ڕێگەیـەوە دۆخەکـە زیاتـر بخاتە ناو چوارچێـوەی شـەڕێکی ناوچەیـی و فراوانەوە، ئەوەی جێـگای سـەرنجە لـەم هەلومەرجـەدا ئـەوە تەنهـا ئیسـرائیلە، کە هەڵگیرسـانی ئەم شـەڕە لـە ناوچەکەدا بـۆ بەرژەوەندییەکانـی حسـاب دەکات و پێداگـری لـە سـەر شـەڕی ناوچەییـی فـراوان دەکات. پێشـبینی دەکرێـت ئێران زیاتـر هەوڵ بدات ئاسـتی ململانێکانی لـە دژی ئیسـرائیل کـەم بکاتـەوە و بـە قازانجـی نییە بگلێتـە ناو شـەڕێکی فراوانەوە، سـەرکردایەتیی ئێران بـۆ خۆیـان ئـاگاداری ئەوەن، کـە هاوسـەنگیی هێز لە بەرانبەر ئیسرائیلدا لە قازانجیان نەماوە. شەڕی لەگەڵ ئیسرائیلدا چوار ڕاستی ئاشکرا کرد: یەکەمیان: ئەوەیە، کە ئیسرائیل توانای ئەوەی هەیە شەڕێکی درێژخایەن ئەنجـام بـدات، ئەگەری ئەوە هەیە ئەم شـەڕە نزیکەی سـاڵێک بخایەنێـت. دووەم: بیروڕای گشـتیی ئیسـرائیل گـۆڕاوە و تـا ڕادەیەک پاڵپشـتیی شـەڕەکە دەکەن، لە ئەنجامـی ئەمەشـدا (ناتانیاهۆ) بوو بە سـەرکردەیەکی مێژوویی لە نێو بەشـێکی زۆری هاوڵاتییانیدا. سـێیەم: ئیسـرائیل زۆر گرینگیی بە زیانـە مرۆیییەکانی نەداوە و نـادات، بـە بیانـووی ئەوەی کە هـەزاران کوژراو لە

نێو ڕیزەکانیدا ڕوویانداوە. چوارەم: شەڕی ئێستا ئەو ڕاستییەی پشتڕاست کردەوە، کە ئیسرائیل بووەتە هێزێکی سەربازیی بەتوانا و بێڕکابەر لە ناوچەکەدا و ئەمریکا و خۆرئاوا پشتیوانیی جدیی لێ دەکەن. کاتێک بزووتنەوەی حەماس ئۆپەراسیۆنی لافاوی ئەقسای دەست پێ کرد، لە ئەنجامدا، ئاشکرابوو کە بە پەرچەکرداری وێرانکاری ئیسرائیل لە سەر غەززە و دواتر هێرش بۆ سەر لوبنان، ئێران هەموو ئەو هێز و گەنجینانەی لە دەست دەدات، کە لە ماوەی دوو دەیەدا دروستی کردوون، ئەگەر شەڕەکە نەشگاتە ناوخۆی ئێران، بەڵام پێگە و هاوسەنگیی هێزی ئێرانی تەواو هێناوەتە خوارە، هەروەها مەترسیی کۆتاییی دەسەڵاتەکەشی ئەگەرێکە!.

به شێوەیەکی بێوێنە لە دوای ڕووداوەکانی (11)ی سێپتەمبەری (2001)ەوە. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، ئێران سوودی لە جەنگی کەنداوی دوەمی ئەمریکا وەرگرت، کە لە ئەنجامدا دوو دوژمنی سەرەکیی ئێران لە ناوچەکەدا (ڕژێمەکانی تاڵیبان لە ئەفغانستان و سەدام حوسێن)ی ڕووخاند، دەتوانین بڵێین کە دوای شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و دەستتێوەردانی خۆرئاوا و ئەمریکا لە گۆڕینی ڕێڕەوی ئەو شۆڕشانە بەرەو شەڕی ناوخۆ. دۆخی سیاسیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە جۆرێک ئاڵوگۆڕی

بـە خۆوە بینی، لە لایەک مایەی پشـێوی و ناجێگیریی سیاسـی و کارەسـاتەکانی فەراهەم هێنا لە ناوچەکەدا، لە لایەکی ترەوە دەرگای بۆ کۆماری ئیسـلامیی ئێران ئـاوالا کـرد، کە هەژموونی خـۆی بەرفـراوان بکاتەوە و گـروپ و هێـزی چەکـدار جێنیشـین بـکات، بـەڵام لـە دوای هێرشـەکانی ئیسـرائیل بـۆ سـەر غـەززە و باشـووری لوبنان، دوای ئەوەی ئیسـرائیل توانی هێڵی بەرگریـی ئێـران لـە هەمـوو گۆشـەکانەوە لاواز بکات و یـەک لـە دوای یـەک هاوپەیمانەکانی ئێـران لاواز و بێکاریگـەر بـکات، ئیتر هیچ شـتێک نییـە ڕێگری بکات، کـە ڕاسـتەوخۆ ئێران بکاتـە ئامانج، ئەگـەر چی ئێران لـە لای خۆیـەوە پێی وایە، ئەگەر خـۆی لە چوونە ناو ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی ڕاسـتەوخۆ بـە دوور بگرێت لەوانەیـە لـە ژیانـدا بمێنێتـەوە، بـەڵام وا پـێ دەچێـت ئیسـرائیل بەم ئاستەی ئێستا واز لە کۆماری ئیسلامی نەهێنێ؛ چ بە پەلکێشکردنی بۆ ناو جەنگێکی ڕاستەوخۆ یاخـود بـە سـەپاندنی کۆمەڵێـک مـەرج بـە هاوکاریی ئەمریکا و خۆرئاوا بە سەریدا، کە باڵادەستیی ئێران لە ناوچەکـەدا کۆتایی پێ بێنێـت و بگرە ئەگەری ئەوەش فەراهـەم بـکات، کـە دەسەڵاتەکەشـی ڕووبـەڕووی لەناوچوون بێتەوە!

لە ڕاستای هەڵگیرسانی جەنگێکی فراوانی وێرانکەر و قوربانییەکی بێشومار لە خەڵکی سڤیل و بێتاوانەوە،

گۆڕانـكاری لە ڕووخسـاری ناوچەكـەدا مانای چوونە نـاو دەورەیەكـی تـرە لـە ململانێـی سیاسـیی نێـوان وڵاتانـی زلهێزی دنیا و خوڵقاندنی شـێوازێكی نەرێنی تـر، لـە چڕكردنەوەی گێـژاو و ناجێگیریی سیاسـی لە ناوچەكەدا بە گشـتی و لە ئێراندا بە تایبەتی، پێشـبینی دەكرێـت. ڕێـڕەوی بەرگرتـن بـەم كوشـتارگایەی ئیسـرائیل بـە ڕێـی خسـتوە و گرینگتریـن هەڵوێسـت و كاردانـەوەی كاریگـەر بـۆ بەرگرتـن بـەم شـەڕە، فراوانكـردن و بەهێزكردنی بەرەی دژی داگیركاری و هێرشـەكانی ئیسـرائیلە لە جیهاندا، كە بەرانبەر خەڵكی فەڵەستین و ناوچەكە ئەنجامی دەدات.

# (7)
# چارەنووسی ئێران لە پێوەند
# بە باڵادەستیی ئەمریکاوە

دوابەدوای هێرشی دڕندانەی حوکومەتی ئیسرائیل، بۆ سەر دانیشتوانی ئێران، دۆخی دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران کەوتە بەردەم ڕاگرتنێکی نادیارەوە، کە بڕیار بوو لە (15)ی حوزەیران خولی شەشەمی دانوستانەکانی لە عومان بەڕێوە بچێت. تاران چەندە ئارەزووی ڕێککەوتنی هەبێت و مەیلی نزیکبوونەوە بۆ ئەمریکا نیشان بدات، لە هەلومەرجی هەڵگیرسانی شەڕێکی وەک ئێستادا و کێشکردنی ڕاستەوخۆی ئێران بۆ ناو ئاگری ئەو شەڕە، هەر چەندە چین بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکە داوای کردوە تاران بچێتە ناو دانوستانەکەوە، بەڵام ئەستەمە بۆ تاران بتوانێ بچێتە ناو دانوستانێکەوە، کە بۆ خۆی ئەمریکا بە هۆکاری ئەو هێرشانە بناسێنێت. لە لایەکی تریشەوە ئەگەر ئێران لە ڕاستای دۆخی ئەم شەڕەدا هەر جۆرە هێرشێک بکاتە سەر بەرژەوەندیی ئەمریکا یان کردەوەیەکی بێباکانە ئەنجام بدات، ئەگەری ئەوە زۆرە کە دانوستانەکان بە تەواوی دابخرێن و کردنەوەی دەرگای شەڕەکەش فراوانتر دەبێت. لە جیهانی دوای (7)ی ئۆکتۆبەردا،

دەسـەڵاتدارانی ئیسـرائیل وەهـا نیشـان دەدەن، چـی تـر ئامادە نین هیوای باشـترینیان هەبێـت، لە بەرانبەر ئـەو دوژمنانەی سـوێندیان خواردوە بـۆ لەناو بردنی ئیسرائیل، کە چەکی پێویست بۆ گەییشتن بەو ئامانجە کەڵەکـە دەکەن. لێـرەوە (ناتانیاهۆ) وەها ڕادەگەیەنێت، کە گەییشتوەتە ئەو ئەنجامەی کە «دەوڵەتی ئیسرائیل هیـچ بژاردەیەکـی لـە بەردەسـت دا نەمـاوە»، جگە لە بەرگریکـردن لـە هاوڵاتییانـی، بە خـۆ ئامادەکردنی بۆ هێرشکردنە سەر دوژمنەکانی.

حوکوومەتـی ئێـران لـە نـاو جەرگـەی ئەم شـەڕە خوێنـاوی و وێرانـکارەدا، ئێسـتا خـۆی لـە مەوقعێکی بەرگریدا دەبینێتەوە، نەک تەنها لەبەر ئەوەی نەیتوانی خەڵکی مەدەنی و بەرپرسە باڵاکانی کۆماری ئیسلامی لـە هێرشـەکانی ئیسـرائیل بپارێزێـت، لە هەمـان کاتدا دەرگیرە لە وەڵامی دەرئەنجامی ئەو سیاسـەتانەی کە ئێرانیـان لـە کۆمەڵگەی جیهانـی زیاتر دابـڕاو کردوە، لەمێـژە لـە ئاکامـی بێزاریـی زۆرێـک لـە ئێرانییـەکان دەیانەوێت ببینن کۆماری ئیسلامی کۆتایی دێت، بەڵام ئەوەی گرینگە زۆربەیان نایانەوێت ئەم دەرئەنجامە بە نرخی خوێنڕشـتن و شەڕێکی لەم جۆرەی ئێستا بێت. وەسـتانەوەی تاران بەرانبەر ئیسـرائیل، بە دروشـمی بەرگـری لە خۆی، کە زیاتر بـۆ ئەم بەرگرییە جەختی لـە سـەر شـوێنە مەدەنییـەکان و کوشـتنی هاوڵاتییان

و وێرانکردنـی شـارەکانە، ڕۆژانی داهاتوو ئاشـکرای دەکات، کـە ئایـا تـاران دەتوانێت سـەقامگیریی ناوخۆ بپارێزێـت؟!، کـە هەڵبژاردنـی ئـەم ڕێگایـە ئەگـەری مەترسـییەکی بەرچاویـان لە سـەر مانـەوەی کۆماری ئیسـلامی هەیـە، بـە تایبەتـی لـە بەردەوامیـی ئـەم ڕێـڕەوەدا، ئەمریـکا دەخاتـە بـەردەم دەسـتتێوەردانی ڕاسـتەوخۆ بـۆ لێدان لە تـاران. دەتوانین بڵێین لە هەر هەنگاوێکی هەڵکشـانی ئەم وەسـتانەوەیەی ئیسـرائیل و ئێـران بەرانبەریـەک، ئـەوە لـە بەرچـاوە، کـە بـە شـێوەیەکی بەردەوام ئەمریکا پشـتیوانی بۆ ئیسرائیل ڕادەگەیەنێـت، ئەمـەش مەترسـیی گەورەبوونـەوەی شـەڕەکە دەخاتە بەردەم دەسەڵاتدارانی ئێران، بەوەی هێزەکانی ئەمریکا ڕاسـتەوخۆ بێنە ناو شـەڕەکەوە. لە سـەردانەکەی (ترامپ) بۆ کەنداو لـە مانگی ئایاردا، بە حوکوومەتەکانـی کەنداوی گوتوە لایەنگری ئیسـرائیلە سـەبارەت بە پێویستیی گرتنەبەری ڕێوشوێن لە دژی ئێـران، سـەرکردەکانی وڵاتانـی کەنـداو هاوسـۆزییان بـۆ ئێـران دەرنەبڕیـوە، لـە دنیـای واقعیشـدا ئەمریکا نەک پشـتیوانیی ئیسـرائیل دەکات، بەڵکوو (ترامپ) لە ڕاگەیاندنەکانیـدا ئـەوە نیشـان دەدات، کـە ئامادەیە بۆ چوونە ناو شەڕەکەوە.

(ناتانیاهـۆ)، دەڵێت: «توانای ئەوەی نییە ڕێگە بدات بە دانوستان لەگەڵ ئێران یاری بکات»، بۆیە درێژەدان

بە هاوشێوەی هێرشەکانی بۆ سەر غەززە و لوبنان، لە ئێرانیش بە هەمان شێوە بەردەوام دەبێت. (ناتانیاهۆ) وەها ڕادەگەیەنێت؛ کە هیوای ئەوەیە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران تەواو لەناو بچێت، کە هەرگیز نەتوانێت بگەڕێتەوە، ئەوەش دەبێتە ڕەوایەتیدان لە خەیاڵاتی (ناتانیاهۆ)دا. ئەگەر ئەو ئەتۆمە لە ئێران کۆتایی نەیەت، ئەوە دەبێت خەڵک و حوکوومەتی ئیسرائیل لەگەڵ ئەو ڕەوایەتیدانەدا بژین، کە (ناتانیاهۆ) دروستیان دەکات، لە کاتێکدا کە دەوڵەتانی کەنداو دیدێکی نوێ بۆ جیهانی عەرەبی پێشنیار دەکەن، کە لە سەر پێکەوەژیان لەگەڵ ئیسرائیل بنیاد بنرێت، کە لە سەرمایەگوزاری و گەشەسەندنی ئابوورییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام ئەم هێرشانەی ئیسرائیل بە ناوی پاراستنی ئیسرائیل و ڕزگارکردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە هێرشکردنە سەر ئێران، مەترسیی زیاتری وێرانکاری، توندوتیژی، کوشتنی بەکۆمەڵ و ناسەقامگیری دەخاتە ناو بازنەیەکەوە، کە مەترسییەکی گەورە لە سەر کەنداو و بوونی ئیسرائیلیش دروست دەکات. ئەوەی (ترامپ) و ئەمریکای خستوەتە ناو ئەم بازنەیەوە و لایەنگری لە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران دەکات، ئەجێندای باڵادەستیی ئەمریکا و هەوڵدانی بنەبڕکردنی پێگەی ڕووسیا و چینە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەر بۆیە ئەم هێرشەی ئیسرائیل بۆ

سـەر ئێران دەتوانێـت «قومار»ێکی گەورە بێت، بە لە بەرچاوگرتنی کاردانەوەی ئەگەری ناوچەیی و جیهانی، لـە ئەنجامـدا چارەنووسـی ئێران دەخاتە نـاو گێژاوی گۆمێکـی قوڵـەوە. وەڵامدانەوەی ئێران بە تایبەتی ڕوو بە تەلئەبیب بە سـەدان مووشـەکی بالیسـتی کردوەتە ئامانج، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئێران هێشتا لە توانایدا ماوەتەوە زیانی بەرچاو بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە سەرانسەری جیهاندا بگەیەنێت، بۆیە ئیسرائیل پێویستی بە هێزی زەمینی یان هاوکاریی ئەمریکا دەبێت بۆ پەککسـتنی هێرشـی مووشـەکی و بەرنامـە ئەتۆمییەکـەی ئێران، ئەگەر ئەم دۆخە گەشـە بـکات و ببێتە شـەڕێکی ناوچەیی، دەکرێـت لێکەوتەی ترسـناکی ناسـەقامگیریی بەرفـراوان بۆ باقـی جیهان بـە دوای خۆیـدا بهێنێت، کە ڕووخانی ڕژێمی ئێرانیش لـە ڕێگـەی ئـەم هێرشـانەی ئیسـرائیل و ئەمریـکاوە، دەکرێت تا ڕادەیەکی زۆر ئاکامی ناسەقامگیریی زیاتر و گێژاوێکـی سیاسـیی بەرینتـر بێـت لـە ناوچەکـەدا، هەروەها ناتوانرێت پێشـبینیی ئەوە بکرێت لە ئەنجامی ئەم دۆخە پڕ ئاژاوەیەدا چی تری بە دوادا دێت و چی لێ دەکەوێتەوە.

ترەمـپ چەندیـن جـار ڕایگەیانـدوە، ئەگـەر ئێـران ڕازی بێـت بە داواکارییەکانـی ئەمریکا بۆ قەبووڵکردنی سـنووردارکردنی تونـد بـۆ بەرنامـە ئەتۆمییەکـەی،

هێرشـەکەی ئیسـرائیل بـە خێرایـی کۆتایی دێـت، بەڵام ئـەوەی (ترامـپ) و ئەمریـکا دەیانەوێـت لـە سـەروو بەرنامـەی ئەتۆمییـە، ئەویـش دەرچوونـی ئێرانـە بـە یەکجـاری لـە بازنەی چین و ڕووسـیا، لـە هەمان کاتدا گواسـتنەوەی ئێـران بۆ ناو بازنـەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریـکا، گەر ئێـران ئەو کارە بکات و ملکەچی ئەمریکا بێـت، پێم وایـە ئەمریکا بەر بە بەرنامە ئەتۆمییەکەشـی ناگرێـت. ئـەم شـەڕە وێرانکارییـە بـە بێ دانانـی هیـچ سـنوورێک بـۆ ناوچـەی نیشـتەجێبوون و ناوەنـدە پیشەسـازییەکان، کـە شـوێنی کار و ژیانـی خەڵکـی گرتوەتـەوە، گورزێکـی گەورەیـە لـە ژیـان و ئەمنیەتی خەڵکـی ئێـران، بـە هیـچ جۆرێـک ناتوانرێـت مـژدەی سـبەینێیەکی باشـتر لـە دوای بۆردومـان و ئاگـر و وێرانکاری بدرێت. هێرشـەکانی ئیسـرائیل و پشتیوانیی ئەمریـکا بـۆ ئـەم هێرشـانە پێوەندیـی بە ئایندەی مان و نەمانـی کۆمـاری ئیسـلامییەوە نییـە، پێوەندیـی بـە یارمەتیدان بۆ ڕووخاندنی دەسـەڵاتی سیاسی لە تاران نییـە، هێرشـێکە بـۆ باڵادەسـتی و پاوانخوازیی ئەمریکا لە ناوچەکە و جیهاندا، بۆ زاڵبوونی ئیسـرائیلە بە سـەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـتدا، لێرەوە دەتوانین بڵێین پرسـی ئەتۆمیی ئێران هەمیشە بیانوویەک بووە بۆ هەڵگیرسانی شەڕ و لێدان لە ئێران، کە لە ئاکامدا گەورەترین قوربانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران دەبن.

هەڵبەتە بەردەوامیی ئەم هێرشانە، ڕاکێشانی تەواوی ناوچەکەیە بۆ قۆناغێکی ئاڵۆزتر و تاریکتر و مەترسیدارتر، وەک هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە، لوبنان و سووریا و کوشتنی سەدان هەزار کەسی بێتاوان، بارینی مووشەکەکانی ئێران بۆ سەر ناوەندە سەربازی و نیشتەجێبوونە جیاوازەکانی ئیسرائیل، سەرەتای شەڕێکە کە ڕەهەند و پانتایی و داهاتوو و هەروەها ڕادەی قوربانییە مرۆیییەکان و ڕادەی زیاتربوونی وێرانکاری و دەرئەنجامە مەترسیدارەکانی بۆ خەڵکی ئێران و ناوچەکە، نادیارە. گومانی تێدا نییە، کە ئەم هێرشانەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران زیانێکی زۆر بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و ناڕەزایەتی و خەباتی جەماوەری لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا دەگەیەنێت، جگە لە دەرئەنجامی وێرانکاری، گێژاو و ناسەقامگیری، ترس، دڵەڕاوکێ، نەهامەتی و بێئومێدی بە سەر خەڵکی ئێراندا دەسەپێنێت، لە هەمان کاتدا دەستی کۆماری ئیسلامی زیاتر دەکاتەوە، کە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بەرێتە دواوە. بەشێک لە خەڵکی ئێران، کە لە ژێر کاریگەریی ئۆپۆزسیۆنە ڕاستڕەوەکاندان لە نموونەی موجاهیدین و بەشێکی زۆر لە ناسیۆنالستەکان، ئێستا زۆر دڵخۆشن بە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، ئەو هێرشانەی کە بریتین لە وێرانکردنی ژێرخانی

ئابووری، سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی گاز و نەوت، بەندەرەکان و کوشتاری بە کۆمەڵ، ئانیدەی ڕژێمی خستوەتە حاڵەتێکی هەستیارەوە و ئەگەری دارمانی ئەو ڕژێمە لە ئارادایە، بۆیە ناردنی خەڵک لە ئێستادا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەستبەجێ لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەم دۆخەدا، کردەوەیەکی نامرۆڤانە و تاوانکارییە، تەنیا ئەو هێز و لایەنانە کارێکی لەو چەشنە دەکەن، کە نابەرپرسانە و وەک تالانچی و چەتە، مامەڵەی دۆخەکە دەکەن، لەم هەلومەرجەدا هەوڵ دەدەن خەڵک کێش بکەن بۆ ناو مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرانبەر ڕژێمدا و تاکوو بیانکەنە قوربانیی بەرژەوەندیی ئامانج و سیاسەتەکانیان، کە ئاکامەکەی شکستی سەرسەختی هیوای ئینسانیی نارەزایەتییەکانە و دەبێتە هۆی نائومێدییەکی تەواو، ئەمەش کاری ئەو لایەنانەیە کە خۆیان لە سەروو ئیرادەی خەڵکەوە دەبینن، دژی ڕۆڵ و دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی خەڵکن لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

# (8)
# کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی غەززە، پێوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق وەرچەرخانێکی ئاڵۆزتری بە خۆیەوە بینیوە، بەو پێیەی هێزە میلیشیا عێراقییەکان کە لە لایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن، وەک حیزبوڵڵای عێراقی، زیاتر لە (170) هێرشیان کردوەتە سەر هێزەکانی ئەمریکا، کە لە عێراق و سوریا جێگیرن، بە کەڵک وەرگرتن لە مووشەکی مەودا کورت و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان. جگە لەوەی حیزبوڵڵا بە ناوی پشتیوانیکردن لە غەززە و حەماس ئەم هێرشانەیان ئەنجام داوە، لە هەمان کاتدا سوودیان لە بەرزبوونەوەی هەستی توڕەیی و ناڕەزایەتیی خەڵکی ناوچەکە بەرانبەر بە ئەمریکا و ئیسرائیل وەرگرتوە، بە مەبەستی زیادکردنی فشارەکان لە سەر بوونی ئەمریکا لە عێراقدا، بە ئامانجی پاشکشە پێ کردن و پاڵنان بە واشنتۆنەوەیە بۆ کۆتایی هێنان بەو ستراتیژە درێژخایەنەی کە چەندین ساڵە بە دوای فشاری ملکەچکردنی ئێرانەوەیەوە بۆ بردنە پێشەوەی نەخشە و سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا، ئەو نەخشە و سیاسەتەی کە نەیتوانیوە سەرکەوتن بە دەست بهێنێت.

هەر چەندە سەرکردەیەکی حیزبی دەعوە ئاشکرای کردوە، کە سەرکردەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی ڕێککەوتوون لە سەر ئەوەی دەبێت تا کۆتاییی ئەمساڵ سەرجەم هێزە بیانییەکان بە گوێرەی خشتەیەکی کاتی لە عێراق بڕۆنە دەرەوە، بەڵام کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق نزیک نییە، هەڵبەتە ئەوە ئاشکرایە، کە ئەو هێزانە لە ژێر فشاردا دەمێننەوە، چاوەڕوانیش ناکرێت گفتوگۆکانی نێوان عێراق و ئەمریکا ببنە هۆی کشانەوەی کتوپڕی ئەمریکا لە عێراق.

بەردەوامبوونی شەڕ لە غەززە و پەلهاویشتنی شەڕەکە بۆ لوبنان و بانگەوازی ئەوەی مەترسیی ئەوە هەیە ئەم شەڕە فراوانتر ببێتەوە لە ناوچەکەدا، ئەو بیانوە دەدات بە ئەمریکا، کە پاراستنی بنکە سەربازییەکانی لە ناوچەکە بە گشتی و لە عێراق بە تایبەتی بهێڵیتەوە، گەر فشاری زیاتریش لە سەر بوونی ئەمریکا لە عێراقدا لە لایەن هێزە میلیشیاکان و ئێرانەوە بەکار بهێنرێت، ناچارە بمێنێتەوە. لە لایەکی ترەوە واشنتۆن ترسی ئەوەی هەیە، کە کشانەوەی لە عێراق، لە نێوان ململانێکان و کێبڕکێی بەردەوامی نێوان گروپە عێراقییەکان، مانای زیاتر گواستنەوەی عێراق و هەرێمە بەرەو ڕادەستبوونی تەواو بە هەژموونی ئێران. (سودانی)، کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی دۆخێکی سەخت بووەتەوە، پێویستی

بەوەیە هاوسەنگیی پێوەندیی حوکوومەتەکەی لەگەڵ هەر دوو ئەمریکا و ئێران بپارێزێت، لە هەمان کاتدا فشاری هێزە میلیشیاکانیش لە خۆ بگرێت، لە لایەکی تریشەوە بەردەوامی دەدات بە فشارەکانی خۆی بە سەر حوکوومەتی هەرێمدا، بە هاوکاتی چوونە پێشەوەی سیاسەتی ناوەندبوونەوەی حوکوومەتی عێراق. پەرەسەندنی سەربازیی ئەمریکا لە دژی میلیشیا عێراقییەکان، لە کاردانەوەی کوشتنی سێ سەربازی ئەمریکی لە بنکەیەکی ئەمریکی لە ئوردن، گۆڕینی عێراقی بۆ ژینگەیەکی دوژمنکار بەرانبەر بە بوونی ئەمریکا خێراتر کرد، هاوکات جۆری داواکانی حوکوومەتی (سودانی) بۆ کۆتایی هێنان بە بوونی ئەمریکا، ناچارییەکە بۆ موجامەلەی هێزە میلیشیاکان و ڕاگرتنی ئێران، تا بە جۆرێک لە ئێستادا خۆی لە هەڕەشەی زیاتری ناسەقامگیریی سیاسی بپارێزێت، بەم شێوەیە دۆخی قەیرانی نێوان پێکهاتە سیاسییە جیاوازەکان لە عێراقدا، کە چەندین ساڵە بە دەستیەوە دەناڵێنن بەردەوامە و بە ئاسانی کۆتایی نایەت. لە لایەکی تریشەوە ئەوە شاراوە نییە، کە هەوڵەکان بۆ خواستی کۆتایی هێنان بە ئامادەبوونی سەربازیی ئەمریکا سەرچاوەیەکی دووبەرەکیی نێوان بەغداد و هەولێرە. حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە هەر ئاستێک لە گەییشتن بە بێ ئاسۆیی لە بەرانبەر

ئەمریـکادا، بـەڵام دژایەتیـی کشـانەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا لە عێراق دەکەن، چوونکـە دەمێکە لە گۆڕانی هاوسەنگیی هێزیان بەو ئاکامە گەییشتوون، کە بە بێ بوونی ئەمریکا ناتوانن لە بەرانبەر هێزە میلیشـیاکانی عێـراق و هـەر هێرشـێکی ئێرانـدا خۆیـان بپارێـزن و قەوارەکەیان ڕابگرن.

گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان کوتلە شـیعەکان و هێزە ئەمریکییـەکان لـە عێـراق زیاتـر بووە، ئـەوەش دوای تیرۆرکردنی «موشتاق جەواد ئەلسەعیدی» ناسراو بە «ئەبو تەقوە»، کە بە سـەرکردەیەکی دیاری هێزەکانی حەشـدی شـەعبی دادەنرێت. فراکسـیۆنە عێراقییەکان کـە لـە دژی بوونـی ئەمریـکا چالاکـن، بـە تایبەتـی «بەرەنگاریـی ئیسـلامی لـە عێـراق» بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە هێرشـەکانی دژی هێزەکانـی ئەمریـکادا ڕۆڵێکی زۆر دەبینێت، هەروەها بەشـێکن لە هێزەکانی حەشـدی شـەعبی، بەڵام پێوەندییان بە «چوارچێوەی هەماهەنگی»ی شـیعەکانەوە نییـە. جگە لە حیزبوڵڵای عێراقی، کە وەسـتانی هێرشـەکانی بۆ سـەر هێزەکانی ئەمریـکا ڕاگەیانـد، بـەڵام «بەرەنگاریـی ئیسـلامی لـە عێـراق» هێشـتا بەردەوامـن لـە ئۆپەراسـیۆنەکانیان. عێراق شاهیدی پەرەسەندنی گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و کوتلـە چەکدارە شـیعەکانە کـە ئێـران پاڵپشـتییان دەکات، بە سـەرۆکایەتیی یەکینەکانی حەشدی شەعبی

بــە مەبەســتی دەرکردنــی هێزەکانی ئەمریـکا، ئەمەش فشــارەکانی بۆ سەر حوکوومەتی بەغداد زیاد کردوە. فشــارەکان لــەم چوارچێوەیەدا تا دەگاتــە بەکارهێنانی بژاردەی چەکداری، هەوڵدانی هێزە میلیشیاکان و ئێرانە بۆ سەپاندنی بڕیارێکی سیاسی، تا لە لایەن (سودانی) یەوە دەربکرێت بۆ دەســتپێکردن بە دوورخســتنەوەی هێزەکانــی ئەمریـکا، بــەڵام (ســودانی)یش لــە هەوڵــی ئەوەدایــە، کــە لــە ڕێگــەی دیپلۆماســی لەگــەڵ بابەتــی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا مامەڵە بکات.

لــە ســەرەتای ئەمســاڵەوە واتــە (2024)، گرژی و ئاڵــۆزی لە ســەر بابەتــی چوونــە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا زیادی کردوە، زۆربەی لێدوانەکانی (سودانی)، کە داوا لە واشــنتۆن دەکات هێزەکانی بکشــێنێتەوە، لە ئەنجامی فشــاری لایەنــە چەکـدارەکان و ئێرانە، بەڵام ئەوە پێشــبینی دەکرێت کە (ســودانی) ئەو نیازەی نییە ئامــادە بێــت بڕیارێکی لە وچەشــنە دەربـکات، کە داوا بـکات هێزەکانــی ئەمریـکا بــەم نزیکانە عێـراق بە جێ بهێڵــن. ئەمریـکا چەنـد هەفتەیەک پێـش جەنگی غەززە لەگــەڵ حوکوومەتــی بەغــداد چووبــووە گفتوگـۆ، بـۆ گفتوگۆکردن لە سەر دانانی خشتەی کاتیی دەرچوونی هێزەکانــی، بــەڵام گفتوگــۆکان وەســتا دوای ئــەوەی لایەنــە شــیعەکان دوای (7)ی ئۆکتۆبــەر هێزەکانــی ئەمریکایــان کــردە ئامانــج، واشــنتۆن لــەو کاتــەدا بــە

(سـودانی) ڕاگەیانـدوە؛ کە ئیـدارەی (جـۆ بایدن) هیچ نیازێکی نییە لە ئێستادا وادەیەک بۆ دەستپێکردنەوەی ئەم دانوسـتانانە دیـاری بکات. سـەرچاوە ئەمنییەکان لـە هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی ڕایانگەیانـدوە، ئـەو لایەنانەی بەشـدارن لە هێرشـەکان بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، ئێستا لە بارەگا سەرەکییەکانیان لە شارەکان دەکشێنەوە و بەشێک لە سەرکردەکانیان بۆ خۆپاراستن ڕۆیشتوون بۆ ئێران. هەروەها جەختیشیان لـەوە کردوەتـەوە، کـە دۆخـی عێـراق ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ مەترسـیدارتر دەبێـت، بە تایبـەت لەگەڵ ئەگەری هێرشـی ئێران بۆ سـەر هەولێر، لە کاتێکدا چاوەڕوان دەکرێـت کـە ئەمریکییـەکان لە ئاسـت ئەو هێرشـانەدا بێدەنـگ نەبـن، چ لـە سـەر بنکەکانیـان لە عێـراق، یان لە سـەر شـوێنەکانی نزیک لە شوێنەکانیان لە هەولێر. سـەرچاوەیەکی سیاسـی لە چوارچێوەی هەماهەنگیی شـیعە ئـەوەی ڕاگەیانـدوە، پرسـی دوورخسـتنەوەی ئەمریکییـەکان لـە عێـراق دەسـتیکردوە بـە بردنـی وڵات بـۆ قۆناغێکـی ئاڵۆزتر و مەترسـیدار، لە کاتێکدا هەمـوان لە بـەردەم خەڵکدا دەڵێن؛ کە دەیانەوێت هێزە ئەمریکییەکان بچنە دەرەوە، بەڵام لە واقیعدا جیاوازی هەیـە لـە سـەر چۆنێتیـی کردنـە دەرەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا، بە تایبەت لە نێـو چوارچێوەی هەماهەنگی و هێزەکانی حەشدی شەعبیدا.

شایەنی باسە، چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بە چەترێکی سیاسی دادەنرێت، کە هەموو لایەنە تەقلیدییە شیعەکانی عێراق کۆدەکاتەوە، سەرکردایەتیی حوکوومەتی ئێستای عێراق دەکات، جگە لە ڕەوتی سەدر، هەروەها گەورەترین بلۆکی پەرلەمانیی عێراقیان هەیە. (قەیس خەزعەلی) کە سەرۆکایەتیی فراکسیۆنی (عەسائیب ئەهلی حەق) دەکات، یەکێکە لە بەهێزترین کوتلە چەکدارەکانی شیعە، بە یەکێک لە دیارترین سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی دادەنرێت، خاوەنی ژمارەیەکی زۆرە لە کورسییەکانی پەرلەمان، هاوکات بە تایبەتی پشتگیری لە (سودانی) دەکات، ژمارەیەکی زۆر پۆستی گرینگی لە حوکوومەتی بەغدادا هەبووە، لە ئێستادا لەگەڵ ئەوەدا نییە، بە لێدانی چەکداری ئەمریکا لە عێراق بکرێتە دەرەوە. هەندێک لەو لایەن و هێزە میلیشیایانە دەیانەوێت ئەمریکییەکان بە زۆر، بە چڕکردنەوەی هێرشەکان بۆ سەریان دووریان بخەنەوە، بەڵام هەندێکی تریان دەڵێن؛ کە توندوتیژی لەم بابەتەدا دەبێتە هۆی دەرئەنجامێک کە عێراق بەرگەی ناگرێت. یان هەندێکی تریان دەڵێن ئێمە دەمانەوێت هێزە ئەمریکییەکان وڵاتەکەمان بە جێ بهێڵن، بەو پێیەی ئێستا عێراق وڵاتێکی سەربەخۆیە، باشترین چارەسەر بۆ گەییشتن بەم ئامانجە چارەسەری «دیپلۆماسیە»

و فشار بخرێتە سەر حوكوومەتی (سودانی) بۆ ئەوەی بچێتە دانوستانەوە لەگەڵ ئەمریکییەکان بۆ دانانی بەرنامە بۆ دەرچوونی هێزەکانیان. لە لایەکی ترەوە، فراکسیۆنەکانی تری ناو هێزەکانی حەشدی شەعبی، دیپلۆماسی بە نیشانەی لاوازی دەبینن، بژاردەی چەکداری وەک چارەسەرێکی ئایدیاڵ بۆ دەرکردنی هێزە ئەمریکییەکان لە عێراق دەبینن و چڕکردنەوەی هێرشەکان بۆ سەریان دەتوانێت ئەم ئامانجە بەدی بهێنێت. لیواکانی حیزبوڵڵای عێراق و بزووتنەوەی (نوجەبا)، دوو کوتلەی بەهێزن لە ناو هێزەکانی حەشدی شەعبیدا، کە بە گوتەی سەرکردەکانیان دەیانەوێت هێزەکانی ئەمریکا بەزۆر لە وڵات دوور بخەنەوە، هەروەها دەڵێن هەر کەسێک لە حوکوومەت و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەدا دەبینێت، کە دیپلۆماسی و دانوستان باشترین چارەسەرە بۆ دەرچوونی ئەمریکییەکان لە عێراق وەهمییە و هەوڵ دەدات بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی بپارێزێ، بۆیە چڕکردنەوەی هێرشەکان چارەسەری ئایدیاڵە، بەو پێیەی کە داگیرکەر لە ڕێگەی دیپلۆماسی و دانوستانی سیاسی وڵات بە جێ ناهێڵێت، بەڵکوو لە ڕێگەی بەرەنگارییەوە وڵات بە جێدەهێڵێن. لە هەمان کاتدا دەڵێن: «ئەگەر چوارچێوەی هەماهەنگی و (سودانی) دەیانەوێت لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە

ئەمریکییەکان دەربکەن، ئەوا ئازادن، با چارەسەری چەکداری بۆ ئێمە بە جێ بهێڵن بۆ دەرکردنی داگیرکەران لە وڵاتەکەمان».

لە کاتێکدا، کوتلەی (عەسائیب ئەهلی حەق) ئامادە نەبوو بەشداری لە هێرشکردنە سەر هێزە ئەمریکییەکان لە عێراقدا بکات، ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان فشارێکی زۆر دەکەن بۆ دەرکردنی ئەمریکییەکان، حیزبوڵڵای لوبنان نوێنەری خۆی ڕەوانەی عێراق کردوە، بە مەبەستی دارشتنی پلان بۆ دوورخستنەوەی هێزەکانی ئەمریکا. فشاری حیزبوڵڵای لوبنان لە عێراق بۆ لابردنی هێزەکانی ئەمریکا، فشاری زیاترە بۆ سەر لایەنگرانی (سودانی)، دەشڵێن: «پێداگریی حیزبوڵڵای لوبنانی و عێراقی و (ئەلنوجەبا) بۆ دەرکردنی ئەمریکییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەبن و ئەمەش وامان لێ دەکات پێکدادان ڕەت نەکەینەوە. ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەوان و واشنتۆن ئەگەری ئەوە هەیە بە شێوەیەکی توندتر لە ڕۆژانی داهاتوودا بەرەو ڕووی یەکتر ببنەوە"!؟

لەگەڵ ئەو بۆچوون و جیاوازییانەی لە بەرانبەربوونی ئەمریکا، کە بووەتە کێشەیەکی جدی بۆ حوکوومەتی عێراق، بەڵام ئاستی ململانێکان و ئاڕاستەی پێداویستیی ئەمریکا بۆ مانەوەی لە عێراقدا، ئەوە پێشبینی دەکرێت کشانەوەی ئەمریکا لە عێراقدا وەک کەیسێک بە هەڵواسراوی دەمێنیتەوە. واقعیەتی

بوونی ئەمریکا و ئەم ململانێیەی نێوان هێزە شیعەکانی عێراق، لە سەر چوونە دەرەوەی ئەمریکا، جیا لەوەی فشاری ئێران ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، بەڵام شەڕی غەززە، ئەم دۆخی ململانێیەی چڕتر کردوەتەوە، دەرفەتی داوە بە ئێران، کە لەو بارەیەوە بتوانێت فشارەکانی زیاتر بکات، بۆ زیاتر شکستهێنان بە ڕۆڵی ئەمریکا لە عێراق و لە ناوچەکەدا، بەم جۆرە کە زیاتر ئاڵۆزبوونی دۆخەکەمان نیشان دەدات، لە دواجاردا بە بەرژەوەندیی هەر لایەنێکیاندا بشکێتەوە، جگە لە درێژەدان بە نەهامەتی، کارەسات و قوربەسەری بۆ ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی عێراق و ناوچەکە، کە چەندین ساڵە بە دەستییەوە دەناڵێنن، هیچ شتێکی بۆ بەرژەوەندیی خەڵک لێ بە دەست نایەت.

(2024/2/26)

# (9)
# سەردانی (سودانی) بۆ کۆشکی سپی

هەر لە سـەرەتای دانیشـتنی (بایدن) و (سودانی)، (بایـدن) ڕایگەیانـد کـە ئەمریکا پابەندە بە ئاسایشـی ئیسـرائیلەوە. دوای ئـەوەش (بایـدن) دەسـتیکرد بـە قسـەکردن لـە سـەر هێرشـی ئێـران بـۆ سـەر ئیسـرائیل، ئەمەش هەر لە سەرەتاوە دژایەتیی نێوان هەردووکیانـی بە ڕوونی نیشـاندا. (بایدن) جەخت لە سـەر بەشداریی وڵاتەکەی دەکاتەوە لە بەرگریکردن لە ئیسـرائیل لە بەرانبەر هێرشـی ئێرانـدا، لە کاتێکدا هەڵوێسـتی حوکوومەتی عێراق وەک پەیوەستبوونی بـە سیاسـەتی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـەوە، دژی ئیسـرائیل و سیاسـەتەکانییەتی لـە هێرشـکردنی بـۆ سەر غەززە. (سودانی) سەرۆکایەتیی حوکوومەتێک دەکات، کە لە لایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، بەڵام عێـراق وەک وڵاتێکـی گرینـگ بۆ ئەمریـکا پێگەیەکی تایبەتـی هەیـە، بۆیـە (بایدن)، (سـودانی) دەخاتە بەر ئـەو واقیعـەی کـە بتوانـێ هاوسـەنگیی نێـوان هـەر دوولایـان ڕابگرێـت، ئەم بانگهێشـتەی (سـودانی) بۆ کۆشکی سـپی دەستەبەرکردنی ئەو ئاڕاستەیەیە، کە دەستتێوەردانی ئێران و هێزە میلیشیاکانی لە عێراقدا

سنووردار بکات.

سەردانەکەی (سودانی)، کە لە سەختترین کاتدا بەڕێوە برا، هاوکاتە لەگەڵ ئەم گرژییەی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا لە لایەک و ئێران لە لایەکی ترەوە، ئەم سەردانە قورساییەکی گەورەی خستە سەر ئەرکی سیاسیی (سودانی)، کە بتوانێ دامەزراندنی پێوەندییەکی گونجاو و پتەو لەگەڵ هەر دوو ئێران و ئەمریکادا جێبەجێ بکات، هەر چەند دۆخی نێوان واشنتۆن و تاران گرژتر بێت، ئەو ئەرکە بۆ (سودانی) قورستر دەبێت. (سودانی) هەوڵ دەدات بتوانێ نوێنەرایەتیی ئەو سەقامگیرییە ئەمنی و سیاسی و ئابوورییە بکات لە عێراقدا، کە ئاڕاستەیەکە بۆ ئایندەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق بە تایبەتی لە ئارادایە، کە چەندین ساڵە ناوچەکە بە گشتی لە سایەی داگیرکاریی ئەمریکا بۆ عێراق و دەستتێوەردانی لە ناوچەکەدا، خولقێنەری گەورەترین کارەسات، نەهامەتی و نائارامی و ئەوپەڕی گێژاوی سیاسی بووە، هەروەها ناوچەکە شایەتحاڵی شەڕێکی وێرانکەر بوو لەگەڵ (داعش). پێش ئەوەش قۆناغەکانی دەرگیر بە شەڕی تائیفی و قەومی لە عێراقدا، کە دوای داگیرکاریی ئەمریکا پێشهات، بە دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی (2003)وە، عێراق چووە ناو دەورەیەکی

تەواو جیاواز لە بارگرژی و ناسەقامگیریی سیاسیی بەردەوامدا، بەڵام ئەو ئاراستەیەش کە لە ڕێڕەوی فەراهەمکردنی ئارامییە بۆ سەرمایەگوزاری لە عێراق و ناوچەکەدا، درەنگ یا زوو ناوچەکە دەخاتە دۆخێکی تەواو جیاواز و تازەوە. لەو سەردانەی (سودانی) بۆ واشنتن، پرسی هێرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل زاڵ بوو بە سەر پرسیارەکاندا، بە تایبەتی کە هێرشەکە بە ئاسمانی عێراقدا تێپەڕیوە، لەوێشەوە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکی ئێرانی لە ڕێگەی عێراقەوە چوونەتە ناو ئیسرائیلەوە، ئەوەی شایانی باسە (سودانی) لەو بارەیەوە تەنها هەوڵی داوە باڵانسێک ڕابگرێت و نەکەوێتە بەرانبەر ئەمریکا. بابەتێکی تر، بیرۆکەی کشانەوەی ئەمریکا بوو لە عێراق، چوونکە (سودانی) بۆ خۆی لە ژێر فشاری هێزە عێراقییەکانی نزیک لە ئێراندایە، کە دەیانەوێت هێزەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی هەمەلایەنە لە عێراق بکشێنەوە، بەڵام ئەمریکا هەرگیز دەستەواژەی کشانەوە بەکار ناهێنێت، بەو پێیەی بوونی سەرباز گەرەنتییەک بۆ واشنتۆن پێکدەهێنێت، لە بەردەوامیی دۆخی سەربازیی ئێستای عێراق و سووریادا، کە دوای هەڵمەتی دژی داعش بەدی هات، (سودانی) لەسەر کشانەوەی ئەمریکا ئەوەندە قسەی کردوە، کە ئەوە تەنها داوای چەند لایەنێکە.

ئـەوەی شـایانی باسـە، ئامانجـی سـەردانەکە، بە پێـی بەیاننامەکـەی (سـودانی)، ئـەوە نیشـان دەدات کـە پێوەندییـەکان لەگـەڵ ئەمریـکا بگوازێتـەوە بـۆ قۆناغێکـی نوێ، کە بریتییە لە چالاککردنی بڕگەکانی ڕێککەوتنـی چوارچێوەی سـتراتیژی، کـە هاوتەریب بن لەگەڵ بەرنامەی حوکوومەتی عێراقدا، کە تیشـک دەخاتـە سـەر چاکسـازییە ئابـووری و داراییەکان، هەروەها لەسـەر هاوبەشـی بەرهەمدار لەگەڵ وڵاتە جیاوازەکانـی جیهان بۆ سـەرمایەگوزاری، لە هەمان کاتـدا دەسـتەبەرکردنی دۆخێـک، مانا بە ئاسـایش و پاراسـتنی حوکوومەتـی عێراق بدات. ئـەوەی ئەمڕۆ دەیبینیـن پێوەندییەکانی لە نێوان عێراق و ئەمریکادا، (سـودانی) دەیەوێت چاوپۆشـی لە ڕابردوو بکات، لە سـەر بنەمـای پێوەندییـە ئابوورییـە ڕاسـتەوخۆکان و دەرفەتـی وەبەرهێنانـی بەرهەمـدار بگونجێنێـت، دامەزراندنـی پێوەندیـی بانکیـی تۆکمـە لـە نێـوان هـەر دوو وڵاتـدا، کـە یارمەتییـان دەدات تـا دۆخـی چەرخاندنی سـەرمایەگوزاریی زیاتر فەراهەم بکات. ڕەنگە ئەم سـەردانە سـەختترین سەردانی (سودانی) بێت بۆ کۆشـکی سـپی، لـە هەلومەرجێکی دژواردایە کە ناوچەکە پێیدا تێ دەپەڕێت و واشـنتۆنی سەرقاڵ کـردوە، دیارترینیان شـەڕی غـەززە و گرژیی نێوان ئێـران و هاوپەیمانەکانـی لـە لایـەک و ئیسـرائیلە لە

لایەکـی تـرەوە، بـە تایبـەت کـە کەسـانێک هـەن لـە واشـنتۆن جەخـت لـە سـەر پێناسـەی حوکوومەتـی (سـودانی) دەکـەن، کـە حوکوومەتێکـە لـە لایـەن کوتلـە چەکدارەکانـی ئێرانـەوە پشـتگیری دەکرێـت، بـە ئاماژەدان بە سروشـتی پێکهێنانی حوکوومەتێکە کـە لەدایکبونێکی سـەختی هەبـووە دوای کارکردنی زیاتر لە سـاڵێک، بە هۆی ناکۆکیی سیاسـیی شـیعە و شـیعە، هەروەها لەگەڵ لایەنە سیاسـییەکانی تر و لە هەمان کاتدا، کێشـەکانی بەغداد و هەولێر ڕۆڵێکی بەرچـاوی هەبووە. سـێ دۆسـێیەی سـەرەکی هەن، کە واشـنتۆن لـەم سـەردانەی (سـودانی)دا گرینگیی پێـداوە، کە لـە بەیاننامەی بانگهێشـتکردنی کۆشـکی سـپی بـۆ حوکوومەتـی عێـراق ئامـاژەی پێکـراوە، یەکەمیان؛ دۆسیەی ڕێکخستنەوەی پێوەندیی عێراقە لەگـەڵ هاوپەیمانیـی نێودەوڵەتـی، واتـە ئەمریـکا و بوونـی هێـزە سـەربازییەکەی لـە عێـراق. دوەمیان؛ ئەو دۆسـیەی پەیوەستە بەو چاکسازییە داراییيانەی کـە حوکوومەتـی (سـودانی) جێبەجێـی دەکات، بـەو پێیەی واشـنتۆن دەیەوێت جموجۆڵی دۆلار کۆنترۆڵ بـکات، چوونکـە واشـنتۆن پێـی وایـە عێـراق کاری پێویسـت ناکات بۆ ڕاگرتنی قاچاخی دۆلار بۆ ئێران، هەروەهـا سـپیکردنەوەی پـارە، جگـە لـە هاوکاریـی داراییـی تیـرۆر، بـە ئامـاژەدان بەو سـامانەی کە لە

لایەن کوتلـە چەکدارەکانەوە لە عێراق کۆکراوەتەوە. دۆسیەی سـێیەمیان؛ تایبەتە بە سەربەخۆیی عێراق لـە بەرهەمهێنانـی وزەی کارەبادا، بە تایبەتی پرسـی هاوردەکردنی گاز لە ئێرانەوە بۆ بەرهەمهێنانی وزە یـان هاوردەکردنی کارەبا لە ئێرانەوە بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ، کـە ئەمـەش ناکۆکـە لەگـەڵ سـزاکانی واشـنتۆن بـە سـەر تاراندا. سـەبارەت بە دۆسـیەی کشـانەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا و هاوپەیمانـان لـە پێشـینەی کارەکانی «چوارچێوەی هەماهەنگی»دایە، هەر بۆیە حوکوومەتی عێراق ئەم دۆسـێیە ڕادەگرن و (سـودانی)ش ناتوانێ قسـەی یەکلاییکـەرەوەی لە سەر ئەم بابەتە هەبێت. مەلەفی ئەو سزایانەی کە بە سـەر بانکە ئەهلییەکانی عێراقدا سـەپێنراوە بە هۆی تێوەگلانیـان لە دۆسـێکانی قاچاخـی دۆلار بۆ ئێران، لە نێو ئەو دۆسـێیانەی کە لە سەردانەکەشدا باسیان لێـوە کـراوە، دۆسـێی دارایـی و ئەوانەی پەیوەسـتە بـە بڕیارەکانـی گەنجینـەی ئەمریـکا و کاریگەریـی بانکەکانی عێراق و قەرزەکانی عێراق دەگرێتەوە

پێـش ئەو سـەردانەی (سـودانی)، چـوار ئەندامی ئەنجومەنـی پیرانـی ئەمریـکا نامەیەکیان ئاڕاسـتەی (بایدن) و کردوە داوایان لە بایدن کردوە، کە دۆسیە سەختەکان لەگەڵ (سودانی) تاوتوێ بکات، لە نێوانیاندا پێوەندیی نێوان بەغداد و هەولێر، کە بۆ یاسادانەران

لە واشـنتۆن دۆسـێیەکی گرینگە، ئەم بابەتە زۆرجار باسی لێوەکرا لەو نامەیەی کە یاسادانەران بۆ (بایدن) یـان ناردبوو، هەڵبەتە (سـودانی) نەیدەویسـت بچێتە واشـنتۆن تا لەگەڵ بەرپرسـانی کـورد کۆبوونەوەی ڕێکخسـت و لایەکیشـی لە کێشـەی مووچە کردەوە، باڵیـۆزی ئەمریـکاش پاڵپشـتیی لـەو کۆبوونەوەیەی نێـوان (سـودانی) و (بارزانـی) کرد، بۆیە (سـودانی) سـەرکەوتوانە توانی لەو سـەردانەدا ئەو دۆسێیە تێ پەڕێنێـت واتـە ئـەو ئومێـد و چاوەڕوانییـەی حیزبە دەسـەڵاتدارەکانی هەرێـم هەیانـە، لـەم سـەردانەی (سـودانی)دا، بەڵکـوو ئاوڕێـک لـە ئایندەیەکـی تر بۆ حوکوومەتـی هەرێـم بدرێتـەوە، مایەپـووچ مایـەوە. ئاشـکرایە، کە هەر لە سـەرەتاوە ئەوە بۆ ئەمریکا و هەر لایەنێکی تری دەخیل لە دۆخی سیاسیی عێراقدا پێشـبینیی لـێ دەکرێـت، جگە لە جەختکردن لە سـەر یەکپارچەییی عێراق و دامەزراندنەوە و جێگیرکردنی ناوەندبوونـەوەی عێـراق، نەخشـە و بەرنامەیەکـی تـر بـۆ پێوەندیـی بەغـداد و هەولێـر لـە ئـارادا نییە، هـەر بـەو مانایـەش؛ جگـە لـە خـۆ ڕادەسـتکردنی حیزبـە کوردییـەکان بە چارەنووسـێک، کـە زیاتر بە حوکوومەتـی بەغـدادەوە دەیانبەسـتێتەوە ڕێگایەکی تریان نییە.

(27/نیسان/2024)

# (10)
# مووشەکی وێڵ

پاشـكۆبوونی حیزبە میلیشیاكانی كوردایەتی هەر لە سەرەتای جەنگی كەنداوەوە بۆ بەرژەوەندییەكانی سیاسـەتی دەوڵەتـی ئەمریكا لە عێـراق و لە ناوچەی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، دواتر پاشـكۆبوونی پارتی بـۆ سیاسـەت و بەرژەوەندیـی دەوڵەتـی توركیـا و پاشـكۆبوونی یەكێتـی بـۆ سیاسـەتی بەرژەوەندیـی كۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران، هەروەهـا ملكەچـی و گەڕانـەوەی بەردەوامیـان بـۆ هێـزە میلیشـیاكانی دەسـەڵاتداری بەغـداد و گرێدانـی چارەنووسـی كوردسـتان بـە حوكوومەتـی ناوەندییـەوە، ئـەو واقعیەتەیـە لـە درێـژەدان بـە نائەمنـی، كارەسـات، سـەرگەردانی، ناجێگیـری و گێـژاوی سیاسـی لـە كوردسـتاندا، بۆیە تـا هێزە میلیشـیاكانی بزوتنەوەی كوردایەتیـی پارتـی و یەكێتیـی دەسـەڵاتدار بـن هەڵەیەكی گەورەیە چاوەڕوان بین كۆتایی بەو دۆخە نالەبارە بێت. مووشـەكەكانی ئێران بۆ سـەر شـاری هەولێـر تەنها كارێكـی دڕندانەی كۆماری ئیسـلامیی ئێران نییە، كە پێویسـتە و دەبێت سـەركۆنەی بكەین، یـان مووشـەكی وێـڵ نیـن و دزەیـان بۆ ناو شـاری

هەولێر کردبێت، لەبری ئیسرائیل بەر هەولێر کەوتبێت، بەڵکوو لە ئاکام و کاریگەریی ئەو نەخشە و سیاسەتانەوەیە، کە پارتی و بنەماڵەی (بارزانی)ی تەواو خستوەتە باوەشی دەوڵەتی تورکیا و لە نێو کێشمەکێشە جیهانییەکاندا گەمەیەکی مەترسیدار بە چارەنووسی خۆیان و کوردستانەوە دەکەن، چوونە باوەشی تورکیا و بوونی بنکەی ئیسرائیل لە هەولێر و لایەنگری لە سیاسەتی ئەمریکا و ناتۆ لە شەڕی ئۆکرانیادا، جگە لەوەی دەبێت پێشوازی لە مووشەکی ئێران بکەین، لە هەمان کاتدا ئەو مەترسییەیە کە لە هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکەدا ئەگەری ئەوە هەیە کوردستان بکەنە قوربانیی ململانێ و کێشەکان و ڕۆڵ و دەستتێوەردانی تورکیا و ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا، بەم شێوەیە ئەگەری ئەوە هەیە جارێکی تر دوای مووشەکی ئێران مووشەکی وێڵی ئیسرائیل و تورکیا سلێمانیش بگرێتەوە.

پارتی و (بارزانی)، بە دوای ئەوەوەن و دەیانەوێت ئەو ئاڵوگۆڕەی شەڕی ئەوپەڕی نائینسانی و دڕندانەی ڕووسیا و ئۆکرانیا کە دەورەیەکی تازەی لە ئاستی جیهاندا پێش هێناوە، مەزەندە بکەن بەوەی، پێیان وایە بە دوای هەر ئاڵوگۆڕێکدا تەنها لە جەمسەری ئەمریکا و ناتۆدا دەتوانن خۆیان حەشار بدەن و پێگە و هەژموونیان بپارێزن، یاخود دەشێ لە ناچارییەکدا

ئەو ئاڕاستەیەی ئەمریکا و ناتۆ هەڵبژێرن، چوونکە لەو کەین و بەینەی تورکیا و ئیسرائیل و ئەمریکادا بە جۆرێک پێوەی لکاون و گیریان کردوە، تازە ناتوانن بە زیندوویی لێی بێنە دەرەوە، بۆیە هەر هێرشێک، لە هەر لایەنێکیانەوە بکرێتە سەریان، تەنها ئەوەیان لە دەست دێت بڵێن «ترسنۆکانەیە». بەڵام ڕەوتی ڕوداوەکان لە نێو ناکۆکییەکانی وڵاتانی زلهێزی دنیا و جەمسەرە ئیمپریالییەکاندا، چاوەڕوانی بۆ دوای ئاکامەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دووبارە دابەشکردنەوەی جیهان، ئەو ئاڵوگۆڕانەیە، کە پێویستیی دەورەیەکی تازە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، عێراق و کوردستانیشدا بە دوای خۆیدا دەهێنێت، پارتی و (بارزانی) لە ناو زەلکاوی واقعیەتێکەدا بەرەو ڕوون، کە ئەگەری ئەوە هەیە نەک مووشەکەکانی ئێران هەراسانیان بکات و کارەسات بۆ دانیشتوانی کوردستان بخوڵقێنن، بەڵکوو دوور نییە لە دووبارەبوونەوەی نموونەی کارەساتی شەنگال زیاتر واقعیەتی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانی پێ لە قاڵب بدرێت، هەر بۆیە جیا لە سەرکۆنەی مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پێویستە دەسەڵاتی سیاسیی پارتی بە تایبەتی و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بە گشتی سەرکۆنە بکرێن، کە بەردەوام جیا لەوەی هۆکارێکی

سەرەکین لە سەر بەڵای ژیانی نائارام و ناسەقامگیر و نەخـوازراو بۆ خەڵکی کوردسـتان، لە هەمان کاتدا هۆکارێکـن لە گواسـتنەوەی هەر بەڵایەکـی تر، کە لە ئاکامی ڕۆڵ و دەستتێوەردان و کێشمەکێش و شەڕی وڵاتـان دێنـە نـاو کوردسـتانەوە، تەنها ڕێـگا کۆتایی هاتنـی دەسـەڵاتیانە بەر لەوەی هەر کارەسـاتێکی تر ڕووبدات.

(2022/03/14)

# (11)
# پاراستنی ئیرادەی سەربەخۆی جەماوەری ئێران ئەرکمانە!

گـەر ئـەو هەلومەرجە بە فەرمیی بناسـین، کە هەر ئێسـتا کۆمەڵگـەی ئێـران لـە بەرانبـەر هەلومەرجێکی تـازەی جدی و ئاڵوگۆڕێکی پڕ کاریگەر بەرەو ڕووە، لـە هەمـان کاتـدا ئاینـدەی دەسـەڵاتی سیاسـی بـەو مانایـە پێشـبینیی لـێ دەکرێـت، کـە کۆتاییـی کۆماری ئیسـلامییە، پێویستە سەرنج و هەڵوێستە و کاریگەری و هەڵسـورانی پێشـڕەوانە لە ڕەوتـی ڕووداوەکاندا لە بەرچاو بگیرێت و کاری لەسەر بکرێت، کە لە ڕاستای بەرژەوەندیی بە دەست هێنانی ئایندەی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی ئێران هەنگاو بنرێت. لەوانەیە سـەبارەت بە خرۆشانە جەماوەرییەکانی ئەم ماوەیە، بە دوای نزیک بە چوار مانگ لە بەردەوامبوونیدا، وەها بێتە پێشـچاو کـە ئـەو هەڵمەتانـەی سـەرەتا دەبینران لە خرۆشـانی بەرفراوان و سەرانسەری، کە تەواوی شارەکانی ئێرانی شڵەقاندبوو، پاشەکشە بە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان کرابێـت، هەڵبەتـە لـە سـیمای کەمبوونـەوەی جـۆری خۆپیشاندانەکاندا ئەوە دەبینرێت، کە لە یەک ڕۆژ و لە یـەک کاتدا، ئەوە ئاشـکرایە کە لە زۆربەی شـارەکاندا

پێکەوە نمایشـی نارەزایەتییەکان نابینرێت، ئەم حاڵەتە هـەر جۆرێـک بێت لە وێنایەک بـۆ لێکدانەوە لە جۆری نمایشی نارەزایەتییەکان، بەڵام ئەوەی ڕەچاو دەکرێت هیچ پەیامێکی وەهامان پێ ڕاناگەیەنرێت، کە پاشەکشە لە بڕیاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی کرابێت، بەڵکوو بە هەر سـەرکوت و فشارێکی سەرسەختانە، کە دادگا و هێـزە چەکدارەکانـی کۆماری ئیسـلامی لـە ڕفاندن، گرتـن، پەلامار و کوشـتن و سـێدارە ئەنجامی دەدەن، خواسـت و هەوڵـدان بـۆ کۆتایـی هێنان بە دەسـەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئاستەکەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو باڵاتـر هەنـگاو دەنێـت و ئاینـدەی کۆتاییی دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی نزیکتر دەخاتەوە، لـە هەمان کاتدا شێوازی جۆراوجۆر لە خەباتی جەماوەری لە ڕۆژانی ئایندەدا خۆیمان نیشان دەدات.

بە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر سەختی و بارگرژییەک لـە چۆنێتیـی دۆخەکـە و پەرچەکردارێـک دەسـەڵاتی سیاسـی دەینوێنێـت، لـە سـاتەوەختێکی گونجـاودا ئیمکانـی تەقینـەوەی بەرفراوانـی جەمـاوەری ئەرکـی ئـەو کۆتایـی هێنانـەی کۆمـاری ئیسـلامی بـە ئەنجام دەگەیەنێـت. واتە کۆتایی و مەرگی کۆماری ئیسـلامی بـە جۆرێک لە ناواخنی نارەزایەتییـە جەماوەرییەکانی تـەواوی دانیشـتوانی ئێرانـدا بووەتـە پرۆسـەیەکی کرداریـی ڕاگەیەنـراو و بـە هیـچ جۆرێـک پاشەکشـە

و گەڕانـەوەی تێـدا بـەدی ناکرێـت. ئـەوەش جێـگای سـەرنجە، لـە هەمان کاتـدا کۆمەڵگەی ئێـران چووەتە قۆناغێکـی تـازە لە هەوڵـدان بۆ بەرجەسـتەکردنەوەی ڕۆڵ، ئیرادە و دەسـتتێوەردانی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دیاریکرنـی چارەنووسـی خۆیدا، بۆ بە دەسـت هێنانی ئیرادەیەکی شۆڕشـگێڕانە لـە پراکتیزەکردنی ئیرادەی خەڵک لە دەسـەڵاتی سیاسیدا، ڕەوتێکی پێشبینیکراوی هەنگاوەکانـی ڕێـڕەوی ناڕەزایەتییـەکان و چۆنێتیـی خرۆشـانەکانە، کـە هیـچ هێزێکـی سیاسـی ناتوانێ بە ئاسـانی، بـە ڕەهایـی و بـە بـێ گەڕانەوە بـۆ ئیرادە و ڕۆڵـی خەڵـک ئاوێـزان بێـت بـە ناڕەزایەتییەکانـەوە بـۆ بڕیـاردان لە سـەر ئاینـدەی ئێران. درککـردن بەم پڕۆسەیە لە چەسپاندنی ئیرادە، ڕۆڵ و دەستتێوەردانی ڕاسـتەوخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسـیدا، لایەنێکی ئەرێنـی و ئومێدبەخشـە و دۆخێکـی لەبـارە بـۆ هـەر لایەنێکـی یەکسـانیخواز و ئازادیخواز گەر لە ڕێڕەوی خەباتی سیاسیدا ئیرادەی خەڵک بۆ ڕۆڵی لە دەسەڵاتی سیاسـی و بڕیـار لـە سـەر دیاریکردنی چارەنووسـی سیاسـیی خۆیدا بە فەرمی بناسـن و بە ئەسـڵ وەری بگرن، دەتوانن ڕۆڵێکی گرینگیان هەبێت بۆ ڕێکخسـتن و ڕابەریکردنـی ناڕەزایەتییـە جەماوەرییـەکان و سـەرکەوتنی ئـەو خرۆشـانە جەماوەرییـە بـەرەو شۆڕشـی کۆتایـی هێنـان بـە کۆمـاری ئیسـلامی و

دابینکردنـی ژیانێکـی باشـتر بـۆ خەڵکـی ئێـران بـە ڕێڕەوی دەستپێشـخەریی هاتنە مەیدان و چەسپاندنی ڕۆڵـی دەسـەڵاتی شـوراکان لەبـاری کرداریییـەوە هەلومەرجێکی گونجاو و لەبار و ئەرێنییە.

لـە لایەکـی تریشـەوە مەسـەلەیەک، کـە پێویسـتە ئامـاژەی پـێ بدەیـن، واقعیەتـی بوونـی چەنـد لایەنێکـی تـرە لـە نەگونجـان و قەبـووڵ نەکردنیـان بـە پڕۆسـەی پێشـڕەوی جێـگا و ڕێـگای ئیـرادە و ڕۆڵ و دەسـتتێوەردانی ڕاسـتەوخۆی خەڵکـە لـە دەسـەڵاتی سیاسـیدا، کـە وەک پەرچەکردارێـک لـە هەوڵـی خاڵیکردنـەوە و بـە لاڕێـدا بردنـی ناڕەزایەتی و خرۆشـانە جەماوەرییەکانـن، لە ڕێـگای هەوڵدان بۆ نیشـاندانی هێزی تایبەتی سـەروو خەڵکـی و دوور لە بەرژەوەندیی گوزەرانی خەڵک و بەکارهێنانی خرۆشانە جەماوەرییەکان، کە ئاکامەکەی بە قازانجی باڵێکی ترە لـە بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییەکانی بۆرژوازی لە ئێراندا، یـان بـۆ پاشـکۆبوون و بەکارهێنانـی بەرژەوەندیـی دەسـتتێوەردانی هـەر وڵاتێکی سـەرمایەداری زلهێزی دنیـا کاری لەسـەر دەکرێـت. هـەر ئێسـتا لـە مەیدانی بارودۆخـی سیاسـیی ئێرانـدا بـە هـەر ئاسـتێک لـە دەرکەوتـەی چۆنێتیـی خرۆشـانە جەماوەرییەکانـدا، وڵاتانی سـەرمایەداریی خۆرئـاوا و دەوڵەتی ئەمریکا، دەبینین چاودێرییەکی بە پەرۆشـی دۆخەکە دەکەن و

باش دەزانن ئاڵوگۆڕەکان لە ڕێگای دەور و کارکردی چوونە پێشەوەی خرۆشانە جەماوەرییەکان و کۆتایی هێنان بە کۆماری ئیسلامی بە ڕۆڵ و ئیرادەی خەڵک، پێشبینییەکی واقعییە و ڕوودانیشی ئەگەرێکی جدییە، بۆیە لە بۆچوونی بەرژەوەندیی ئەو هێزانەوە گەر ئەو ئاڕاستە جەماوەرییە، پێشی پێ نەگیریت و بە لاڕێدا نەبرێت، سیستمی سەرمایەداری و ڕۆڵ و دەستتێوەردانی وڵاتانی زلهێزی دنیا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەخاتە بەردەم مەترسیی پاشەکشە و کارەساتێکی گەورەوە.

به مانایەک؛ چەندە هێزە ناسیۆنالستە توندڕەوەکان و فاشیست، کۆنەپەرست و وڵاتانی ئیمپریالی.. درک بەو مەترسییە دەکەن لە بەرانبەر خرۆشانی جەماوەری ناڕازیی ئێراندا، بەوەی سیمای ڕۆڵی ژنان و ڕادیکاڵبوون و دژی ئیسلامی سیاسی و بەرزکردنەوەی ئاڵای یەکسانخوازی و یەکڕیزیی تەواوی دانیشتوانی ئێران و ئاسۆی ژیانێکی باشتری لە خۆی نیشان دەدات، چارەنووسی کۆمەڵگەی ئێران بەرەو قوناغێکی یەکلاییکەرەوە و هەڵگیرسانی کڵپەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بۆ ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی دەبات، لە هەمان کاتدا پێویستە هێزی ئازادیخواز، یەکسانیخواز و بزوتنەوەی ڕزگاری و یەکسانیی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان، درک و هۆشداریی تەواویان هەبێت

سەبارەت بە مەترسیی هەر دەستتێوەردان و پلانێکی دژ بە ڕۆڵی خەڵک و بە جدیی لە بەرچاوی بگرن و مامەڵەی بکەن و پوچەڵی بکەنەوە. چوونکە لەگەڵ ئەوەی دۆخەکە هەلومەرجی شۆڕشگێرانەی فەراهەم هێناوە، ئاشکرایە ئاوەڵاییی سیاسی بە جۆرێک کراوە دەبێت، هەلی گونجاو بۆ ڕۆڵ و دەستتێوەردانی هێزی دەوڵەتی، ناوچەیی و ناوخۆییش دەکاتەوە، کە لە هەوڵی ئەوەدا دەبن ڕێڕەوی ڕووداوەکانی بە زیانی خەڵک و ڕاگرتنی گۆشەگیری و وەلاخستنی ڕۆڵ و دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی خەڵک بە شێوازی تر لە پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی سەروو خەڵکی دووبارە بکەنەوە و جارێکی تر و بۆ چەندین ساڵی تر، بێئیرادەیی بە سەر کرێکاران و زەحمەتکێشاندا بسەپێننەوە.

ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە پێویستی بە ئامادەیی و ڕێککەوتن و کاری هاوبەشی هێزە ئازادیخواز، ڕادیکال و کۆمۆنیست و ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و ئینساندۆستە، کە لە پاڵ جەماوەری ناڕازیدا پەیگیرانە هەنگاو بنێن و ئامانج و ئاسۆی خواستی جەماوەری ئێران بە سەرکەوتن بگەیەنن.

# (12)
# باڵادەستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران به سەر عێراقدا

داگیرکاریی هێزەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی (سەدام) و وێرانکردنی بنەما ئابوورییەکانی، ئەو واقیعیەتە بوو کە عێراقی کردە مەیدانێکی سیاسیی ئاوەڵا بۆ دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەو بارەیەوە کۆماری ئیسلامی، عێراقی کردە بنکە و مەیدانێکی تایبەت و فراوان بۆ چالاکییە سیاسی و تیرۆریستییەکانی لە ناوچەکەدا. تا ئێستاش هۆکارێکی سەرەکی لە ناجێگیریی سیاسی لە عێراقدا ڕۆڵ و دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامییە لە پێکهێنان و پشتگیریی هێزی میلیشیای لایەنە شیعەکان. لە هەمان کاتدا ڕۆڵ و کاریگەریی ڕاستەوخۆ دەبینێت لە پێکهێنانی حوکوومەتەکانی عێراقدا. جیا لەوانەش لەباری ئابووریشەوە بازاڕی عێراقی کردوەتە بازاڕێکی گەورەی ساغکردنەوەی کاڵاکانی. بە مانایەکی تر عێراق بووەتە ناز و نیعمەتێکی تایبەت بۆ کۆماری ئیسلامی. ئەو دەروازانەی دەکەونە

سەر سنووری (1600) کیلۆمەتری نێوان عێراق و ئێران، لە ستراتیژی ئێراندا بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی بە سەر عێراقدا، پێگەیەکی دیار و بەرچاویان بۆ ئابووریی ئێران هەیە. ئەم ستراتیژە لە ڕێگەی سیستەمێکی سیاسیی وەها بەرێوە دەبرێت، کە پێکهاتەکانی حوکوومەتی عێراق بە گشتی پاشکۆبوونی خۆیان بۆ ئێران بەرجەستە کردوەتەوە. کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لە هەموو ئاستە سیاسی و دامەزراوەییەکاندا سیستماتیک بچێتە ناوەوە و کۆنترۆڵی بازاڕی عێراق بکات. هەروەها ئەم ستراتیژە عێراقی کردوەتە بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی کاڵا ئێرانییەکان، کە زۆربەی کاڵاکان بە دەروازە سنوورییەکان بە مەرجی ئیمتیازاتدان بە ئێران تێ دەپەڕێت. ناسیۆنالیزمی عێراقی، کە زیاتر بە دژایەتیکردنی هەژموونی ئێران لە عێراقدا پێناسە دەکرا، ئێستا لەم دۆخەدا بە ناچاری دەرگای بازاڕەکەی بۆ ئێران کراوەیە.

لە نێوان عێراق و ئێراندا (9) دەروازەی سنووریی فەرمی هەیە، کە لە ساڵی (2012)دا گرینگییەکی زیاتری بە دەست هێناوە، کاتێک (عەلی خامنەیی)، خوازیاری بەرەو پێش بردنی ئەو شتە بوو، کە بە «ئابووریی بەرگریی ئێران» ناوی برد. دەروازەکان لە سەرەتای ساڵی (2014) گرینگیی زیاتریان پێ

درا، کاتێک ئێران بیرۆکەی ئابووریی بەرەنگاریی گۆڕی بۆ سیاسەتێکی حوکوومەتەکەی، لە بەرانبەر زیادبوونی گەمارۆ ئابوورییەکانی خۆرئاوادا. لە بەرانبەریدا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵی داوە بەرهەمهێنانی کاڵای نانەوتی لە پێشینەی کارەکانیدا بخاتە پێشەوە، تا ببێتە سەرچاوەیەکی تری داهات لە بەرانبەر هەناردەکردنی نەوتدا. بەم شێوەیە ئێران دەستی کرد بە دروستکردنی تۆڕێکی بەرفراوان لە کۆمپانیای وەهمی، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی نایاسایی دۆلاری ئەمریکی لە عێراق بە دەست بهێنن و بە قاچاخ بیبەنە ناو ئێرانەوە. ئەم سیاسەتە نوێیە کاریگەریی هەبوو. لە ساڵی (2011) واتە پێش ئەوەی ئەم سیاسەتە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەهای هەناردەی ئێران بۆ بەرهەمە نانەوتییەکان (26.65) ملیار دۆلار بووە. لە ساڵی (2013) بەهای ئەو هەناردەکردنانە (28.36) ملیار دۆلار بووە. لە ساڵی (2021)دا کۆی بەهای هەناردەکردنی نانەوتیی ئێران گەییشتوەتە (40) ملیار و (74) ملیۆن دۆلار. لە مانگی نیسانی (2019)، (حەسەن ڕۆحانی)، سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئێران، داوای کردوە کە «قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی» بە بەرهەمە وزەییەکانەوە زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی بگاتە زیاتر لە (20) ملیار دۆلار لە

ساڵێکدا. هەر لەو ساڵەدا (جەواد زەریفی)، وەزیری دەرەوەی ئێـران لـە بەیاننامەیەکـدا ڕایگەیاندبـوو، عێـراق «هاوبەشـە بازرگانییـە گەورەکەمانـە». چوونکـە ڕۆیشـتنی یەکلایەنـەی کاڵای ئێرانـی بـۆ عێراق وەک جۆرێک لە مامەڵەی ئابووریی یەکسان نیشـان دەدرا. بـەڵام واقیعـی دۆخەکـە ئەوەیـە، کە عێراق هیچ بە ئێران نافرۆشـێت. هەموو شـتێک کە لـە ئێرانەوە هەناردە دەکرێت بۆ عێراق بە دەروازە سـنوورییە فەرمییەکانـدا تـێ دەپەڕێـت. هەروەهـا دەزگای نافەرمیش هـەن، کـە بە گشـتی لـە لایەن میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی و لایەنگـری ئێران و بانـدە مافیاکانـەوە کۆنترۆڵ دەکرێـن، بە تایبەتی چـەک و مـادەی هۆشـبەر. جگـە لـەوەش ئێـران هەمیشـە دۆخـی ناسـکی دەوڵەتـی عێراقـی زیاتـر قۆسـتوەتەوە. پەرەسـەندنی هەڕەشـەی (داعش) بووە هۆی ئەوەی (نوری مالیکی)، لە ساڵی (2014) دا بڕیارێـک بـدات و داوا لـە میلیشـیاکان بـکات سـوپایەکی خۆبەخـش پێکبهێنـن بـۆ پڕکردنـەوەی بێتوانایـی و لاوازییەکانـی سـوپای عێـراق، کـە بـە هۆی شلوشێواوی و گەندەڵییەوە هیچ بەرگرییەکی بۆ نەکرا. ئەو سـوپایە هەر لە سـەرەتای بەرەکانی شەڕدا ئاستێکی خراپیان نواند و لە موسڵ هەڵهاتن. ئێـران پشـتیوانیی ئەم هەنـگاوەی (مالیکـی) کرد و

سـوودی لـێ وەرگـرت. تەنانەت ئـەو فەتوایەی کە لە لایەن (سیسـتانی) لە ساڵی (2014) دەرچووە و داوای لـە عێراقییـەکان کـردوە بچنە نێـو جیهاد دژ بـە (داعش)، کـە ئەوەش دەرئەنجامـی ڕازیکردن و کاریگەریی (قاسم سولەیمانی) بوو!

میلیشـیاکان بە تایبەتی «حەشـدی شەعبی» بە خێرایی وەک یەکەیەک کۆکرانەوە و بە فەرمی کران. دەسـتتێوەردانیان پـێ کرا لە شـەڕی دژی (داعش) دا. لە هەمان کاتدا بە نهێنی کاریگەرییەکانی خۆیان بـۆ ناوچەکانی تـری عێراق درێژکـردەوە. لە نێوان ساڵانی (2014) بۆ (2020)، بە تایبەتی لە سەردەمی دەسـتبەکاربوونی (حەیـدەر عەبـادی)دا و پاشـان دەسـتبەکاربوونی (عادل عەبدولمەهدی)، کۆنترۆڵی میلیشـیاکان بـە سـەر دەروازە سـنوورییەکاندا جێکەوت. ئەگەر چی ناڕاسـتەوخۆش بێت کەلوپەل لە ئێرانەوە بە بێ ئەوەی سنووردار بکرێت هاتە ناو عێراقـەوە. ئەوەی جێگای بیرهێنانەوەیە گەندەڵییش لە دەروازە سنورییەکاندا زۆر بە زوویی و فراوانی تەشـەنەی کـرد. کاتێـک لـە مانگەکانـی یەکەمـی هێرشـی (داعـش)دا، ئێران پشـتیوانیی عێراقی کرد، لـە هەمان کاتـدا ئەمریکا لە (مالیکـی) ڕازی نەبوو، ئامادەش نەبوو پشتیوانیی بکات. لە ماوەی شەڕی چـوار سـاڵەی دژی (داعـش)، هەژموونـی ئێران لە

عێراق گەییشتە لوتکە. بەڵام ئەوەی شایانی باسە دابەزینی هەستی لایەنگری بۆ ئێران، لە دوای شکستی (داعش) لە عێراق لە ساڵی (2017) دەستی پێ کرد. ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی تورەیی و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بەرانبەر بە لایەنە سیاسییە گەندەڵەکانی شیعەی عێراق. کە لە ساڵی (2018) خۆپیشاندەران ئاگریان لە کونسوڵخانەی ئێران و نوسینگەکانی حیزب و میلیشیاکانی لایەنگری ئێران لە پارێزگای بەسرە بەردا. ئەمەش لە چوارچێوەی خۆپیشاندانی بەرفراوانتردا، کە چوار مانگی خایاند بە هۆی خراپیی خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە. ئەم ناڕەزایەتییانەی بەسرە خاڵی وەرچەرخانێکی پێکهێنا، کە زەمینەی بۆ هەڵگیرسانی دیارترین بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی (تشرین) لە ساڵی (2019) دا خۆش کرد، کە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتی لە خۆ گرتبوو. پریشکی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی (تشرین)، لە مانگی تشرینی یەکەمی (2019) دەستیپێکرد و ماوەی شەش مانگ بەردەوام بوو. کاریگەریی هەبوو لە سەر قووڵکردنەوەی بۆشاییی جیاکردنەوەی خەڵکی نارازیی عێراق لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. هەر ئەو کاتە (خامنەیی) لە تویتێکدا نووسیبووی کە ئەو ناڕەزایەتییانە

ئاژاوەگێڕییە، بە ڕۆڵ و پشتیوانیی ئیسرائیل! (خامنەیی) داوای لە هێزە ئەمنییەکانی عێراق کرد سەرکوتی بکەن. خۆپیشاندەرانی عێراق وەڵامیان دایەوە و لە چەند شارێکی عێراق کونسوڵخانەکانی ئێرانیان سووتاند.

ئەوەبوو حوکوومەتی (مستەفا کازمی)، کە لە مانگی ئایاری (2020) پێکهێنرا، وەک هەوڵێک لە لایەن لایەنە باڵادەستە شیعەکانەوە بۆ هێورکردنەوەی تووڕەیی و ناڕەزایەتیی شەقام. (کازمی)یش ویستی وەها نیشان بدات، کە پاڵپشتی ڕاستەقینەی ئەو لایەنانە نییە کە لە پێکهاتەی حوکوومەتی عێراقدان، بۆیە لە هەوڵێکدا بۆ دروستکردنی بنکەیەکی کاریگەری سەربەخۆ، بۆ بە دەست هێنانی پشتیوانیی لایەنگرانی بزووتنەوەی (ئۆکتۆبەر)، بەم شێوەیە زنجیرەیەک ڕێوشوێنی چاکسازی دەستی پێ کرد. یەکێک لەو ڕێوشوێنانە دووبارە دامەزراندنەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت بوو بە سەر دەروازە سنوورییەکاندا. (کازمی) فەرمانیدا هێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا، کە یەکێکە لە هێزە دەستەبژێرە عێراقییەکان، کە لە لایەن ئەمریکاوە مەشق و ڕاهێنانیان پێ دەکرا، لە دەروازە سنوورییەکان لەگەڵ ئێراندا جێگیر بکرێن. لە مانگی تشرینی دووەمی (2020)، (عەلی

عەلـلاوی)، وەزیـری دارایـی لـە حوکوومەتەکـەی (کازمـی)دا، فەرمانێکـی دەرکـرد کـە تێیـدا هاتـوە «هەڵوەشـاندنەوەی سـەرجەم لێخۆشـبونی باجـی گومرگـی، کـە بـە دەوڵەتـەکان و دامودەزگاکانـی حوکوومـەت دەدران»، ئـەم ڕێوشـوێنانە کـە (عەللاوی) گرتیەبەر، بووە هۆی دابەزینی بەرچاوی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە ئێرانەوە بۆ عێراق بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک. بەڵام زۆری نەخایاند لە کاتێکـی دواتردا، دووبارە بەرزبووەوە و سـوودی لـە کۆمەڵـە لێخۆشـبوونێکی جیـاواز وەرگـرت، کە حوکوومـەت نەیتوانـی هەڵیبوەشـێنێتەوە. (کازمی) ئـەو پلانەی پەسـەند کـرد، کە لە لایەن دەسـەڵاتی دەروازە سـنوورییەکانەوە پـەرەی پێـدراوە، بـە ئامانجـی جێبەجێکردنی ئۆتۆماتیکیی ئەلیکترۆنی لە دەروازە سنوورییەکان، بەڵام تا ئێستاش تەرازووی میکانیکـی بـەکار دەهێنـن. مامەڵـەکان بـە دەسـتی ئەنجـام دەدەن و سیسـتەمی پارەدانـی نەختینەییی ڕاسـتەوخۆ پەیڕەو دەکەن، نەک ئەلیکترۆنی. بەڵام پـڕۆژەی ئۆتۆماتیکیکردنـی دەروازەکان هەرگیـز بـەدی نەهـات. دواجاریـش حوکوومەتـی (کازمـی) نەیتوانـی چاکسـازییەکانی پەیوەسـت بـە دەروازە سـنوورییەکانەوە جێبەجـێ بـکات. دەروازەکانیـش کۆنتـڕۆڵ نەکـران. هـەر بۆیە دۆخەکـە ئاوەڵایە بۆ

ئێـران و لایەنە شـیعەکانی حوکوومەتی عێراق، کە بتوانن بەردەوام بن لە کۆنترۆڵکردنی ئەو دەروازە سنوورییانە.

وەک دەبینیـن دۆخەکـە لـە سـایەی دەسـەڵاتی شـیعەکان و پێگەیـەک، کـە (نـوری مالیکـی) لـە حوکوومەتـی عێراقـدا هەیەتـی، ئـەوە بـە زەحمـەت نیشـان دەدات، کە چاکسـازی بـە مانای دورخسـتەوەی ڕۆڵ و دەسـتتێوەردانی کۆمـاری ئیسـلامی، بـە تایبەتـی لـە دەروازە سـنوورییەکان جێبەجـێ بکرێـت. ئـەوەی ئێسـتا لـە بانگـەوازی (مالیکی) و لێپرسراوانی حوکوومەتی عێراقدا بەدی دەکرێـت، لە هەوڵی ئەوەدان باڵادەسـتیی ئێران، بە سەر عێراقدا و جێکەوتنی دەسەڵاتی شێعە یەکلایی بکەنەوە. هەر لەم چوارچێوەیەشـدایە بەو پێگەیەی لـە حوکوومەتـی عێراقـدا بـە دەسـتیان هێنـاوە و پشـتیوانیی ئێـران پاڵپشـتێکی گەورەیـە بۆیـان، لە هەوڵـی بەرتەسـککردنەوە یـان کۆتایـی هێنـان بـە قـەوارەی هەرێمـن، بـۆ دوورخسـتنەوەی ڕۆڵ و دەسـتتێوەردانی ئەمریـکا لـە عێراقـدا، بـە قازانجی ئێـران، کـە یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتانیش لەم یارییەدا تێوەگلاوە.

# (13)
# هێرش بە درۆن و مووشەك

سوپای پاسدارانی ئێران بە بەئامانج گرتنی شوێنی نیشتەجێبوونی بازرگان و ملیاردێر (پێشڕەو دزەیی)، کە لە بنەماڵەی (بارزانی)یەوە نزیک بوو، نیشانیدا کە توانای لێدانی مووشەکی بە شێوەیەکی ورد و دەقیق هەیە. سوپای پاسداران بەرپرسیارێتیی ئەم هێرشەی لە ئەستۆ گرت، کە بەرەبەیانی ڕۆژی (2024/1/15)، شوێنەکانی شاری هەولێری کردە ئامانج، بانگەشەی ئەوەیان کرد، کە «بارەگایەکی سیخوڕی»ی ئیسرائیلی کردوەتە ئامانج لە کوردستانی عێراق!

وردی و دیقەتی پێدانی ئامانجەکان وەک پەیامێک کار دەکات کە سوپای پاسدارانی ئێران، نەک تەنها دەتوانێت بینا مەدەنییەکان بکاتە ئامانج، بەڵکوو دەتوانێت هێرش بکاتە سەر دامەزراوە سەربازییەکانی نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، کە چەند میلێک لە بنکەیەکی سەرەکیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا دوورە. ئەم هێرشەی پاسداران خزمەت بە ئامانجە ناوخۆییەکانی دۆخی ئێران دەکات، بە تایبەت لە

ژێر ڕۆشنایی و وەڵام بە هێرشەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیل لە سووریا. لە بەیاننامەیەکدا کە میدیا فەرمییەکانی ئێران بڵاویان کردوەتەوە، سوپای پاسداران ڕایگەیاندوە، هێرشەکە «ناوەندێکی ستراتیژیی ئیسرائیل»ی لە عێراق کردوەتە ئامانج. هەڵبژاردنی شوێن و سیستەمی مووشەکی «خەیبەرشێکان» ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئێران دەیەوێت توانای گەیشتن بە شوێنە جیاوازەکانی ئیسرائیل، کە هاوسێی سووریایە بۆ جیهان ئاشکرا بکات. بەڵام ئەمریکا هێرشەکانی ئێرانی بە مووشەکی بالیستیک لە نزیک شاری هەولێر لە باکووری عێراق ئیدانە کرد و بە «کۆمەڵێک لێدانی بێبایەخ و بێباکانە و نادروست» وەسفی کرد، ڕایانگەیاند کە هیچ دامەزراوەیەکی ئەمریکی نەکراوەتە ئامانج، هەروەها هیچ زیانێکی گیانی ئەمریکی نەبووە، ئاماژەیان بەوەش کرد، ئەمریکا پشتگیری لە سەروەری، سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات و هێزەکانیشی لە عێراق ناکشێنێتەوە. هەڵبەتە ئەم هێرشانە پێویستە لە ئێستادا لە چوارچێوەی شەڕی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و کاردانەوەکانی لە سەر ئاسایشی ناوچەکە و مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا ئاماژەی پێ بکرێت، بە تایبەتی ئیسرائیل زۆر لە هەوڵی ئەوەدایە پانتایی ئەم شەڕە فراوان بکاتەوە، تا لە ڕێگەی

بەرپاکردنـی جەنگێکی فراوانەوە خۆی لەو بنبەسـت و قەیرانـەی لـەم شـەڕەدا دەرگیـری بـووە، ڕزگار بـکات. ئـەم هێرشـە مووشـەکییانە لـە کاتێکدایە، کە ئەگەری ترسی پەرەسەندنی ململانێکان هەیە، کە لە سەرەتای دەستپێکردنی بۆردومان و هێرشی زەمینی ئیسـرائیل بۆ سـەر خەڵکـی غەززە پێشـبینی کراوە، لـە ژێر ڕۆشـناییی هاتنـە نـاوەوەی هاوپەیمانەکانی ئێـران لـە لوبنان، سـووریا، عێـراق و یەمـەن کە بە شـێوازی جۆراوجـۆر چوونەتـە نـاو ململانێکانەوە، دەتوانیـن بڵێن ئەم هێرشـە مووشـەکییانە ئاسـتێکی دیاریکراوە لە چۆنێتیی هەوڵدان بۆ فراوانبوونەوەی ئەم شـەڕەی ئیسـرائیل لە دژی دانیشـتوانی غەززە، کـە بەردەوامیدانـە بـە شـەڕەکە، فەرامۆشـکردنی وەڵام بـە کێشـەی فەڵەسـتین لە لایەن ئیسـرائیلەوە کاریگەریی لە سـەر بێئومێـدی و نالەباریی دۆخەکە داناوە، لە لایەکی تریشـەوە فەزایەکی پڕ مەترسـی، سـامناک، نالەبار و دڵەڕاوکێی لە سـەر ئاسـایش و ناحەسـانەوەی تەواوی دانیشتوانی ناوچەکە داناوە، وێنای ئەگەری خولقاندنی جەنگێکی گەورە بە خەڵکی نیشـان دەدات. ئـەوەی جێـگای پرسـیارە، ئاکامـی ئەنجامدانـی ئـەم هێرشـە مووشـەکییانە لـە هەموو ئـەو لایەنانـەی بـە جۆرێک پەیوەسـتن بـە ململانێی ئـەم شـەڕەوە، لـە کاتێکدا فەزایەکی مەترسـیدار لە

بوونی درۆن و هێرشـی مووشەکیی خولقاندوە، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە بەریەکەوتنی ڕاسـتەوخۆی شـەڕێکی گـەورە و فراوان لە ناوچـەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا؟.

هـەر چەنـدە واشـنتۆن دەسـتبەرداری ئامانـج و بەرژەوەندییە سـتراتیژییەکانی خۆی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لە عێراق بە تایبەتی نابێت، بەڵام واشنتۆن چەندین جار ڕایگەیاندبوو کە هەوڵ نادات بازنەی ململانێی دەرەوەی سـنوورەکانی ئیسـرائیل تـێ پەڕێنێـت، بـە تایبەت بـۆ هەوڵدان لە پاراسـتنی گەڕانەوەی ئارامی و ئاسـایش بۆ سـەرمایەگوزاری و دەستەبەرکردنی سەقامگیری لەم ناوچە گرینگەی جیهانـدا، لـە دوای ئـەم جـۆرە هێرشـانەی ئێـران و هێزە میلیشیاکان، ئەمریکا دەستبەرداری دابینکردنی ئەو پڕۆسەی ئارامبوونەوەیە نابێت، لە هەمان کاتدا خۆرئـاوا و وڵاتانـی تـری زلهێـزی دنیـا لایەنگـری فراوانبـوون و گەورەکردنـەوەی ئـەم شـەڕە نیـن، هەروەهـا لایەنگـر و پشـتیوانن لـە ئارامبوونـەوەی دۆخـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت. ئیسـرائیل هـەوڵ دەدات ئێـران بـۆ نـاو ڕووبەڕووبوونەوەکـە ڕابکێشـێت و مـەودای شـەڕەکە فراوانتـر بـکات، بە چڕکردنـەوەی ئۆپەراسـیۆنەکانی تیرۆرکـردن دژی بەرپرسـە باڵاکانی لە ناوچەکەدا، بەڵام ئێران لەگەڵ

گەورەبوونــەوەی ئەم شــەڕە نییە و تــاران ملکەچی ئــەو کارە ئیســتفزازییانەی ئیســرائیل نابێت، ئاســتی پەرچەکردارەکانــی ئێــران لە هێرشــی مووشــەکی و درۆن تێ ناپەڕێت، هەر چەندە کاربەدەستانی ئێران بـۆ خۆیان چەندین جـار جەختیان لەوە کردوەتەوە، کــە بــە دوای فراوانکردنــی شــەڕەکەوە نیــن، بــەڵام شــەپۆلی تیرۆرەکانیان بەردەوامە، لە هەر حاڵەتێکدا ڕوودانــی فراوانبوونــەوەی ئــەم شــەڕە بــە دوور دەزانرێــت، بەڵام پێویســتە لــە ئاگاهیی ئــەوەدا بین، کــە ئاڵــۆزی و توندپێچیی دۆخەکە ئەگەری ئەوەمان دەخاتــە بــەردەم، کە لە شــوێنکدا پەتــی کۆنترۆڵ لە دەســت دەربچێــت، بۆیــە پێویســتە هــەوڵ بدرێــت بــەرەی دژی شــەڕ فراوانتــر و فراوانتــر ڕێکخــراو بکرێــت. زنجیــرە هێرشــە یــەک لــە دوای یەکــەکان بـۆ ســەر هێزەکانــی ئەمریــکا، کە بووە هــۆی دەیان قوربانی لە نێو سەرباز و کارمەندانی ئەمریکیدا، پاڵ بە واشــنتۆنەوە نانێت هێرشــی ڕاســتەوخۆ بۆ سەر دەســەڵاتی کۆماری ئیســلامی ئەنجام بدات، جگە لە ئاســتی لێدان و هێرش بۆ ســەر هێزە میلیشــیاکانی ســەر بە ئێران لە ســووریا، عێراق، لوبنان و یەمەن، نەک هەوڵێکی تر نادات، بەڵکوو ژێربەژێر لە هەوڵی ڕێککەوتن دەبێت لەگەڵ ئێراندا.

ئەمریکا ناتوانێت لە عێراق بکشــێتەوە، ئەمە جگە

لـەوەی کـە بوونـی سـەربازیی لـەوێ لـە ئەنجامـی ڕێککەوتنێکی هاوبەشی ستراتیژییە لەگەڵ بەغداد کە لە ساڵی (2008) واژۆ کراوە و لە ڕاستیدا تا ئەمڕۆش ئامادەیەکـی سـەرەکییە لە سـتراتیژە کاریگەرەکانی ئەمریکا لە سـەر ئاسـتی جیهان، بەو پێیەی باس لە ناوچەیـەک دەکەیـن، کـە نوێنەرایەتیـی پێوەندییەک دەکات لـە نێـوان کیشـوەرەکانی جیهـان و خاوەنـی قورسـاییی ئابـووری و جیۆپۆلۆتیکییـە. هەروەهـا واشنتۆن بوونی خۆی و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ گروپە چەکدارەکانی سـەر بە تاران بەهێزتر دەکات، کە بە هەنگاوی بەئامان جگرتن بۆ لاوازکردنی هێزە میلیشـیاکان لـە سـووریا و عێـراق کار دەکات، بـەم شـێوەیەش؛ دەیەوێت ڕۆڵ و دەسـتتێوەردانی ئێران لـە ناوچەکەدا سـنووردار کات، بـە بێ ئەوەی بچێتە مەیدانی شەڕێکی گەورەوە. هەر چەندە حوکوومەتی عێراق و هێزە شیعەکان بە گشتی، پێداگری لە سەر چوونـە دەرەوەی هێـزە سـەربازییەکانی ئەمریـکا دەکەن، بەڵام کشـانەوەی ئەمریـکا لە عێراق بە هیچ شـێوەیەک لە سـەر مێز نییە لە بازنەکانی بڕیاردان؛ نە لە واشـنتۆن و نە لـە بەغداد. ئەمریکا دوو هەزار و (500) سـەربازی لـە عێـراق جێگیـر کـردوە، لـە نێویاندا شـاری هەولێر بەشـێکە لـە هاوپەیمانیی دژ بـە (داعـش) بـە سـەرۆکایەتیی ئەمریـکا، هەروەهـا

واشنتۆن وەها ڕادەگەیەنێت، بوونی هێزی سەربازی لە عێراق بۆ پاڵپشتیی هێزە ناوخۆییەکان و ڕێگریکردنە لە گەڕانەوەی (داعش)، کە پێشتر ناوچە بەرفراوانەکانی عێراق و سووریای کۆنترۆڵ کردبوو، ئێستاش لە زیاتر ئاڵۆزبوونی دۆخەکە بە هەڵگیرسانی شەڕی غەززە، ئەمریکا پێداگریی زیاتر دەکات بۆ مانەوەی هێزەکانی لە عێراق و ناوچەکەدا. ئەم هێرشەی ئێران لە هەولێر، وەڵامێکی ئێرانە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە، بە وتنی ئەوەی توانای فراوانکردنی بازنەی ململانێی لە ناوچەکە و لە دەرەوەی غەززەش هەیە، سەبارەت بە بوونی بارەگای (مۆساد) لە هەولێر، گەر لە ناوچەی دەسەڵاتی (بارزانی)دا بونیشی هەبێت! بەڵام ڕاگەیاندنی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، تەنها مەبەست پڕوپاگەندەیەکە ئاڕاستەی ناوخۆی ئێران دەکرێت، کە بە دەست هەلومەرجێکی سەختی ئابووری و ناڕەزایەتیی جەماوەرییەوە دەناڵێنێت.

ئەو کارە تیرۆریستییانەی ئیسرائیل لە بەرانبەر کەسایەتییەکانی ئێراندا پیادەی دەکات هەوڵدانە بۆ ڕاکێشانی ئێران بۆ ناو شەڕەکە و بەرەو هەڵکشانی زیاتر و کرانەوەی بەرەی نوێ، بەڵام وەڵامدانەوەی ئێران جگە لە کاری تیرۆرستی و هێرشی مووشەکی ئاڕاستەیەکی تر ناگرێتە بەر، ستراتیژی ئەنجامدانی

تیـرۆرەکان لە هـەر لایەنێکـەوە، ئامرازێک نابێت بۆ بە دەسـت هێنانـی سـەرکەوتنی هەمەلایەنە، بەڵکوو هەنگاوێکـی تاکتیکـی دەبێـت کـە لـە کورت مـاوەدا هەندێـک پێگـەی هێـزی سـەبازی نیشـان دەدات و ناتوانـێ ئیسـرائیل و ئەمریـکا لـە قەیرانـی شـەڕی غـەززە دەربـاز بکات، ناشـتوانێ بە مانای شکسـت بێـت بۆ لایەنەکانی تر. دەتوانـم بڵێم ئەم ململانێیەی کە لە ڕێگەی دەستتێوەردانی هێزە میلیشیاکانی سەر بـە ئێرانـەوە دەچێتـە ناو هـەرای شـەڕەکەوە، وەک کۆتاییـی ئـەو جەنگانـە وایـە کە شـەڕەکە ڕاگیراوە، بەڵام لە هەندێ شـوێنی بەرەکاندا هەواڵی وەسـتانی جەنگەکەیان پێ نەگەییشـتوە و بەردەوامن لە شـەڕ، یـان لایەنـە سـەرەکییەکانی شـەڕەکە باوەڕیـان بـە بەشـێکی هێزەکانیان نەهێناوە، کە دەبێت ئەو شەڕە بوەسـتێت و سـەرکەوتوو نیـن لـە کۆنترۆڵکردنـی دۆخەکـە. ئیسـرائیل هەوڵـی فراوانکردنـی مـەودای شـەڕەکە دەدات و هەروەهـا هەوڵـی تێوەگلانـی لایەنەکانـی تریـش دەدات، بـەڵام هەتـا خۆرئـاوا و ئەمریکاش کە پشـتیوانی ئیسـرائیلن، نایانەوێت جگە لـە پاکتاوکردنـی غـەززە، شـەڕەکە بـەرەی تری لێ دروسـت ببێت. هەوڵدان بۆ سـەقامگیری لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت بۆ سـەرمایەگوزاری، دوای چەندیـن دەیە، کـە واقیعیەتێکە لە جەنـگ و گێژاو و

ناجێگیریی سیاسی، ئیتر مانای وەستان و کۆتاییی ئەو شەڕە پێداویستییەکە لە پێوەند بە هاتنە پێشەوەی هەلومەرجێکی تازە، لایەنە سەرەکییەکانی دەرگیر لەو شەڕەدا، بە تایبەتی دەوری ئەمریکا هەڵکردنی ئاڵای سپیە بۆ وەستانی شەڕ، هەلومەرجی سیاسی لە ناوچەکە و جیهاندا لە ڕاستای ئاڵوگۆڕێکی تەواو جدی و جیاوازدایە، کە شکستی خواستی باڵادەستیی جەمسەری ئەمریکایە و هاتنەمەیدانی فرە جەمسەرییە، ململانێی جەمسەرەکان ئیتر ناتوانێ بەردەوامی بدات بە جەنگی ئۆکرانیا و فراوانبوونەوەی شەڕی ئیسرائیل لە غەززە، درەنگ یان زوو دەبێت ئەو شەڕانە بوەستێت. سەرەڕای بۆردومانی تاران بۆ سەر هەولێر، بەڵام پێوەندییەکانی ئێران و عێراق نە تێک دەچێت و نە ئاڵۆزی تێ دەکەوێت، پێشبینیی هیچ تێکچوونی بەرچاو لە دیالۆگەکانی تاران لەگەڵ بەغداد ناکرێت، حوکومەتی عێراق پاشکۆی بەرژەوەندییەکانی ئێرانە و حوکومەتی هەرێم و (بارزانی)یش دەبێت ملکەچی نەخشە و سیاسەتی ناوەندبوونەوەی حوکومەتی بەغداد بن، پابەندبوونی هەرێم بەم سیاسەتەوە ڕەزامەندیی ئەمریکاشی لە سەرە. حوکومەتی عێراق ناچارە لە نێوان ئێران و ئەمریکادا هەماهەنگییەک بکات، ئیمتیازێک بە واشنتۆن بدات، لە هەمان کاتیشدا

ناچارە بە شێوەیەکی بەهێز و نەریتی پێوەندیی نزیک لەگەڵ تاران بپارێزێت، ئەوەی لەم ململانێ و دۆخە ئاڵۆزەدا ئایندە و چارەنووسی بەشمەینەتی و چەوسانەوە و مانەوەیەتی لە دۆخێکی نائاسایشدا، جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی عێراق و کوردستان و تەواوی ناوچەکەیە، جگە لە بەرپاکردنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی سەرمایەداران و نوێنەرەکانیان و دامەزراندنی دەسەڵاتی جەماوەری، ڕێگایەکی تر بۆ ڕزگاری نییە.

# (14)
# عێراق گۆڕەپانی گەمەی هاوبەشی ئەمریکا و ئێرانە!

عێراق نەک شـوێنێکی سـتراتیژی گرینگ و تایبەتی بۆ کۆماری ئیسـلامیی ئێران دابیـن کردوە، بەڵکوو بە هۆی ئەو سـامانەی لە ڕێگەی ئەو هێزە میلیشـیایانەی کـە سـەربەخۆیەتی و کۆنتڕۆڵـی حوکوومەتـی عێراقیـان کـردوە، ئێـران گەورەترین سـوودیان لێ بە دەسـت دەهێنێـت، بـەم شـێوەیەش سـەرچاوەی توانا داراییەکانـی بۆ دابیـن دەکات، تا ڕادەیەک قەرەبووی سـزا ئابوورییەکانی ئەمریکای پـێ دەکاتەوە. پرۆژەی فراوانخوازیـی ئێـران، ڕەهەندێکـی جوگرافیـی نـوێ و فراوانتـری وەرنەدەگـرت ئەگـەر ئیـدارەی (جـۆرج بـوش) لـە سـاڵی (2003)وە، لە ڕێگەی هێزە میلیشـیا ئیسـلامییەکانەوە عێراقـی ڕادەسـتی ئێـران نەکردایـە، کـە ئێسـتا بووەتـە بنکەی هێرشـکردنە سـەر شـوێنە سـەربازییەکانی ئەمریکا لە سـەر سـنووری عێراق و سـووریا و ئـەردەن. ڕووخانـی حوکوومەتـی بەعـس و گۆڕینـی تەنهـا بـۆ ژێردەسـتی ئێـران، ڕێگایەکـی لـە بەغـدادەوە بـۆ بەیـروت لـە ڕێگـەی دیمەشـقەوە کردەوە، هەروەها بە پشـتیوانیی (بەشار ئەسـەد) هێزە

میلیشیاکان بەتەواویی خۆیان ڕادەستی «کۆماری ئیسلامیی ئێران» و پلانەکانی لە ناوچەکەدا کرد، کە تا ئەمڕۆش وڵاتانی عەرەبی باجی کەوتنی عێراق بە دەستی ئێران دەدەن. ئەگەر ئەو بومەلەرزە عێراقییەی کە بە داگیرکاری لە لایەن ئەمریکاوە پێشهات، نەبووایە، کە دواتر لە سایەی ڕۆڵ و دەستتێوەردانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی گێژاوی سیاسی هەموو ناوچەکەی گرتەوە، «کۆماری ئیسلامی» ئازاد نەدەبوو کە ڕاستەوخۆ ڕۆڵ و دەستتێوەردانی لە عێراق و ناوچەکەدا سەرکەوتوانە بسەپێنێت، لە هەمان کاتدا، توانی لەم هەلومەرجە تایبەتەشدا بەو شێوەیە هێرش بکاتە سەر ئەمریکییەکان لە سنووری سووریا و ئەردەن. بە دڵنیاییەوە ئەوەی ئاشکرایە، ئێران بە بێ سەپاندنی خاوەندارێتیی عێراق، نەیدەتوانی بوونی خۆی لە ناوچەکەدا فراوان بکات و دەستتێوەردان بکات.

لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر ڕۆژێکدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ئێران توانای مومارەسەی ڕۆڵی پارێزەری عێراق و سووریا و لوبنان و بەشێکی یەمەنی هەیە. هەر چەند ئەمریکا دەستی بە هێرشە مووشەکییەکانی کردوە، بەڵام تا ئێستا نازانرێت ئیدارەی (بایدن) چۆن ئەم پرۆسەیە یەکلایی دەکاتەوە، یان چۆن بەو لێدانە لە سنووری سووریا و ئوردن گرفتەکانی لە بەرانبەر

ئێراندا ساغ دەکاتەوە. گرینگ ئەوەیە هیچ وەڵامێکی ڕۆشنی نییە، کە بتوانێت لە سەر زەویدا ئەنجامی هەبێت بە بێ گەڕانەوە بۆ عێراق و هەژموونی ئێران بە سەر عێراقدا، کە لە ڕێگەی حوکوومەتی ئێستای بە سەرۆکایەتیی (محەمەد شیاع ئەلسودانی)یەوە جێبەجێ دەکرێت، کە ئەم سەرۆکایەتییەش ئەجێندایەکی ئێرانییە و هیچی تر. هێرشێکی لەم شێوەیە دەرخەری ئەوەیە، کە ئێران زیاتر بەرەو پێش دەچێت لە هەوڵەکانیدا بۆ ئەوەی ئەوە دووپات بکاتەوە، کە دەسەڵاتی باڵای بە سەر ناوچەکەدا بپارێزێت، ئەو هەوڵانەش بۆ دەرکردنی ئێران لە سووریا و بە تایبەت لە باشووری سووریا دەدرێن، تا ئێستا هیچ سوودێکی نییە. هەروەها ئەوەی تا ئێستا جێگیر بووە ئەوەیە، کە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بە گشتی بە بەرژەوەندیی ئێران شکاوەتەوە، لە کۆتاییدا ئەوانەی ئێستا حوکمڕانی عێراق دەکەن میلیشیای تائیفیی عێراقین، کە ئێران لە ڕابردوودا لە باوەشی گرتبوون، هەر ئەم میلیشیایانەن، کە دەیانەوێت هێزی ئەمریکی لە عێراق دەربکەن و هێرشە مووشەکی دەکەنە سەر هێزەکانی ئەمریکا. هەر کەسێک لە پراکتیکەکانی ئەمریکادا بپشکنێت، بۆی دەردەکەوێت کە ئەمریکا لە ناوچەکەدا ئامادە نییە ڕۆڵی هەبێت لە گەییشتن بە ئاگربەست لە شەڕی غەززەدا، وەک ئامادەکارییەک بۆ

لێکۆڵینەوە لە داهاتووی کەرتی غەززە، کە بەرەو ڕووی شـەڕێکی وێرانکەری ئیسرائیل بووەتەوە، ئەمریکا لەم بارەیەوە لە گێژاوێکدایە، کە هیچ ئاسـۆیەکی سیاسـیی نییـە، لـە هەمـان کاتـدا بـە دوای ئەوەشـەوە نییە و لە بەرژەوەندیی نییە ئەم شەڕە فراوان بێتەوە.

ئەمریـکا باجی پراکتیزەکردنی سیاسـەتێک دەدات، کاتـێ کـە مامەڵـەی لەگەڵ حوسـییەکان کـردوە، وەک ئـەوەی هیـچ پێوەندییەکـی نزیـک و دووریـان لەگـەڵ ئێرانـدا نەبێـت، لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی بەردەوامـی نێـوان واشـنتۆن و تارانـدا، باڵادەسـتییەکی ڕوونـی ئێرانـی هەیـە کـە هاوتـای بێتوانایـی ئەمریکایـە کـە ڕەنگدانـەوەی نائامادەییـی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی پاش ئەو شکستانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە سەری هاتوە. چۆنێتیی مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ عێـراق هێمای سروشـتیی ئەو گێژاوەیـە، کە دەرگیرە لەگـەڵ هێـزە میلیشـیاکانی «حەشـدی شـەعبی»، کـە دەسـت بـە سـەر عێراقـدا توندتـر دەکـەن، هـەر وەک چـۆن «سـوپای پاسـداران» زۆر بەتوندیی دەسـتیان بـە سـەر ئێرانـدا توندتـر کردوە. حەشـدی شـەعبیش فەرمانێکـی بـە سـەر حوکوومەتی عێراقدا سـەپاند بۆ چوونە ناو دانوستانەکان بە ئامانجی کردنە دەرەوەی هێزی سـەربازیی ئەمریکا لە عێـراق، ئەم ئامادەبوونە بـۆ کردنە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا ڕۆشـنە، کە لە

سـەر بنەمای نەخشە و خواستی «کۆماری ئیسلامیی ئێـران»ە. هـەر لـەم بارەیـەوە سـەرۆکی پەرلەمانـی ئەمریـکا دەڵێـت؛ «سـەرۆک نەبـووە هێنـدەی (بایدن) سیاسـەتی ڕازیکردنـی ئێـران درێـژە پـێ بـدات». بـە پێـی ئـەو زانیارییەی کـە حیزبوڵڵای عێـراق پلاندانەر و جێبەجێکاری هێرشـی سێگۆشـەی سـنووری نێوان عێـراق و سـووریا و ئوردنە، ئەمریـکا دوای کوژرانی سێ سەربازەکەی تۆمەتەکانی ئاڕاستەی ڕژێمی ئێران و هاوپەیمانەکانی کرد. ئەم هێرشـەی پێشـتر باسـمان کـرد لە چەنـد مانگی ڕابردوودا یەکەمین هێرشـی لەم جـۆرە نەبووە و دواهەمین هێرشـیش نابێت، هەروەها ناتوانرێت لە دەرەوەی چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی ئێـران و ئەمریکا لـە وڵاتانی ناوچەکـەدا خوێندنەوەی بـۆ بکرێـت. دواییـن پێشـهات لـەم هێرشـەدا ژمارەی کوژراوانـی ئەمریکییەکانـە، ئەمـەش وردەکارییەکـە واشـنتۆن ناتوانێـت پشـتگوێی بخـات، چوونکـە وەڵام نەدانـەوە بـە مانای لاوازیی ئەمریـکا و بوێریی ئێرانی لـێ دەکەوێتەوە، ئەمـەش لە داهاتوودا هەڕەشـەیە بۆ سـەر بەرژەوەندییەکانـی واشـنتۆن لە ناوچەکـەدا. لە کاتێکدا واشنتۆن ڕایگەیاند؛ کە وەڵامی ئێران دەداتەوە و ئامانجـی دانـاوە، کە بە فەرمیی ئاشـکرای نەکردوە، ئایا بژاردەکان لە نێوان بەئامانج گرتنی هاوپەیمانەکانی ئێرانە، یان بەئامانج گرتنی شـوێنەکانی ناو دڵی ئێران

دەگۆڕێت!؟، هەر چەندە ئێستا هێرشە ئاسمانییەکانی بۆ سەر هێزەکانی هاوپەیمانی ئێران دەست پێ کردوە، ئایا واشنتۆن شەڕێک هەڵدەگیرسێنێت کە لەگەڵ ئاستی هەڕەشەکاندا بگونجێت؟ گەر پێداچوونەوە بە ڕاستییەکاندا بکەین، ستراتیژی ئێستای ئەمریکا بە هیچ جۆرێک بە قازانجی نییە خۆی لە شەڕێکەوە بئاڵێنی، کە بگوازرێتەوە بۆ ناوخۆی ئێران، ئەمریکا بە دوای سەرنەکەوتن و چەقینی نەخشەکانی لە بەرانبەر ڕووسیا لە ئۆکرانیا، هەروەها تێوەگلانی لەگەڵ بنبەستی ئیسرائیل لە غەززەدا، گواستنەوەی شەڕەکە بۆ ناوخۆی ئێران، حەتمیەتی شکستێکی گەورە دەخاتە بەر ئایندەی دابەزینی پێگەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

ئەمریکا ناچارە بۆ جێبەجێکردنی پەرچەکردار و هەڕەشەکانی، جگە لە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرانبەر هێزە میلیشیا هاوپەیمانەکانی ئێران نەچێتە ناو شەڕێکی فراوانی ناوچەیییەوە، لەمەشدا چەند سەرکەوتوو دەبێت، دەرگایەکی کراوە لەبەردەمیدا نییە تا هەنگاوەکانی چوونە پێشەوەی بسەلمێنێت. سەرچاوە ئاگادارەکان لە یەکەم هێرشی ئەمریکی-بەریتانیا بۆ سەر گروپی حوسییەکان باس لەوە دەکەن، کە ئەمریکا پێش ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر پێگەکانیان حوسییەکانی ئاگادار کردوەتەوە، کاتێکی تەواویان پێداوە بۆ چۆڵکردنیان! ئەمەش دەگۆڕێت بۆ

هەماهەنگیی سەربازی لەگەڵ قۆڵێکی هاوپەیمان لەگەڵ تاران. هەر بۆیە هێرشەکان کاریگەرییان لە سەر توانا سەربازییەکانی حوسییەکان نەبوو، لە هەمان کاتدا ئامانجی واشنتۆنیان بۆ دەستەبەرکردنی کەشتیوانیی دەریای سوور بەدی نەهێنا!

بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران بە هۆی بوونی سەربازی و سیاسیی هەردووکیان لە یەک وڵاتدا تێکەڵاو بوون، ئەوە دەبینین ئەو بەرژەوەندییانە بە هۆی هەندێک جیاوازییەوە تێک دەچن، بەڵام زۆری پێناچێت دەگەڕێنەوە بۆ دیپلۆماسی و ئارامی. ئەم ململانێ و گەمە سیاسییەی ئێران و ئەمریکا لە دوای شەڕی کەنداو و داگیرکاریی عێراق، لە ماوەی سێ دەیەدا مایەی پێشهاتی گەورەترین کارەسات و وێراکاری و نەهامەتی بووە بۆ دانیشتوانی عێراق و کوردستان، تا ئێستاش، بە تایبەتی لە هێرشی دڕندانەی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە ئەم ملاملانێیە، توندپێچی و دۆخێکی پێچیدەتری بە خۆوە نیشانداوە، جگە لە ئیسرائیل لایەنەکانی تر لایەنگری فراوانبوونەوەی شەڕەکە نین، بەڵام مامەڵەیان لە گەڵ دۆخەکەدا مەترسیی گەورەبوونەوەی ئەو شەڕە دەخاتە بەر ئەگەرێکی مەترسیدارەوە. بە گشتی لە پێوەند بە دۆخی ناوچەکەوە و ڕۆڵی جەمسەرە جیهانییەکان بە تایبەتی ڕووسیا و چین، وا پێ دەچیت دواجار ئەمریکا

بژاردەیەكی تری نەبێت جگە لە ناچاریی تەسلیم بوون بە ئێران، گەر هێرشیش بکاتە سەر چەند بنكەیەكی هێزە میلیشیاكان، كە دەستی پێ كردوە، بەڵام لە پێوەند بە فراوان نەبوونەوەی شەڕی غەززەوە، ناهاوسەنگییەك پێشهاتوە كە كاریگەریی لەسەر هاوكێشەی سیاسی لە ناوچەكە داناوە لە كەنداو و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە دوای كەوتنی عێراق بۆ باڵادەستیی كۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەمریكا ناتوانێ بەرەی شەڕی دژی ئێران گەرم بكات، هەروەها شەڕی پاكتاوكردنی دانیشتوانی غەززە لە لایەن (ناتانیاهۆ)وە، ڕیسوایی و گۆشەگیرییەكی بێوێنەی لە بەرانبەر ئەمریكا و ئیسرائیلی لە ئاستی جیهاندا نیشانداوە، لە هەمان كاتدا پێوەندیی نێوان یەكێتیی ئەورووپا و ئەمریكاش تەواو ئاڵۆز بووە، تا ئەو ئاستەی بەریتانیا، كە نزیكترین دۆست و هاوپەیمانی ئەمریكایە، لە ڕێڕەوی نیشاندانی جیاوازیی سیاسییە لە بەرانبەر ئەمریكادا. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، كۆتاییی ئەم ململانێ و بارگرژییە، چوونە دەرەوەی هێزەكانی ئەمریكایە لە ناوچەكە و كۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامیی ئێران.

# (15)
# پڕۆژەکانی جیهادی شیعە لە عێراقدا!؟

ئـەو هێـزە میلیشـیایانەی ناوەکـی بلۆکـی دەسـەڵاتداری لە عێراق پێک دەهێنن، کە «چوارچێوەی هەماهەنگییـە»، لـە ئەندامانێـک پێکهاتوون بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن، کە سـەر بـە بەرەیەکـی جیهادیـن، ئەو بەرەیـەی ئامانجیـان فراوانکـردن و قۆرخکردنـی دەسـەڵات و باڵادەستیی ئیسلامیی سیاسییە و لە ساڵی (1979) لـە ئێـران دەسـتی پـێ کـردوە. چوارچێـوەی هەماهەنگیـش درێژکـراوەی پـڕۆژەی شـیعەکانە، کـە ئێسـتا خۆی لە کۆماری ئیسـلامیی ئێـران، حیزبوڵڵای لوبنـان، گرووپی ئەنسـاروڵڵا کـە بنکەکەیان لە یەمەنە و گرووپە تیرۆریسـتییە عێراقییەکان و «چوارچێوەی هەماهەنگی» و میلیشیاکانیدا دەبینێتەوە.

سـەرکەوتنی «چوارچێـوەی هەماهەنگـی» لـە پێکهێنانـی حوکوومەتدا، لـە دوای هەڵبژاردنی (2021)ەوە، قۆرخـکاری و کۆنترۆڵـی هەمـوو لقەکانـی حوکوومەتـی کـردوە، بووەتـە باڵادەسـتێکی بێوێنـە لـە دوای داڕووخانـی دەوڵەتـی عێـراق لـە (2003)دا، بـە دەسـەڵاتێکی ڕەهـای حوکمڕانی پێناسـە دەکرێت. ڕابـەرە ڕاسـتەقینەکان لـە لوتکـەی «چوارچێـوەی

هەماهەنگی»دا، بە سێ سەرۆکی جیهادی دەناسرێتەوە، کە هەر یەکەیان پێوەندییەکی نزیکیان بە ئێرانەوە هەیە، (نوری مالیکی)، (قەیس خەزعەلی)، (هادی عامری). «چوارچێوەی هەماهەنگی» دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و دوو لیستی هەرە ئاشکرا و بەهێزەکەی، «هاوپەیمانیی ئەلفەتح» و «هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا» کۆنترۆڵ دەکات. هەروەها دەسەڵاتی دادوەری لە ڕێگەی سەرۆکی دادگاکانی ژێر کۆنترۆڵی میلیشیاکان، دادوەر (فایەق زەیدان) کۆنترۆڵ دەکات. هێزە سەربازییە ئاساییەکان (سوپا، دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، هێزی دەریایی و هێزی ئاسمانی) و خزمەتگوزارییە هەواڵگرییەکان، بە خێراییی لە لایەن گروپ و میلیشیا تیرۆریستییەکانی سەر بە ئێرانەوە دزە دەکرێن. هێزەکانی حەشدی شەعبی بە سەرۆکایەتیی تیرۆریستان، سوپایەکی هاوتەریبن کە لە سەر مۆدێلی سوپای پاسدارانی ئێران بنیادنراون. بەرپرسانی وەزارەتەکان ڕۆژانە بە فەرمانی گروپە تیرۆریستی و میلیشیاکان دەگۆڕدرێن. پارێزگارەکان لە ڕێگەی چوارچێوەی هەماهەنگییەوە دەستنیشان دەکرێن. زۆرینەی میلیشیاکان، کە بە «الطلیعیە» ناو دەبرێن، بە شێوەیەکی زۆر کاریان لە سەر دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەت و پێکهاتەکانیدایە، لەوانەش وەک ڕێکخراوی (بەدر و عەسائیب ئەهلی

حەق) و باڵە جۆراوجۆرەکانی میلیشیاکان، بە پلەی یەکەم سەرنجیان لە سەر چالاکییە سیاسی و ئابوورییەکانە، کارەکانی «عەسائیب ئەهلی حەق» و تەنانەت «ڕێکخراوی بەدر» هەندێکجار «وەک بزووتنەوەیەک بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەکەیان بە ناوی هێزی بەرگری خۆیان دەردەخەن، کە بەتوندی سەرنجیان لە سەر قۆرخکردنی حوکمڕانی و دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەتە، ئامانجی سەرەکییان تالانی سەروەت و سامانی ژێر دەستی دەسەڵاتی دەوڵەتە، لە عێراقدا ئەم گروپانە دڕندەترینی بزوتنەوەی جیهادین کە باشترین شارەزاییان هەیە لە چالاکییە بازرگانییە نایاساییەکان و قاچاخچێتییەکاندا. لە ساتەکانی شەڕی ئێستای غەززەدا، خۆیان وەک ئەندامێکی سەرسەختی میحوەری بەرگری ڕادەگەیەنن.!

ئەوەی جێگای سەرنجە، کە «حیزبوڵڵا»ی لوبنانی و هاوبەشە عێراقییەکانی وەک «لیواکانی ئیمام عەلی» لە ژینگەی عێراقدا تەواو سەرنجیان لە سەر بازرگانی و دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەتە، کە خۆیان لە سیاسەتی بەرەنگاری دژی ئەمریکا لە عێراقدا نادەن، وەها مامەڵە دەکەن کە عێراق گامێشێکە شیرەکەی بدۆشن بۆ ئەندامانی هێزی بەرگری لە لوبنان، ئەمەش تا ڕادەیەک «ڕێکخراوی بەدر» ناڕەحەت دەکات.

(ئەبـو فەداک) و (هادی عامری) سـەرۆکی ڕێکخراوی (بـەدر) لـە پـڕۆژە بازرگانییـەکان و خـۆ دزینـەوە لـە گومرگەکان لە هاوردەکردن و گواسـتنەوەی دۆلار بۆ ئێـران، بـەردەوام هـاوکاری دەکرێن. لە هەمـان کاتدا، بەڕێوەبەرایەتیـی هەواڵگـری و فڕۆکـەی بێفڕۆکەوانی دەستەبژێری هێزەکانی حەشدی شەعبی سەر بە (ئەبو فەداک) ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕن لە هێرشە تیرۆریستییەکان بۆ سـەر ئامانجە ئەمریکییەکان و عەرەبەکانی کەنداو. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە یەکێک لە بەرپرسانی پڕوپاگەندەی سـەر بە لیواکانی (حیزبوڵڵا و عەسائیب ئەهلـی حـەق)، یەکەم ڕاوێژکاری (سـودانی) سـەرۆک وەزیرانـن. پێدەچێـت «لیواکانی حیزبولـڵا» لە عێراقدا نەتوانـن بەتەواویـی بڕیارەکەیـان یەکلایـی بکەنەوە و لە ڕاسـتیدا دابەشبوون بە سەر دوو باڵدا، هەر چەندە هێشتا ئەو دوو باڵە پێوەندییەکی نزیکیان هەیە. باڵێکیان کە (ئەبو فەداک) سەرۆکایەتیی دەکات، بە پلەی یەکەم سـەرنجی لە سـەر کۆنترۆڵکردنی هێزەکانی حەشـدی شـەعبیە و بودجـەی سـاڵانەی (2.6) ملیـار دۆلارە و پەرەپێدانی بازرگانییەکانی بیناسازی و گرێبەستکردنە، کـە پێوەندییـان بە حەشـدی شـەعبیەوە هەیـە. یەکێک لـەو کارانە «کۆمپانیای ئەندازیاریی گشـتی» بوو، کە پلانـی بـۆ داڕێژرابـوو، کە لە سـەر مۆدێلـی کۆمەڵەی (خاتـەم ئەلئەنبیـا) لە (IRGC) دامەزرا. سـەبارەت بە

باڵەکەی تری «حیزبوڵڵا کەتایب»، کە (ئەبو حوسێن) سەرۆکایەتیی دەکات، زیاتر مەیلی پێشڕەویی ئاشکراتری هەیە، پێش قەیرانی غەززە لە عێراق، سووریا و ئوردن هێرشی زۆری لە دژی ئەمریکا ئەنجامداوە، ئەم باڵە ئەندامانی پەرلەمان لە خۆ دەگرێت و لە یەکەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبیدا چڕ دەبێتەوە، بە تایبەتی لە ڕۆڵی ئەمنی و هەواڵگریدا. لەو حاڵەتانەی کە کوتلەی (ئەبو حوسێن) تێوەگلاون لە چالاکییە ئابوورییەکاندا، ئەم چالاکییانە تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندییان بە قاچاخچییەکانەوە هەیە، لەوانە هەناردەکردنی نەوتی نایاسایی و ساختەکاری لە خانووبەرەدا.

ئەندامانی میحوەری بەرگری یان «شبکة التهدید الایرانیة»، تۆڕی هەڕەشەی ئێران، ڕەنگە ئاڵنگارییەکی زۆر ئاڵۆزتر و کاریگەرتر لە هەر یەکێک لە گروپە جیهادییەکانی تری بەشدار لە حوکمڕانی عێراقی ئەمڕۆدا دروست بکەن، ئەمەش بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی قەبارەی خاوی ئەو سەرچاوانەی کە لە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆیاندایە، ئەو گروپانەی پاشکۆی ئێران بە ئاسانی دزە دەکەنە ناو پێکهاتە دەوڵەتییەکانەوە و کۆیان دەکەنەوە، کە توانای قەرزکردنیان لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان و فرۆشتنی نەوت و گاز (بە دۆلار) و کۆنتڕۆڵکردنی سندوقەکانی

سـەروەت و سـامانی سـەروەرییان هەیە. لە لوبنان و یەمـەن تۆڕە جیهادییە شـیعەکان کۆنترۆڵی ئابوورییە لەرزۆکـە تونـدەکان دەکـەن، لـە ئێـران و عێراقیـش کۆنترۆڵـی بەرهەمهێنەرانـی وزەی جیهانـی دەکـەن، کـە هـەر یەکەیـان توانایەکـی یەکجـار زۆریـان هەیـە لە بـواری بازرگانـی و بەرهەمهێنانـدا. کۆنترۆڵکردنی عێراق، بە شـێوەیەکی تایبەت لە لایەن «شـبكة التهديد الإيرانية» تۆڕی هەڕەشـەی ئێرانەوە، یاریی گۆڕینێکە بە مانای کۆنترۆڵکردنی هێزەکانی بەرگرییە، بە تایبەتی ئەوانەی پاشکۆی ئێرانن بە سەر حوکوومەتی عێراقدا، بـە بـێ ئـەوەی هیـچ هاوبەشـییەک لەگـەڵ (موقتـەدا سـەدر) بکـەن، چوونکـە ئێـران میلیشـیا عێراقییـەکان لـە هاوپەیمانییەکـی تایبەت بە خۆیانـدا دادەنێت، وەک هێزی ئابووری بۆ هێزە هاوبەشەکانی ئێرانە، ئەوەش کـە تـۆڕی هەڕەشـەی ئێران تـازە بە دەسـتی هێناوە، ئێرانـی کردوەتـە ئێرانێـک، کـە بە ئاسـانی ناچێتە ژێر کاریگەریـی گەمارۆکانـی ئەمریکاوە. حیزبولـلای لوبنـان و بزوتنەوەی حوسـییەکان، یاریزانی بچووکی ئابووریـن بـە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتـی عێراقدا. یەکەم بودجەی حوکوومەت بە سـەرۆکایەتیی «چوارچێوەی هەماهەنگی» گەورەترین بودجەیە لە مێژووی عێراقدا، کـە (153) ملیـار دۆلار خەرجیی سـاڵانەیە بۆ ماوەی سـێ سـاڵی لە سـەر یەک، کە نزیکەی (50%) زیادی

کـردوە بـە بـەراورد بە دوایین بودجـەی عێراق، کە لە ساڵی (2021)ەوە پەسـەند کـراوە. بـەڵام خـەرجییـە چاوەڕوانکراوەکانـی لوبنانـی ئیفلاسـکراو لـە سـاڵی (2022)دا کەمتـر لـە دوو مليـار دۆلارە، هـەروەهـا وڵاتەکـە بـە هۆی ئەو زیانە داراییيـە گەورەیەی کە لە ساڵی (2021)ەوە تووشی بووە، بە بەهای (72) مليار دۆلار قـەرزارە. هەروەها بودجەی «حوسـییەکان» لە یەمەن کەمە و ساڵانە نزیکەی یەک مليار دۆلارە.

گـەر بـە گشـتی حکومڕانیـی جیهـادی توانیبێتی لە ڕێگەی دەسەڵاتی ڕەهای چوارچێوەی هەماهەنگییەوە باڵادەسـتییەکی بێوێنـە لـە حکومڕانیـی لـە عێراقـدا بەرجەسـتە بکاتـەوە، لـە هەمـان کاتـدا دەتوانێـت سیاسـەتی دەرەوەیـش بگرێتەوە و هاوسـەنگییەک لە نێـوان وڵاتانـی زلهێـزی دنیـا ڕابگرێـت. دەنگدەرترین سەرکردەی بەرگریی دژە ئەمریکی لە عێراق، (ئەکرەم ئەلکەعبـی)، لـە سـاڵی (2022)ەوە سـەردانکەرێکی پێشوازی لێ کراوی مۆسکۆ بووە، هەر بەم ئاڕاستەیە پێوەندیی نێوان هێزەکانی بەرگریی عێراق و ڕووسـیا بـە خێرایی پێکهـات، دوای ئـەوەی هێزەکانی بەرگری بـە تونـدی پشـتگیریان لـە داگیرکردنـی ئۆکرانیا کرد. باڵیۆزخانـەی ڕووسـیا لـە بەغـداد بـەردەوام کار دەکات بـۆ قوڵکردنەوەی ئـەم پێوەندییە، بە تایبەتی لە سـەرەتای دەسـتپێکی قەیرانی غـەززەوە، کە دەرفەت

دەڕەخسـێنێت بـۆ ئیسـتغلالکردنی تورەیـی عێراق بۆ لاوازکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا.

چیـن، کـە زیاتـر سـەرنجی لـە سـەر وەبەرهێنانی ئابوورییە، هەروەها دەسـتکەوتی گرینگی لەگەڵ هێزە بەرگرییەکانـدا بە دەسـت هێناوە، پشـتگیریی خۆی بۆ پـڕۆژە لاوەکییـەکان ڕاگەیانـدوە، هەروەهـا ڕۆڵێکـی گرینگـی هەیـە بۆ دەستپێشـخەری لە پـڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان، پڕۆژەکانی بەندەر و هێڵی ئاسن، هەروەها هەر پارەدانێکی دیجیتاڵی، بەڕێوەبردنی بەرمیلی نەوت و سیسـتەمی بەدواداچوونـی کەشـتییە دەریاییەکان، وەک ڕێگەیـەک بۆ گواسـتنەوەی پشـتیوانیی چینی بۆ کۆمپانیاکانی سـەر بـە ڕێکخراوی (بەدر و عەسـائیب ئەهلی حەق). لە ڕاسـتیدا ئەم پڕۆژە ئابوورییانەش بۆ خۆیـان پێویسـتیان بە دۆخێکـی گونجاوی ئاسایشـە، سـەختە سـەرمایەگوزاری لـە دۆخێکـی نائاسایشـدا کارەکانی بڕواتە پێشەوە، بۆیە ئەم پڕۆژە ئابوورییانە کە بەشـێکی گرینگە بۆ ئایندەی عێراق، لە کاتی خۆیدا کێشـە بـۆ پـڕۆژەی جیهادی شـیعە دروسـت دەکات، ئەمـەش هۆکارێکـی واقیعی دەبێت، کە جیهادی شـیعە دەخاتە ناو ناکۆکییەکەوە، کە ناچار بە پاشەکشـەیەک دەبێـت. بـە گشـتی ئەوەی لـە پێش چاومانـە پڕۆژەی جیهادی شیعە، کە لە ساڵی (1979) لە ئێرانەوە دەستی پێ کردوە، ئەوەش لەو سـەرکەوتنەوە مەترسییەکانی

ئەم پڕۆژەیەی نیشاندا، کە کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا دامـەزرا و توانـی لـە ڕێگـەی پێکهێنانـی دەوڵەتەوە و دەستبەسـەرداگرتنی سـەرچاوە داراییەکان و داهاتی ئێران، بە ململانێ لەگەڵ ڕووداو و دۆخە جیاوازەکانی جیهـان و ناوچەکـەدا جیهادەکـەی فـراوان بکاتەوە، لە هەمـان کاتـدا هـەر دوو جەنگـی کەنـداو و ڕووخانـی حوکوومەتی (سـەدام)، گەورەترین هەلی ڕەخساند بۆ کۆماری ئیسـلامی، کە شـەپۆلی پانتاییـی جیهادەکەی لـە ڕێگـەی دامەزراندنـی بنکەیەکـی بەهێز لـە عێراقدا فراوانتر بکات و دۆخەکە بشڵەقێنێت.

سـەرکەوتنی پـڕۆژی ئـەم جیهـادە لـە عێراقـدا بـە نـاوی هێزەکانـی بەرگـری، ئـەو دەسـتتێوەردانە ڕاسـتەوخۆیەیە، کـە ئێـران لە پێکهاتـەی حوکوومەتی عێراقـدا ڕۆڵـی بنەڕەتیـی بینـی و لـە هەمـان کاتـدا ئەندامەکانـی چوارچێـوەی هەماهەنگـی لـە پێوەنـد بـە پاشـکۆبوون بـە ئێرانـەوە کارەکانیـان بـە ئەنجام دەگەیـان. ئـەم پـڕۆژەی جیهـادەی ئێسـتا لـە عێراقدا دەگـوزەرێ بـە پێکهاتـەی حیـزب و ڕێکخراوەکانی و هێزە میلیشـیاکانی و پاشـکۆکانی تریـەوە ناکرێ نەک کەمتر لە مەترسـیی نموونەکانی (بن لادن و قاعیدە و داعش)، بەڵکوو پێویسـتە زیاتر حسابی لەسەر بکرێت بـۆ ئاینـدەی سیاسـیی ناوچەکـە، ئـەو ئیمکاناتـەی کە ئێسـتا لە بەردەم چوارچێـوەی هەماهەنگی و ئێراندایە

زۆر زیاتـر لەوەیـە، کـە لە بەردەم (بـن لادن و قاعیدە و داعـش)دا بـوو. بەڵام ئاسـۆیەک کـە پێچەوانەی ئەم مەترسـییەمان نیشـان دەدات، لـە لایـەک هاوچەرخـی و شارسـتانیەتی کۆمەڵگـەی ئێـران، عێـراق، سـووریا و لوبنانـە... کـە ناتوانرێت ئەو جیهـادە لەگەڵ ژیانیاندا ئاوێـزان بێـت، باشـترین نموونـە دۆخـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی خـودی ئێرانـە، کـە چـوار دەیـە زیاتـرە بـە زۆرداریـی چەک و سـەرکوت و سـێدارە، جیهادی شـیعە نەیتوانیوە پێوەندیی هاوچەرخی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندیی ئەو جیهادە بشـێوێنێت. بە هەمان شـێوە عێراقیش لە ناڕەزایەتییەکانی (2019)وە سـەلماندیان، کە جیهادی شـیعە و دەسـەڵاتی شـیعە لـە کۆمەڵگەی عێراقدا قەبووڵ ناکرێت، ئەوەی شایانی باسە زۆرینەی ناڕەزایەتییـەکان لـەو ناوچانـەدا بەرپابـوون، کـە بـە ناوچەی شیعەنشین ئەژمار دەکرێت. لە لایەکی ترەوە پێداویستییەکانی گەشەی ئابووریی عێراقە، کە ناکرێت گەشەی ئابووری لەگەڵ پڕۆژەی جیهادا بگونجێنرێت، بەڵکوو پڕۆژەی جیهادە، کە دەبێت خۆی لەگەڵ پڕۆژە ئابوورییەکاندا بگونجێنێت.

# (16)
# دۆستایەتیی (بافڵ) و (ئەعرەجی)

بەغداد و تاران حسابێکی تایبەت بۆ (بافڵ) و یەکێتی دەکەن، چوونکە بێ دوودڵی هەڵدەستن بە پێشخزمەتییەکی ئەمنیی گەورە و ڕۆڵێکی سیاسی دەگێڕن بۆ بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنەی لە مانگی ئازاری ساڵی ڕابردوودا ڕایانگەیاندبوو، لەبارەی بەرزکردنەوەی ئاستی پاراستنی ئاسایشی ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و هەرێم، بە چەک دامالین و دوورخستنەوەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دژ بە ئێران لە سنوورەکانی ئێران و هەرێمدا، کە دەیانەوێت بەم جۆرە دڵسۆزی و پابەندبوونی زیاتری خۆیان بۆ کۆماری ئیسلامی بسەلمێنن، تا لە سایەی کۆماری ئیسلامیدا پارێزگاری لە پێگەی سیاسییان بکەن، هەر بەم شێوەیەش (بافڵ) دەتوانێت دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوە ببات. (بافڵ) جیا لەوەی پێداگری و جەخت لە سەر دڵسۆزیی سی ساڵەی بەردەوامی ڕێبازی یەکێتی دەکاتەوە بۆ کۆماری ئیسلامی، لە هەمان کاتدا بە دوای ڕۆڵێکی کاریگەرەوەیە تا ئەوە مسۆگەر بکات لە نێو هاوپەیمانەکانی لە ئێران و لە عێراق جێگایەکی

دامەزراو بچەسپێنێت! تا بەم ڕێگەیە هاوسەنگیی هێزەکەی لە بەرانبەر ڕکابەرەکەی کە (بارزانی) و پارتییە بە قازانجی خۆی بگۆڕێت بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ئەو هاوسەنگییەی کە چەندین ساڵە خەوی پێوە دەبینن. لە هەمان کاتدا (بارزانی) و پارتی بە هەمان شێوەی پێشخزمەتی بۆ تورکیا توانیویانە هاوسەنگیی هێز و سیاسییان لە بەرانبەر (تاڵەبانی) و یەکێتیدا بپارێزن، بە هەمان شێوە تورکیاش حسابێکی تایبەت بۆ (بارزانی) و پارتی دەکات.

دەتوانم بڵێم هەوڵی پاراستنی سنوورەکانی ئێران ڕۆڵێکی کارای هەیە، کە جێگەی تایبەت بۆ (تاڵەبانی) لە نێو هاوپەیمانەکانی لە تاران و لە عێراق مسۆگەر دەکات. دوای گەڕانەوەی (قاسم ئەعرەجی) لە ئێران، کە ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراقە، سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە دەکات، کە لە نێوان ئێران و عێراق و هەرێمدا پەسەندکراوە، هەروەها سەبارەت بەو دۆسیەیەی دەربارەی بوونی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە عێراقدا لە ئارادایە، (ئەعرەجی) بەرەو سلێمانی بەڕێکەوت و لە دەباشان گفتوگۆی لەگەڵ (بافڵ) و ژمارەیەک بەرپرسی سیاسی و ئەمنی ئەنجامدا، (قاسم ئەعرەجی)، کە سەر بە ڕێکخراوی (بەدر)ە، یەکێکە لە کوتلە بەهێزەکانی شیعەی عێراقی دڵسۆز بۆ ئێران، (بافڵ) پێوەندیی

زۆر نزیکـی لەگەڵـدا پـەرە پـێ داوە، هـەوڵ دەدات لە ململانێـی لـە بەرانبـەر (بارزانـی)دا پشـتیوانییەکی بەهێـزی هەبێـت، بـەو هیوایەی ئەوە نیشـان بدات، کە بەم ڕێگەیە دەسـت بە سـەر سـەرکردایەتیی هەرێمدا بگرێـت! ئـەوەی لـەم هەڵبژاردنـەی (2024/10/20)دا بـۆی نەچووە سـەر، هـەوڵ دەدات بەڵکـوو لە ڕێگەی (ئەعرجی)یـەوە قومارێکی تر بەرانبەر (بارزانی) بکات و دەستکەوتێکی هەبێت! یان لە دواجاردا گەر دۆخەکە نەشـێوێنن، پێگەیەکی زیاتر لـە پێکهێنانی حوکوومەتی هەرێمدا بە دەست بهێنن.

لـە ڕاگەیەنراوێکـی نووسـینگەی (ئەعرەجـی)دا ئاماژە بەوە کراوە، کە بە ڕێنماییی فەرماندەی گشتیی هێـزە چەکدارەکان، (محەمـەد شـیاع سـودانی)، بـە یاوەریی شـاندێکی ئەمنی، سـەردانی سلێمانیان کرد، بۆ بەدواداچـوون لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنیی نێـوان عێـراق و ئێران، هەروەهـا لـە ڕاگەیەنراوەکەدا ئامـاژە بـەوەش کـراوە، (ئەعرەجـی) و ئەندامانـی شـاندی ئەمنیـی یـاوەری، لەگـەڵ سـەرکردەکانی دەزگا ئەمنییەکانـی یەکێتـی بـە ئامادەبوونـی (بافڵ) کۆبوونەتەوە و باسیان لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە و سـەرجەم وردەکارییەکانـی تێدا کـردوە. میدیاکانی ئێـران، لـە زاری (ئەعرەجی)یـەوە ڕایانگەیانـدوە، کـە ئاسایشـی عێـراق ئاسایشـی ئێرانـە، حوکوومەتـی

عێراق و حوکوومەتی هەرێم ئامادەن ڕووبەڕووی هەر هەڕەشەیەکی ئەمنی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ببنەوە، لە هەمان کاتدا (بافڵ) باسی لە پێشهاتە ئەمنی و سەربازییەکانی ناوچەکە و پتەوکردنی هەماهەنگیی نێوان هێزە ئەمنییەکان لە هەرێم و عێراق کردوە. چەکداماڵینی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و دوورخستنەوەیان لە سنوورەکانی ئێران خاڵێکی سەرەکی لە ڕێککەوتنی ئەمنیی نێوان بەغداد و تاران بوو، سەرچاوە عێراقییەکان ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەیان لە سێ خاڵی سەرەکیدا کورت کردوەتەوە: ڕێگریکردن لە دزەکردنی چەکداران و ڕادەستکردنی داواکراوەکان بە پێی یاسا، چەکداماڵین و لابردنی کەمپەکان و کۆکردنەوەیان لە کەمپەکانی دوور لە سنوور. دۆسیەی ئۆپۆزیسیۆن لە ناوچە سنورییەکانی نێوان ئێران و هەرێم، دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ساڵ لەمەوبەر، بەڵام ئەوەی زیاتر پرسی سنوورەکانی چڕکردەوە، دەورانی دوای ئەو نارەزایەتییانە بوو، کە لە دوای تیرۆری (مەهسا ئەمینی) لە ناوخۆی ئێراندا سەریان هەڵدا لە ساڵی (2022)دا، کۆماری ئیسلامی جیا لە سەرکوتی ئەو نارەزایەتییانە لە هەمان کاتدا پەنای بردە بەر سنوردارکردنی هەڵسورانی ئۆپۆزیسیۆنەکانی و دەستیکرد بە هێرشی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، ئێستاش ئێران بە ڕێککەوتن و بە هاوکاریی (بافڵ) و حوکوومەتی عێراق

ئـەو کارەی بـۆ ئەنجام دەدرێت. سـەرەڕای سـەختیی ئەرکەکـە، دەسـەڵاتدارانی عێـراق دەتوانـن پشـت بـە خزمەتگوزارییەکانـی یەکێتیـی نیشـتمانی ببەسـتن بۆ بەرتەسـککردنەوەی جموجۆڵی ئەو چەکدارانە. بەغداد هـەوڵ دەدات بـە کۆنتڕۆڵکردنـی جموجۆڵـی چەکدارە کـوردەکان لـە ناو خاکـی عێراقدا، تا تـاران و ئەنقەرە ئارام کاتەوە، کە هەردووکیان پەرۆشی ئەو پرسەن.

ئێران پێشـتر هەڕەشـەی ئاشـکرای دەستتێوەردانی ڕاسـتەوخۆی سـەربازیی لە ناوخۆی عێراقدا کردبوو، ئەگـەر عێـراق و هەرێـم دەستپێشـخەری نەکـەن بـۆ کۆتایـی هێنـان بـە بوونـی ئۆپۆزسـیۆنی چەکـداری ئێران لە سـەر خاکەکەیان، وەزارەتی دەرەوەی ئێران پێشـتر ڕایگەیاندبوو گـەر ڕێککەوتنەکە لە کاتی خۆیدا جێبەجـێ نەکرێـت، ئـەوا بەرپرسـانی ئێـران خۆیـان بەرانبـەر بە هێـز و لایەنەکانی ئۆپۆزسـیۆنی ئێران لە هەرێـم، ئـەو چەکداماڵینە جێبەجێ دەکـەن. زیادبوونی پێویسـتیی (بافڵ) و یەکێتی بە پشتیوانیکردنی ئێران و (ئەعرەجـی)، لەو ڕوەوەیە کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ململانێـی سیاسـی بەکاریـان دەهێنـن، کە لـە بەرانبەر (بارزانی) و پارتیدا نمایشی دەکەن، نمایش لە بەرانبەر ئـەو ڕکابەرییـەی کـە تـا ئێسـتا (تاڵەبانی) لـە تەواوی ژیانـی سیاسـیی (جەلالیـەت)دا، نەیتوانیوە بە سـەریدا سـەربکەوێت. واقیعـی حوکوومەتـی هەرێـم و زۆنـی

زەرد و سـەوز، پێکهاتەیەکە لە باڵادەستیی حیزبەکانی بـۆرژوا ناسیۆنالسـتی کـورد، بـە ڕابـەری بنەماڵـەی (بارزانـی) و بنەماڵـەی (تاڵەبانـی)، بەهێـزی میلیشـیا و بـە پشـتیوانی و پاشـکۆبوون بـە دەوڵەتـی وڵاتانی تـر، پارێـزگاری لە خۆیان دەکەن و سـەرمایەگوزاری و تاڵانچێتـی و قاچاخچێتـی دەکـەن، ئەمـە نموونـەی ئەزموونی سی ساڵ زیاتری دەسەڵاتە لە کوردستاندا، کـە هیچ هەنگاوێکی پێویسـتی بۆ خواسـتەکانی خەڵک نەنـراوە. لـەوە گەوجانەتـر نییـە، کـە هەنـدێ لایەن و ڕۆشـنفیکر، ئومێـدی ئـەوە دەبەخشـنەوە کـە گۆڕانی ئەم دەسەڵاتە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەکرێت، زیانی ئـەم جـۆرە ئومێدانە دامرکاندنەوەی ئـەو نارەزایەتییە جەماوەرییانەیـە، کـە داوای کۆتایـی پـێ هێنانـی ئـەم دەسەڵاتە دەکەن، کۆتاییەک کە لە ڕێگەی ڕاپەرینەوە تـەواوی دامودەزگاکانیـان هەڵدەوەشـێنێتەوە، دامودەزگایـەک بـە ڕۆڵ و ئیـرادە و دەسـتتێوەردانی ڕاستەوخۆی خەڵک دادەمەزرێننەوە.

# (17)
# ئامانجی سەردانی (پزیشکیان) بۆ عێراق

سەردانەکەی (مەسعود پزیشکیان)، سەرۆک کۆماری نوێی ئێران بۆ عێراق لە کاتێکدایە، کە پێوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵات شایەتی گرژی و ئاڵۆزییەکی زۆرە، وە هاوکاتە لەگەڵ زۆرێک لە گرژییە ناوچەیییەکان، بە تایبەتی بەردەوامیی ئاڵۆزیی شەڕ و کوشتاری بە کۆمەڵی دانیشتوانی غەززە و ناکارامەییی ئێران لە وەڵام بە ئیسرائیل و دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی تورکیا وەک ڕکابەرێکی ئێران لە عێراقدا، لە هەمان کاتدا لە بەرانبەر واقیعیەتی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بە دەستتێوەردانی وڵاتانی زلهێزی دنیا و ململانێی نێوانیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا پێشبینی دەکرێت، لەم بارەیەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدات جێگایەک بۆ ئێران دیاری بکات. هەڵبژاردەی (پزیشکیان) لە سەردانی بۆ عێراق، وەک دەرکەوتەی بەردەوامی سەرنجی سیاسەتی ئێرانە، لە سەر زیاتر چەسپاندنی هەژموون و دەستتێوەردانی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا، کە لە ڕووی ئابووری و دارایی و باڵادەستیی سەربازی

لە ناوچەکەدا بۆ ئێران، عێراق بووەتە بوارێکی پڕ بایـەخ و گرینگ، لە هەمـان کاتدا بووەتە مەیدانێک بـۆ بەڕێوەبردنی ململانێکانـی و یەکلاییکردنەوەی بەرکەوتەکانی لە بەرانبەر ڕکابەرەکانیدا، هەروەها بـۆ بردنـە پێشـەوەی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانـی لـە ناوچەکـەدا. بەتایبەتـی کـە عێـراق لـەم دەورانەدا جێگایەکی تایبەتی بۆ پڕۆژەی گەشەپێدان تەرخان کـردوە، ئـەم پڕۆژەیـە زیاتـر پێگـەی تورکیـا لـە عێـراق دەباتە پێشـەوە، بـەڵام تا ئێسـتا جێگایەک لـەم پڕۆژەیـەدا بۆ ئێران دیـاری نەکراوە، ئەمەش خاڵێکـی گرینگـی سـەردانەکەی (پزیشـکیان)ە بـۆ عێراق. (پزیشـکیان) ئاماژەی بەوە داوە، کە لەگەڵ (سودانی) لە سەر پڕۆژەی ستراتیژیی درێژخایەن گفتوگۆیان کردوە، کە دەبنە هۆی هاوکاریی زیاتری نێـوان هـەر دوو وڵات. هەوڵەکانـی حوکوومەتـی (پزیشکیان) بۆ پاراستنی عێراق وەک دەرچەیەکی ئابـووری بۆ ئێـران و دەرچەیەک بـۆ خۆدزینەوە لـەو سـزا توندانـەی کـە لـە لایـەن ئەمریـکاوە بە سـەریدا سـەپێنراوە، جگـە لـەوەش جێگیرکردنـی ئـەو ڕێچکەیەی کە سـەرکەوتوو بێت لە بەرانبەر، ڕکابەری و دەستتێوەردانی وڵاتانی زلهێزی دنیا لە ناوچەکەدا و پێگەی زیاتری لە عێراقدا بسـەپێنێت، لـە هەمـان کاتـدا دەرفەتـی ڕووبەڕووبوونـەی

بزووتنەوە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمەکەی فراوانتر و مسۆگەرتر بکات.

دوای ئەوەی (پزیشکیان) لە لایەن (سودانی) یەوە پێشوازی لێ کرا، (پزیشکیان) چووە شوێنی کوشتنی (سولەیمانی) و (ئەلموهەندیس)، لەوێ تاجە گوڵینەی لە شوێنەکە دانا و مۆرێکی تاوانبارکردنی ئەمریکای بۆ ئەو ڕووداوە بەرجەستە کردەوە. یەکەم ڕۆژی سەردانەکەی سەرۆک کۆماری ئێران بۆ عێراق شایەتحاڵی چوار یاداشت بوو، کە لە بوارەکانی پەروەردە، ڕاگەیاندن، پێوەندییەکان، کشتوکاڵ و ناوچە ئازادەکان واژۆکران. (سودانی) ئەم یاداشتانەی شانبەشانی یاداشتەکانی تر، کە پێشتر واژۆکراوە وەسف کرد، جەختی لەوە کردەوە؛ کە «هەر چەندە ئەم هاوبەشییانە زیاتر فراوانتر بن، ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی لە سەر ئاستی سەقامگیریی ناوچەکە دەبێت»!. سەرۆکی ئێران، بەڵێنیدا لە چوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ کەمکردنەوەی گۆشەگیریی نێودەوڵەتیی ئێران و کەمکردنەوەی کاریگەریی گەمارۆکانی خۆرئاوا، لە سەر ئابووریی کۆماری ئیسلامی ئەولەویەت بدات بە پتەوکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا، ئەمەش ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئێران و عێراق پێویستیان

بە بازاڕی یەکترە بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانیان تەنانەت لە بواری وزەشدا. میدیاکانی ئێران بڵاویان کردەوە، قەبارەی بازرگانیی نانەوتیی نێوان ئێران و عێراق نزیکەی پێنج ملیار دۆلار بووە لە نێوان مانگی ئازاری (2024) تا تەمووزی (2024). هەروەها ئێران ڕۆژانە ملیۆنان مەتر سێجا گاز هەناردەی عێراق دەکات بۆ کارپێکردنی وێستگەکانی کارەبا. عێراق پاشەکەوتی هەیە لە پێدانی ئەو هاوردەکردنانە، کە لە سەدا (30)ی پێداویستییەکانی کارەبا دەگرێتەوە، کە دەکاتە ملیارەها دۆلار. لە مانگی ئەیلوولی ساڵی (2023)، هەر دوو وڵات پڕۆژەی هێڵی ئاسنی بەسرە-شەلەمچەیان دەست پێ کرد، ئەو هێڵەی کە شارە گەورە کەنارییەکانی باشووری عێراق بە دەروازەی سنووری شەلەمچە دەبەستێتەوە، کە مەودای زیاتر لە (32) کیلۆمەتر دەبێت. (سودانی) هەوڵ دەدات هاوسەنگییەکی گونجاو لە نێوان پێوەندییە بەهێزەکانی لەگەڵ ئێران لە لایەک و پێوەندییە ستراتیژییەکان لەگەڵ ئەمریکا لە لایەکی ترەوە بپارێزێت، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەش، کە لەگەڵ (پزیشکیان) بەڕێوە چوو، ڕایگەیاند: «بەغداد و تاران ڕەتی دەکەنەوە ململانێی بەردەوامی غەززە بەرفراوان بکەن».

هەروەها «هەڵوێستی پرەنسیپی دەستووری و یاسایی حوکوومەتەکەی دووپات کردەوە، کە ڕێگە بە هیچ لایەنێک نادات دەستدرێژی، کردەوەی چەکداری یان هەڕەشەیەکی سنووربەزێن لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر بنەمای خاکی عێراق ئەنجام بدات».

ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەرەسەندنی هاوکارییە ئەمنییەکانی نێوان هەر دوولایان لە ڕووبەڕووبوونەوەی بزووتنەوە چەکدارییەکانی دژ بە ڕژێمی ئێران، کە دەیان ساڵە لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق چالاکن. بەڵام ئەوەی کە زیاتر پێویستە جێگای سەرنجمان بێت، هەڵبژاردنی (پزیشکیان) بۆ یەکەم سەفەری دەرەکیی دوای دەستبەکاربوونی بۆ عێراق، لە خۆوە نەهاتە ئاراوە، هەروەها پاڵنەری پێوەندییە جیاجیاکانی نێوان هەر دوو وڵاتیش نەبووە، بەڵکوو مەبەستێکی تایبەتیترە، کە دوای ئەم سەردانە بۆ عیراق، سەرۆکی ئێران بەرەو نیویۆرک دەڕوات، بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتوەکان، ئەمەش هۆکارێکی گرینگ و جدییە بۆ ئەوەی عێراق یەکەم شوێنی مەبەستی (پزیشکیان) بێت، تا جەخت لە سەر گرینگیی جیۆپۆلەتیکی عێراق بکاتەوە بۆ ئێران،

تا پێگەیەکی بـەرزی ئێران لە نەتەوەیەکگرتوەکان نیشـان بـدات. ئـەوەی ڕاسـتی بێت زۆربـەی ئەو نووسـەرانەی دەربـارەی سـەردانی (پزیشـکیان) بۆ عێراق لێکۆڵینەوەیان لەسـەر کردوە، هەر یەک لای خۆیـەوە خاڵی گرینگیان ئامـاژە پێداوە، بەڵام ئـەو ئامادەکارییانـەی کە (پزیشـکیان) و کۆماری ئیسـلامیی ئێـران هەوڵـی بـۆ دەدەن، تـا ئێـران لە نیویۆرک و نەتەوەیەکگرتوەکان بە دەسـتکەوتەوە ڕاوەستێت، سەرنجیان نەچووەتە سەری. بەشێکی تر لە سـەردانەکەی بۆ عێراق دوای ئەوە هات، کە بەغـداد لە ڕێگـەی ڕاوێژکاری ئەمنیی (سـودانی)، گفتوگۆیـان لەگـەڵ واشـنتۆن بـۆ کشـانەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا لە عێراق ڕاگەیانـدوە، ئەمەش پەیامێکـە بـۆ واشـنتۆن کە تـاران ویسـتویەتی لە ڕێگەی سـەردانەکەیەوە بیگەیەنێت. واتە پەیامەکە ئەوەیە، کە ئێران لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکادا، هـەوڵ دەدات ئـەو بۆشـاییە پڕبکاتـەوە، واتـە دەستتێوەردان و پێوەندی لەگەڵ عێراق لە پێشینەی کارەکانی دەبێت و سەردانەکەشـی گوزارشت لەو ئاڕاسـتەیە دەکات. بەڵام ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدەین، کە پەیوەستە بە واقیعی ئەمنیی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـتەوە چاوەڕوانی کشـانەوەی ئەمریـکا لـە عێـراق ناکرێت، چوونکـە ئەمریـکا

ئامـادە نییـە لە عێراق بکشـێتەوە، هەروەها ئامادە نییـە دەرفـەت بـە تاران بـدات تا زیاتـر بچێتە ناو عێراقـەوە. «ئەمە قسـەی ئەمریکییەکانە». هەڵبەتە تورکیـاش لایەنێکـی زلهێـزی ناوچەییـە و وەک ڕکابەرێکی ئێران مەیدانەکە چۆڵ ناکات، لە هەمان ململانێ و پێوەندییە جیهانییەکاندا یاری دەکات.

لە لایەکی ترەوە سـەردانەکەی (پزیشـکیان) لە هەلومەرجێکـی زۆر هەسـتیاردایە سـەبارەت بـە دۆخـی ناوخـۆی عێراق، بە پێی ئـەو زانیارییانەی لـە سـەر پێوەندیی نێوان لایەنەکانـی چوارچێوەی هەماهەنگی دزەی پێ کراوە، چڕبوونەوەی ناکۆکیی نێـوان بەشـێک لـە سـەرکردەکانی چوارچێـوەی هەماهەنگی و (سودانی)دایە، کە ئاماژەیە بۆ ئەگەری هەڵوەشـاندنەوەی چوارچێـوەی هەماهەنگـی، ئەمـەش لە ئێسـتادا لە بەرژەوەندیـی تاران نابێت، بۆیە بەشێک لە بەرنامەی سەردانەکە، کۆبونەوەیە لەگەڵ سـەرکردەکانی بلۆکە سیاسییەکان، هەڵبەتە سەردانەکە زیاتر بۆ جێخستن و پشتیوانیکردنە لە هەڵوێستی ئەو لایەنانەی چوارچێوەی هەماهەنگی، کـە نزیکـن لـە ئێرانـەوە. ئـەوەش ئاشـکرایە، کـە (سـودانی) زۆر لە ئێـران نزیک نەبووەتەوە، زیاتر هەوڵیداوە مەودای نێوان بەغداد و تاران بپارێزێت، لـە هەمـان کاتـدا لە هەوڵـی ڕاگرتنی هاوسـەنگیی

بەغداد دایە لە گەڵ ئەنقەرە و و تاران و واشنتن، ئەم ئاڕاستەیەش هەمیشە جێگای نیگەرانیی ئێرانە، کە ناتوانێ باڵادەستیی تەواو بە سەر عێراقدا دابین بکات، لە هەمان کاتدا ئێران ناشتوانێ بە ئاسانی پەرچەکرداری خۆی لەو سیاسەتانەی (سودانی) کرداری بکاتەوە، چوونکە ئاشکرایە کە ئەمریکا و تورکیا پشتیوانی لەو سیاسەتانەی (سودانی) دەکەن کە لە بەرژەوەندیی خۆیانە. لایەنێکی گرینگی تر لە سەردانەکەی سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە دەبێت لە بەرچاو بگیرێت، جەختکردنە لە سەر دیداری سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری، واتە دادوەر «فایەق زەیدان»، بۆیە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە؛ ئاخۆ مەبەست لە کۆبوونەوەی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری لە عێراق و سەرۆک کۆماری ئێران چییە؟ (پزیشکیان) لە ڕێگەی ئەم کۆبونەوەیەوە دەیەوێت چی بگەیەنێت؟ لە ژێر ڕۆشنایی ئەو تۆمەتانەی کە ئەمریکا (زەیدان) بەوە تاوانبار دەکات، کە لە ڕێگەی دادگاوە هاوسۆزیی لەگەڵ ئێران کردوە، چوونکە پێشتر واشنتۆن لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا پڕۆژەیەکی پێشنیار کرد بۆ سزادانی بەرپرسانی باڵای دەوڵەتی عێراق بە تۆمەتی ئەوەی «دڵسۆزی» و خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی

ئێرانیـان لـه عێـراق کـردوه، وا پـێ دەچێـت ئـەم پڕۆژەیەی ئەمریکا (زەیدان)ی لە سـەروی لیستی ئەو ئامانجی سزادانەدا دانابێت، ئەمەش مەترسییە بۆ سـەر سنوردارکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراقدا. کە دەیەوێت باڵادەستیی خۆی بە سەر تـەواوی دەسـەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسـادانان و دادوەری مسـۆگەر بکات. سـەبارەت بە مەلەفی سیاسـی و پێوەندییەکانـی ئێـران لەگـەڵ جیهـان، ڕێبـازی چاکسـازی کـە سـەرۆک کۆمـاری ئێران دەیەوێـت پەیـڕەوی بـکات، ڕەنگدانـەوەی هەوڵی نیشـاندانی باشـترکردنی وێنـەی ئێرانـە، لە سـەر گۆڕەپانـی نێودەوڵەتی و دروسـتکردنی پێوەندیی ئەرێنیـی زیاتـر لەگـەڵ وڵاتانـدا، کـە هەنـگاوە بۆ بەشـداریکردنی داڕشتنی ستراتیژییەکانی ئێران لە سـەر ئاسـتی ناوخۆیی، ناوچەیـی و نێودەوڵەتیدا، بـەڵام لـە لایەک بەرجەسـتەکردنەوەی ئاڕاسـتەی چۆنێتیـی دەسـتتێوەردانی لـە عێراق و پشـتیوانی لـە هێـزە میلیشـیاکان لـە ناوچەکـەدا، لـە لایەکـی ترەوە چڕبوونەوەی زیاتری کێشە ناوخۆییەکانی لـە قەیرانـی ئابوری و سیاسـی، هەروەهـا بوونی ناڕەزایەتییەکـی فراوانـی جەماوەرییـە بەرانبـەر کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەمەش شایەتی پێشبینیی بارگرژی و ئاڵۆزی زیاتر و ئایندەیەکی ناجێگیری

سیاسی و قەیرانی گەورەترە لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا. (پزیشکیان) چۆن دەتوانێ شێوازی حوکوومەتەکەی بە سەرکەوتن بگەیەنێت؟ ئەمەش ئەو پرسیارەیە، کە دەتوانین بڵێین بەردەوامیدان بە دەسەڵاتی سێدارە و شیعەگەرا کام جۆرە لە سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت؟.

# (18)
# پێوەندیی هەولێر و تاران!

سـەردانی فەرمیـی (نێچیرڤان بارزانـی) بۆ تاران، هەر چەندە وەها نیشاندرا کە لە پێوەند بە هەڵبژاردنی هەرێـم و کێشـەی هەولێـر لـە بەرانبـەر بڕیارەکانـی دادگای فیدراڵی دایە، هەڵبەتە لەو بارەیەوە قسەکراوە و (بارزانـی) داوای جدیـی هەبووە لەو بوارەدا، بەڵام ئـەم سـەردانە زیاتـر ئاکامـی سـەردەمێکی نوێیـە لـەو ئاڵوگۆڕانـەی لـە ناوچەکـەدا پێشـبینی دەکرێت، هەروەها پێوەندی نێوان تورکیا و عێراق لە پێوەند بە پـرۆژەی گەشـەپێدانەوە، لە هەمان کاتـدا ئاماژەیە لە ئەگەری گۆڕانی پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق و ئێران. سـەرەڕای بەردەوامیـی ناڕەزایەتیی یەکێتی بەرانبـەر بـە ئەگـەری دواخسـتنی هەڵبژاردنـەکان، پێدەچێـت تـاران لـە دوای ئـەو سـەردانەی (نێچیـر) ڕۆڵـی نێوەندگیریـی کاریگـەر بگێڕێـت، بـۆ فشـار لە سـەر یەکێتی و حوکوومەتی بەغداد، هەوڵی تاران بە یارمەتیدان بۆ گەییشـتن بە ڕێککەوتنێکی سـەخت لە سەر پرسی هەڵبژاردن، پشتیوانییەکی پێویست لەگەڵ حوکوومەتـی هەرێـم بە دەسـت دەهێنێت، کە ئەمەش دواتـر ڕێگـە بە تـاران دەدات داوای ئیمتیـازات بکات

لە سـەر هەر دوو ئاسـتی ئەمنی و ئابووری. دەمێکە (خامنەیـی) هەڵوێسـتێکی دوژمنکارانـەی بەرانبەر بە ئاراستەی لایەنگری (بارزانی) بۆ ئەمریکا گرتوەتەبەر، ئـەم گۆڕانکارییـە کتوپڕە بە شـێوەیەکی تـا ڕادەیەک خێـرا لـە دوای هێرشـی مووشـەکی بالیسـتیی ئێران بۆ سـەر هەولێر جێگای سـەرنجە، وێڕای ڕابردووی پـڕ لە گێژاویان، ئێسـتا لە بەرانبـەر بەرژەوەندییەکی تایبەتـدا بـەرەو ڕوون، لـە مامەڵـەی بەشـێک لـەو ناکۆکییانـەی کـە تایبەتمەندیـی گۆڕەپانـی سیاسـیی عێـراق و تاران و ئەنقەرەیە، کۆماری ئیسـلامی ئەمە بـە دەرفەتێـک دەزانێت بـۆ فراوانکردنـی هەژموونی خـۆی لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی ڕکابەری لە بەرانبەر ڕۆڵی تورکیا لە ناوچەکە و عێراقدا.

دوای ئـەوەی ئەمریـکا لـە سـاڵی (2003) ڕژێمی (سـەدام)ی ڕووخانـد، ئێـران دەرفەتـی ئـەوەی بـۆ ڕەخسا پێوەندیی سیاسی و ئابووری بە فەرمی لەگەڵ حوکوومەتی هەرێمی کوردسـتان دروسـت بکات، لە هەمان کاتدا دوو کونسوڵخانەی لە هەولێر و سلێمانی کـردەوە. حوکوومەتـی هەرێـم توانـی نوسـینگەی نوێنەرایەتی لە تاران بکاتەوە، کە وەک «باڵیۆزخانەی دیفاکتـۆ» کار دەکات. لە دوای سـاڵی (2003)ەوە بە هۆی پێشهاتە ناوچەییەکان، سەرهەڵدانی ڕێکخراوی «داعـش» و ململانێـی ئێـران لەگـەڵ ئەمریـکا و

ئیسـرائیل، لە لایەکی ترەوە و پاشکۆبوونی (بارزانی) بۆ دەسـتتێوەردانی ڕاستەوخۆی تورکیا لە ناوچەکە، پێوەندییەکانـی نێـوان ئێـران و حوکوومەتـی هەرێـم بـەردەوام دابەزیـن و بارگرژیـی بـە خـۆوە بینیـوە. هۆکارێـک لـە ناسـەقامگیریی پێوەندییەکانـی نێـوان هەولێر و تاران، بوونی لایەنە چەکدارە کوردییەکانی ئۆپۆزسـیۆنی ئێرانـە لە ناوچەی کوردسـتانی عێراق. بـەڵام دوای واژۆکردنـی «ڕێککەوتنـی ئاسایشـی سـتراتیژی» لـە نێـوان بەغـداد و هەولێـر و تاران لە مانگـی ئەیلولـی (2023)، لایەنە ئۆپۆزسـیۆنەکان کە بنکەکانیان لە هەولێر و سـلێمانییە، تا ڕادەیەکی زۆر پابەندبـوون بـەو ڕێککەوتنە، بەڵام هێشـتا پرۆسـەی جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنـی ئەمنـی بەردەوامـە، لـەم ڕۆژانەشـدا کۆمـاری ئیسـلامی داوای لـە یەکێتـی کـردوە کەسـوکاری بەشـێک لـە ئۆپۆزسـیۆنەکان بخاتـە نـاو کەمپەکانـەوە، قەبوڵکردنـی ئەمـەش لـە لایـەن یەکێتییـەوە بـە کارێکی نامرۆیـی و قێزەون و ڕیسـوا بە سـەریدا دەشـکێتەوە، لە لایەکی تریشـەوە مەترسـییەکی گـەورە دەبێـت لە سـەر ئۆپۆزسـیۆنی ئێرانـی و خەڵکـی کوردسـتان. هەر چەنـدە (بارزانی) بـە نـاوی حوکوومەتـی هەرێمـەوە ئامادەییی خۆیان نیشانداوە بۆ هاوکاریکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لـە ئاسـتێکی سـنووردار‌دا، بـەڵام جـۆری پێوەندیـی

پاشـکۆبوونی هەولێـر بـە تورکیـا و ئەمریـکاوە و پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو، مایەی وروژاندنی بەردەوامی نیگەرانییەکانی ئێرانە بەرانبەر (بارزانی).

ئەوەی شـایانی باسـە، تاران هەرێمی کوردستانی عێـراق بـە «ئیسـرائیلی دوەم» دەناسـێنێت و بانگەشـەی ئـەوە دەکات، کـە هەولێـر هێلانەیەکـی بریکارەکانـی «مۆسـادە». ڕوانگـەی ئەمنیـی ئێـران بەرانبـەر بـە هەولێر لـە کاتی ڕیفراندۆمـی (2017)دا ڕوونتـر بووەوە، (عەلی ئەکبـەر وێلایەتی)، یەکێک لە ڕاوێـژکارە باڵاکانی (خامنەیـی)، لەو کاتەدا ڕایگەیاند: کـە «کۆمەڵگـەی موسـڵمانان ڕێگـە بـە دامەزراندنی ئیسـرائیلێکی نـوێ لە ناوچەکەدا نادەن». هەڵوێسـتی پەرچەکرداریی ئێران بەرانبەر بە حوکوومەتی هەرێم تەنهـا قسـەکردن نییـە، بینیمـان کە سـوپای ئێران بە مووشـەکی بالیستی ماڵی دوو بازرگانی کردە ئامانج و بانگەشـەی ئەوەی کرد، کە بریکارەکانی ئیسـرائیل ئەو بینایانە بەکار دەهێنن، لە هەمان کاتدا مووشەکی لایەنە شیعەکانی سەر بە ئێران کە ئاڕاستەی هەولێر کـران. بـە گوێـرەی ڕاگەیەنراوێکی فەرمی، سـەرۆک کۆماری ئێران بە (بارزانی) ڕاگەیاندوە، «چاوەڕوانی ئـەوە دەکـەن، کـە حوکوومەتـی هەرێـم ڕێگـری لـە ئیسـتغلالکردنی خاکەکانیـان لـە لایـەن ئیسـرائیل و گرووپـە دژبەرەکانـی ئێرانـەوە بـکات. لەمیانـی

کۆبونەوەکـەدا کـە لـە تـاران بەڕێوەچـوو، (بارزانی) دووپاتی کردەوە، کە هەرێمی کوردستان ڕێگە نادات زەویوزارەکانـی ببنـە مایـەی نیگەرانیـی ئاسایشـی نیشـتمانی بـۆ دراوسـێکانی، دەشـڵێت، لـە ڕووی پرەنسـیپەوە قەبوولکـراو نییە هیـچ گروپێکی چەکدار هێرش بکاتە سەر وڵاتانی دراوسێ و دواتر کشانەوە بـۆ هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق. یەکێک لـە ئامانجە سـەرەکییەکانی ئێـران لـە میوانداریکردنـی (بارزانی) هەوڵدانە بۆ دوورخسـتنەوەی حوکوومەتی هەرێم لە بازنەی تورکیا، چوونکە ساڵانێکی زۆرە هەولێر زیاتر لەگـەڵ ئەنقـەرە هاوتەریـب بووە، نەک لەگـەڵ تاران. هۆکارێکـی هەڵوێسـتی سـاردی حوکوومەتی هەرێم بەرانبـەر ئێـران دەگەڕێتـەوە بـۆ پێوەندیـی ئاڵـۆزی نێـوان هەولێـر و بەغـداد لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی (نوری مالیکی) (2006–2013)، کە لە لایەن ئێرانەوە پاڵپشـتی دەکـرا، هەروەهـا لـەو ماوەیـەدا هەرێـم لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە لە پێوەندییەکی نزیکدا لەگـەڵ تورکیادا بووە. سـەرەڕای هەموو ناڕەزایەتی و کاردانەوە توندەکانی حوکوومەتی ناوەندیی عێراق، هەولێر ڕێککەوتنێکی ستراتیژیی بۆ ماوەی (50) ساڵ لەگـەڵ تورکیا بـۆ هەناردەکردنی نەوت واژۆ کرد، لە هەنگاوێکـدا کـە بەغـدادی بەتەواوەتـی بەدەرکرد. لە لایەکـی تریشـەوە، ئێران زیاتر لـە ڕێگەی یەکێتییەوە

پێوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمدا ڕێکخستوە. بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە دۆخی سیاسیی ناوچەکەدا پێشهاتوە و (بارزانی) و حوکوومەتی هەرێم دەرگیر بە قەیرانێکن، لە بەرانبەر چوونە پێشەوەی سیاسەتی بە ناوەندبوونەوەی حوکوومەتی عێراق، ناچار بە گەڕانەوە بۆ بەغداد و پاشکۆبوونی حوکوومەتی عێراق بوون، لە هەڵپەکردنی ئەوەدان لە ڕێگەی پێوەندیی دیپلۆماسییەوە خۆیان لەگەڵ دۆخەکەدا بگونجێنن. ئەوەی کە ئێستا زیاتر بەرجەستە بووەتەوە، لە چوارچێوەی پڕۆژەی گەشەپێداندا، هەولێر ڕێگای ترانزێتە بۆ پڕۆژەیەکی گرینگ، کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هەژموونی تورکیا لە عێراق، هەر چەندە تا ئێستا ڕادەی بەشداریکردنی هەرێم لە پڕۆژەکەدا نادیارە. بەڵام پێویست دەکات ئاماژە بەوە بکرێت، کە جێبەجێکردنی پڕۆژەی «ڕێگەی گەشەپێدان» تەوەری سەرەکیی سەردانەکەی (ئەردۆغان) بوو بۆ بەغداد و هەولێر، لە کارنامەی نێوان بەغداد و ئەنقەرەدایە، هەروەها بەشداریی دارایی ئیمارات و قەتەر لەم پڕۆژەیەدا چاوەڕوانییەکانی بەرز کردوەتەوە، بەڵام هێشتا هەڵوێستی ئێران لەم بارەیەوە ڕوون نییە، لە هەمان کاتدا جێگەی هەولێر لەم پڕۆژەیەدا تا ئێستا هیچ ڕێککەوتنێکی فەرمیی بۆ ڕانەگەیەنراوە.

(بارزانی) لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ تاران، ئەو

پەیامەشی بە بەرپرسانی ئێران گەیاندوە، کە پڕۆژەی «ڕێگەی گەشەپێدان» ئامانجێکی ستراتیژی بۆ ئێران نییە. هەروەها نیگەرانییەکی تر کە پێوەندیی بە ئێرانەوە هەیە، ئەگەری ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیایە بۆ سەر چەکدارانی (پەکەکە) لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر، چوونکە ئەم پڕۆسەیە ڕێگە خۆش دەکات بۆ پەرەسەندنی هەژموونی ئەنقەرە لە عێراقدا. ئێران بۆ پوچەڵکردنەوەی هەژموونی ئەنقەرە لە کوردستانی عێراق، لە ژێر ئاڵای نیمچە فەرمیی هێزەکانی حەشدی شەعبیدا، ئامادەیی بۆ پارێزگاری لە هەندێ شوێندا بۆ (پەکەکە) نیشانداوە، ئەمەش ئەو ئاکامەی لێ دەبێتەوە هەر هێرشێکی داهاتوو، کە تورکیا ئەنجامی بدات بۆ سەر (پەکەکە)، زیاتر ئاڵۆزی لێ دەکەوێتەوە. ئێران هەمیشە بۆ فشار خستنە سەر (بارزانی) هەوڵیداوە توانای هەولێر لە پێوەند بە حوکوومەت لە بەغداد و کاریگەریی لە سەر یەکێتی لە سلێمانی تێک بدات، بەڵام ئێستا وا دەردەکەوێت ئێران ئامادەیە دەست لە سەر کێشەکانی بەرانبەر هەولێر ڕابگرێت و قۆناغێکی نوێی پێوەندی لەگەڵ حوکوومەتی هەرێم دەست پێ بکات. هەر چەندە هەولێر دەیەوێت هاوسەنگی لە نێوان ڕکابەریی نێوان ئەنقەرە و تاران لە ناوچەکەدا دروست بکات، بەڵام پێدەچێت ئێران بەردەوام بێت

لـە فشـارەکانی لـە سـەر هەولێر، کە لـە هەوڵدا بووە بـۆ بـە دەسـت هێنانی هەمان ئـەو هەژموونەی کە لە سلێمانی هەیەتی. ئەمەش ئاڵۆزیی ئەو دۆخە نیشـان دەدات، کە لە بەرانبەر ئەو ئاڕاستەیەی لە پێداویستیی گۆڕانکارییـەکان لە ناوچەکەدا پێشـبینی دەکرێت، کە ململانێ و چۆنێتیی سـەپاندنی بەرژەوەندی و پڕۆژە ئابوورییـەکان و هاوسـەنگیی لایـەن و هێـزەکان بـە لایەکیدا دەخات.

# (19)
# کاریگەریی قەیرانی ئابووریی ئێران لە سەر عێراق

تـاران لــە دوای ڕووخانــی ڕژێمــی (ســەدام) لــە ســاڵی (2003) ڕووی کـردە بەغـداد، بـە جیـا لـەوەی بە ئامانجـی دامەزراندنی پێگە و هەژموونی سیاسـیی کۆمـاری ئیسـلامی بـوو لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، لـە هەمان کاتـدا لەبـاری ئابوورییەوە لـە هەوڵـی ئـەوەدا بـوو قەرەبـووی ئـەو زیانانـە بکاتەوە، کە تووشـی هاتبوو لە ئاکامی زنجیرەیەک سـزاوە، کـە لـە لایـەن کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتییـەوە بـە سـەریدا سـەپێنرابوو، لـە سـەر دۆسـیەی بـە بارمتەگرتنـی دیپلۆماتـکارە ئەمریکییـەکان، کـە لـە باڵوێزخانـەی ئەمریـکا لـە تـاران، دوای شـۆڕشـی ئێـران لـە سـاڵی (1979) دەستبەسـەر کرابوون. لە هەمان کاتدا ئەو سـزایانە و جەنگی هەشـت ساڵەی ئێـران- عێراق و ناڕەزایەتیی جەمـاوەری...، ئێرانی دەرگیـری قەیرانی گەورەی ئابـووری کردبوو، ئەم ڕووکردنەی کۆماری ئیسلامی بۆ بەغداد بە تایبەتی دوای ئـەوە دێت، کە گروپـە نزیکەکانی ئێران دوای ڕووخانی حوکوومەتی (سـەدام) گەییشـتنە پۆستی

سەرکردایەتی لە حوکوومەتی عێراقدا. هەر زوو ئێران ئەو هەلەی قۆستەوە و هەموو قورسایی بازرگانیی خۆی ئاڕاستەی عێراق کرد، سنورەکانی عێراقی ئاوەڵا کرد و بازاڕەکانی عێراقی پڕکرد لە بەرهەمە هەرزانەکانی خۆی.

تێوەگلانی ئێران لە شەڕێکی درێژخایەندا لەگەڵ عێراق زیانەکانی بە (400) ملیار دۆلار مەزەندە کراوە، هەروەها ئەو سزایانەش، کە بە پێی فەرمانی (12170) لە ساڵی (1979)سەپێنراون بوونە هۆی ڕاگرتنی سامانی ئێران بە بەهای (12) ملیار دۆلار لە لایەن ئەمریکاوە. ئەوەی شایانی باسە، لە ماوەی (40) ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەکی پچڕپچڕ سزا بە سەر ئێراندا سەپێنراوە، ئەمەش بە گوێرەی ئەو پێگەیەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بە دەستی هێنابوو، کە ململانێ و مامەڵەی ئەمریکا و وڵاتانی دەوروبەری پێدەکرد. لە هەمان کاتدا بە هۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەی و پشتیوانیکردنی بۆ ئەو گروپانەی کە وەک تیرۆریست دەستنیشان کراون. دواین سزا لە مانگی تشرینی دووەمی (2024) لە لایەن یەکێتیی ئەورووپاوە سەپێنرا، ئەوەش بە هۆی پاڵپشتیکردنی بوو بۆ ڕووسیا لە جەنگی دژ بە ئۆکرانیا. بەردەوامیی کارەکانی ئێران لەبارەی دۆسیە ئەتۆمییەکەی بووە هۆی

زیادبوونـی سـزاکانی سـەری، دوای ڕووخانـی ڕژێمـی (سـەدام)، ئێران توانی ئـەو هەلە بقۆزێتەوە کە هەژموونی خۆی لە عێراق دابمەزرێنێت و هەوڵ بـدات بـە شـێک لـە زیانەکانـی قەرەبـوو بکاتـەوە، هەڵبەتـە تێکچوونـی ئابووریـی ئێـران بـووە هـۆی دارمانێکـی سـەرسـوڕهێنەری تمەنـی ئێرانـی، کـە گەییشـتە نزمترین ئاسـتی خۆی، بە جۆرێک نرخی ئاڵوگـۆڕی دراو گەییشـتە هەشـتا هـەزار تمـەن بۆ هـەر دۆلارێـک. ئەمـەش لـە بـازاڕی ناوخۆیـدا لـە ماوەی درێژخایەندا بووە هۆی هەڵئاوسـانی دارایی لـە ئەنجامـی بەرزبوونـەوەی بەردەوامـی نرخـی کاڵا و خزمەتگوزارییـەکان، هەروەهـا کاردانـەوەی کۆمەڵایەتی بە هۆی تێکچوونی ئابوورییەوە هەبووە، دیارترینیـان بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی بێـکاری و نەداری و هەژارییە لە ناوخۆی ئێراندا، هەروەها ئەم دۆخە بووە هۆکاری بڵاوبوونەوە و بەرزبوونەوەی ڕێـژەی گەندەڵـی. ئـەم گەمارۆیانـە ئێرانیـان ناچار کـردوە، کـە ڕێـگا نایاسـاییەکان بگرێتەبـەر بـۆ ڕزگاربـوون لـەو قەیرانـەی دەرگیری بـووە، پەنای بـۆ پێکهێنانـی چەندین قـەوارە و کۆمپانیای خەیاڵی لـە عێراقـدا بردوە، بڕێکـی زۆر دۆلاری لـە ڕێگەی بەشـێک لە بانکەکان و بانکی ناوەندیی عێراقەوە بۆ ئێران گواستوەتەوە، لەم بارەیەوە ئەمریکا لە ساڵی

(2023)دا فشـاری خستوەتە سـەر بانکی ناوەندیی عێـراق بـۆ توندکردنـەوەی ڕێـکارەکان لەگـەڵ ئەو بانکانەی کە پارەی ئەو قەوارانەیان دابین کردوە.

تاران بۆ ساڵی (2024) بڕی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیـی نێـوان عێـراق و ئێرانـی بـە (20) ملیـار دۆلار مەزەنـدە کـردوە. ئـەو جـۆرە ئاڵوگـۆڕە بازرگانییـە کێشـەی بـۆ عێـراق دروسـت کـردوە، چوونکە ئێران فرۆشـتن بە تمەن و دیناری عێراقی قەبـوول نـاکات و بە دۆلار مامەڵە دەکات، دەیەوێت بـە دۆلار بازرگانیـی دەرەکیی خـۆی بەڕێوە ببات، پـاڵ بـە بازرگانانـەوە دەنێـت، کـە پەنـا بۆ بـازاڕی ڕەش ببـەن بـۆ دەسـتەبەرکردنی دۆلار. پڕۆسـەی گەیاندنـی دۆلار بـۆ بازرگانانی ئێرانـی لە عێراقەوە پاڵـی بـە بازرگانەکانـەوە نـاوە بـۆ بەکارهێنانـی شێوازی نایاسایی وەک «ئۆپەراسیۆنی قاچاخچێتی و شـێوازی نافەرمـی»، بـە تایبەتـی کـە نزیکـەی (20) دەروازە لـە نێـوان عێـراق و ئێرانـدا هەیە، کە هەندێکیـان لـە ژێـر چاودێریـی حوکوومەتـدا نیـن، ئێـران هەنـاردەی نانەوتی بۆ عێـراق زیاد کردوە و بە سوود وەرگرتن لەو سنورەی کە درێژ دەبێتەوە بـۆ زیاتر لـە (1200)کم. ئۆپەراسـیۆنی قاچاخچێتی بـە هەمـوو جۆرەکانییـەوە و قاچاخچێتـی بە دۆلار لـە ڕێگـەی دەروازە نافەرمییەکانـەوە بەردەوامـە،

سـەرەڕای ئـەو هەوڵە زۆرانەی کە دەسـەڵاتدارانی عێـراق داویانـە بـۆ کۆنترۆڵکردنـی قاچاخچێتـی بە دۆلار، بەڵام تا ئێسـتا کۆنتـرۆڵ نەکراوە. پەیوەندی نەکردنـی عێـراق بـە ڕێکخراوی بازرگانیـی جیهانی و کۆنتـرۆڵ نەکردنـی سـنورەکان، وای کـردوە ببێتـە ئامانجێکی ئاسـان بۆ کۆمپانیـا ئێرانییەکان تا بێسانسـۆر وەبەرهێنان بکەن، هەروەها بازاڕەکانی عێراقیـان بـە بەرهەمەکانیـان پڕکـردوە، لـە هەمان کاتـدا دەبێتە هـۆی ئەوەی عێـراق نەتوانێ بەرگری لـە بەرهەمـە ناوخۆییەکانـی بـکات بۆ وەسـتانەوە لـە بەرانبـەر وڵاتانـی دەرەوەدا. دابینکردنی غاز بۆ عێراق بۆ بەرهەمهێنانی (800) مێگاوات کارەبا ئەمە پڕۆسـەیەکە بڕێکـی زۆری دراوی قـورس «عملـە صعبـە» بـۆ تـاران دابین کردوە، ئێران سـوودمەند بـووە لـە «بازرگانیـی بـازاڕی ڕەش» وەک سـەرچاوەیەکی تر بۆ دەسـتکەوتنی دراوی قورس، سەرەڕای فشارخستنە سەر حوکوومەتی عێراق بۆ بـە قاچاخ بردنی پـارە بۆ دەرەوەی وڵات. هەروەها ئێـران توانی بازاڕی کاری عێراقی بقۆزێتەوە بۆ بە دەست هێنانی دراوی قورس، بە دابینکردنی ناردنی هـەزاران کرێـکاری ئێرانـی بـۆ عێـراق، لـە ڕێگـەی فەرمی و نافەرمییەوە.

لـە هەمـان کاتـدا، ئێـران پەنـای بـۆ بازرگانیـی

چەکیش بردوە بۆ دەستەبەرکردنی دراوی قورس، لەگەڵ ئامادەبوونی گروپە چەکدارە دڵسۆزەکانی خۆی کە لە عێراق، یەمەن، سووریا و لوبنانن، هەروەها مامەڵەی لەگەڵ ڕووسیاش کردوە، کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بۆ دابین کردوە و بە ملیۆنان دۆلار سودی لێ وەرگرتوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە جیا لەوەی قەیرانی ئابووریی ئێران کاریگەریی لە سەر عێراق داناوە، لە لایەک لەباری ئابوورییەوە بە جۆرێک لە ڕێگەی باڵادەستیی سیاسی بە سەر پێکهاتەی حوکوومەتی عێراقدا، جگە لە پاشکۆکردنی حوکوومەتەکان بۆ ژێر هەژمونی کۆماری ئیسلامی، توانیویەتی بازاڕێکی کراوە دابین بکات، لە لایەکی ترەوە پێگەیەکی هەژموونیی سەربازی و سیاسی لە هێزەکانی حەشدی شەعبی دامەزراندوە و کاریگەریی زۆری لە سەر ناجێگیریی دۆخی ئابووری و سیاسی و نەبوونی ئاسایش لە سەر عێراق داناوە. دەتوانین بڵێین لە ساڵی (2003)وە عێراق بووەتە مەیدانێک بۆ ئێران و توانیویەتی وەک قەڵغانێک لە بەرانبەر قەیرانە ئابووری و سیاسییەکانیدا بەکاری بهێنێت، لە هەمان کاتدا جێگا و پێگەیەک بۆ خۆی و بۆ ململانێ لە بەرانبەر ڕەقیبەکانیدا پەیدا بکات. لە هەمان کاتدا وەک بەرەیەکی پێشەوەی هێرشی شەڕ بەکاری

بهێنێـت، هـەر بۆیـە توانیویەتـی ڕۆڵی سـەرەکی لە دۆخـی نائارامی عێراقدا هەبێت. ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییيـە لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، بـە تایبەتـی بـە دوای ڕووخانـی (ئەسـەد)، کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـی تـەواو خسـتە بـەردەم دووڕیانێکـی ترەوە لـە پاشەکشـەی ئـەو پێگـە و هەژموونـەی بەکاری دەهێنـا، بـە تایبەتی لە دەسـت دانی ئـەو هەژموون و نفـوزەی لـە ناوچەکـەدا بە دەسـتی هێنابـوو، کە ئێرانـی خسـتوەتە دەورانێکـەوە ئەگـەری ئـەوەی لـە بەردەمدایـە، عێراقیـش لـە نێـو ئـەو ململانـێ و بارگرژییانـەدا لە دەسـت بـدات، ئەمـەش حاڵەتێکی نەگونجاوتـر بۆ بـاری زیادبوونی قەیرانی ئابووری و سیاسـی بـۆ ئێـران دێنێتـە پێشـەوە، ئەگـەری لە دەستدانی عێراقیکیش کە چەندین ساڵە قەیرانەکانی پـێ پینـە دەکات، بـە تایبەتی لە ئەگـەری جێکەوتنی پڕۆژە ئابووری و سیاسییەکانی تورکیا کە خەریکە لـە عێراقـدا جێـگای ئێـران دەگرێتـەوە، پێدەچێت لە دۆخێکـی وەهادا کۆماری ئیسـلامیی ئێران بکەوێتە بەردەم قەیرانێکی بنبەست و سەختترەوە!.

# (20)
# دەرگیربوونی عێراق لە نێو دانوستانی ئەمریکا و ئێراندا

لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، عێراق جێهێڵرا بۆ پاوانخوازی و باڵادەستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە کاریگەریی گەورەی لە سەر دۆخی سیاسیی عێراق و چۆنێتیی پێکهاتنی حوکوومەت و ململانێی و ڕێککەوتنی هێزە سیاسییەکان دانا. کۆمەڵێک حیزب و میلیشیا، کە بە ئاشکرا پاشکۆی ئێرانن وەک «چوارچێوەی هەماهەنگی»، پرسی حوکمڕانییان بۆ خۆیان یەکلایی کردەوە. هەروەها (قاسم سولەیمانی)، سەرۆکی سوپای قودس تا لە ژیاندا بوو، زۆربەی کاتەکانی لە عێراق بەسەر دەبرد، تا ئەو کاتەی لەوێ کوژرا. (موقتەدا سەدر)یش درکی بەوە کرد، کە ناتوانێ یاری و ململانێ لە نێو مەیدانی سیاسی و پێکهێنانی حوکوومەتدا بکات و ئاکامەکەی دەبێتە ئاژاوەگێڕی و پێگەی سیاسیی خۆی بەفیڕۆ دەدات و هەموو دەستکەوتەکانی دەشێوێت، ناچار بوو بەوەی کشانەوەی خۆی لە هەڵسورانی سیاسی ڕابگەیەنێت. لە هەمان کاتدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕیزی پاشکۆبوون بۆ ئێران گیرسایەوە.

هەمـوو ئـەو کارانـەی کۆمـاری ئیسـلامی کردوویەتـی و دەیـکات بـە نهێنـی ڕوویان نـەداوە، عێراقـی لـە چوارچێـوەی بازنـەی هەژموونی خۆی و لـە ژێر پاراسـتنی خۆیدا هێشـتەوە، بە بەرچاوی ئەمریـکا و جۆرێـک بێدەنگی لێ کردنـی ئەمریکاوە ئەنجـام دراون، کـە دوای جەنگـی کەنـداوی دوەم و ڕووخانـی حوکوومەتی (سـەدام)، ئەم پڕۆسـەی گواسـتنەوە و دەسـتتێوەردانەی ئێـران لـە عێـراق جێگیرکـرا. ئـەوەی هەر لـە سـەرەتاوە ڕوون بووە ئەوەیـە، کـە عێـراق هەمیشـە سـەرچاوەی دراوی قورسـی ئێران بووە لە پاڵ ئەو سـزا ئابوورییانەی کە لە لایەن ئەمریکاوە سەپێنراوە بە سەر ئێراندا. لە کاتێکدا، دەسـەڵاتداری عێراق لـە دابینکردنی پارەی دراوی قـورس بـۆ ئێـران لـە ڕێگـەی ئاوەڵاکردنـی بازاڕی عێراق و بازرگانی و قاچاخچێتی بە نەوتەوە دەرفەتێکـی گەندەڵـی و پاشـکۆبوونیان بـۆ ئێـران ڕەخسـاند و بـەردەوام بوون لـە پیادەکردنی، بەڵام ئیـدارەی ئەمریـکا بـە تـەواوی ئاگاداربـوو لـە هەر دۆلارێک کە دەگوازرایەوە بۆ ئێران، کە ڕێگەیان بە عێراقدا مامەڵەی ئابووری لەگەڵ ئێران لە دەرەوەی یاسـای سـزاکان ئەنجام بدات. هـەر چەندە ئەمریکا لـە سـاڵی (2011) بەشـێک لـە هێزەکانی لـە عێراق کشـاندەوە، بـەڵام بەردەوامبوونـی سـەربازی لـە

ڕێگەی بنکە هەمیشـەییبیەکانییەوە مانەوە. لە هەمان کاتـدا، هەنـاردەی نەوتـی عێـراق بـۆ نیویـۆرک تـا ئێسـتاش دەچێـت و پێداویسـتییەکانی حوکوومەتی عێـراق دابیـن دەکرێـت، ئەمـەش ئـەو بیرۆکەیـە دەهێنێتـە ناو باسـەوە یـان ئەگەری ئەوە پێشـبینی دەکرێـت، کـە لـە سـەر هەمـوو شـتێک ڕێککەوتبن، بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن، کـە ئەمریکا و ئێـران لەگەڵ هـەر ململانێیەکیانـدا بـە دوور نازانرێـت هاوکاریی یەکتریـان کردبێت بۆ داڕشـتنی داهاتووی عێراقێک کـە تـەواو ئێرانـی بێت، یـان ئەمریکا تـەواو ئەوەی فەرامۆش کردبێت کە ئێران کۆنتڕۆڵی عێراق دەکات. ئـەو دەنگۆیانەی کە (ترامپ) داوای لە ئێران کردوە دەسـتتێوەردان لـە کاروباری عێراقـدا نەکات و ڕێز لە سەربەخۆیی و سەروەری بگرێت و میلیشیاکانی وەک حەشـدی شـەعبی لە عێراق هەڵبوەشـێنێتەوە، پێـم وایـە بەهایەکـی ئەوتـۆی نییـە وەک مەرجێـک بۆ دەسـتپێکردنی دانوسـتانەکانیان بۆ دامەزراندنی پێوەندییـە ئاسـاییەکان و گەڕانـەوەی ئێـران بـۆ کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و هەڵگرتنـی سـزاکان لـە سـەری، چوونکـە هەموو ئەمانە بە هیچ شـێوەیەک سـوودی بۆ عێراق نییە. بۆ نموونە گەر میلیشیاکان هەڵبوەشێنرێنەوە، بەڵام ئەوەی کە دواتر ڕوودەدات ئەگەری ئەوە هەیە خراپتربێت.

لـە واقیعـدا، میلیشـیاکانی ئێـران پاراسـتنی حوکوومەتـی ئێسـتای عێـراق کۆنتـڕۆڵ دەکـەن بە هەموو دەزگاکانییەوە، بۆیە ئەگەر هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان لە ڕێگەی بانگەوازی ئێرانەوە ڕوودات، ئـەوە مانـای هەڵوەشـانەوەیەک دەبێت، کـە دەچێتە ناو جەستەی دەوڵەتی عێراقەوە، دوای ئەوە چی تر ڕوودەدات؟، جگـە لە نیشـاندانی غافڵگیرییەکی تر و کارەساتی تر لە بەرانبەر دانیشتوانی عێراقدا شتێکی تـر نابینرێـت. ئەمریکییەکان ئاگاداری زۆر شـتن لە بەرانبەر ئێراندا، ئاڕاستەیەکی وەهاش لە ئارادا نییە، کـە لـەو دانوسـتانەی لە نێـوان لایەنـی ئەمریکی و ئێرانی بەڕێوە دەچێت، هەوڵی تێکچونی ئێران بدرێت، ئەوانەی لە چوارچێوەی ئەو هاوکێشـەیەدا خەریکن کارێک دەکەن هیچ گرینگییەک لە بەرژەوەندیی عێراق وەک دەوڵەت یان خەڵکی عێراق بە هەند وەرناگرن، عێراق تایبەتمەندیی خۆی لە دەسـت داوە، لە نێوان ڕۆڵ و دەسـتتێوەردانی ئەمریـکا و ئێرانـدا لـە قاڵب دراوە و بێئیرادە کراوە و شکۆی شکاوە و مانایەک بـۆ هاوڵاتیبـوون نەماوەتـەوە. گەییشـتن بـە هـەر ڕێککەوتنێکـی نـوێ، کە باس لە سـەروەریی عێراق نـەکات و ئەو سـەروەرییە دابین نەکات، مەترسـیی دووبارەبوونەوەی نەخشـە کۆنەکەیە بە شێوەیەکی تـر و ئەگەری کارەسـاتی لە سـەرە. لێـرەدا عێراق،

کـە بـە هیـچ جۆرێـک ئامادەبوونـی لە سـەر مێزی دانوسـتان نابێـت، ئاشـکرایە کە کاندیـدە بۆ ئەوەی تەنهـا باجەکـەی بدات لە هـەر ڕێککەوتنێکـی نێوان ئەمریـکا و ئێرانـدا. گفتوگۆکانی نێوان (سـودانی) و سەرکردەکانی میلیشیاکان سەبارەت بە تێکەڵکردنی حەشـدی شـەعبی بـۆ ناو سـوپای عێـراق، بە هۆی فشـارەکانی ئەمریکاوە، دەتوانێت بە شـێوازێکی تر کاریگەریـی ئێـران لە چوارچێـوەی خزمەتگوزارییە ئەمنییەکانی عێراق فەرمی بکاتەوە و بە مانایەکی تر دەستتێوەردانی ئێران بچێتە قاڵبێکی ترەوە.

عێراق، لەمێژە کە لە شەڕێکی جیۆپۆلەتیکیی نێوان واشـنتۆن و تـاران دەرگیر بـووە، جارێکی تر خۆی لە دۆخێکی لاوازدا دەبینێتەوە، بە هۆی تێگەییشـتن و مامەڵـەی نوێی ئەمریـکا لە بەرانبەر ئێراندا. ترس لـەوە هەیە، کە دووبارە عێـراق وەک موزایەدەیەک مامەڵـەی لەگەڵـدا بکرێتەوە، نـەک وەک یاریزانێکی سـەربەخۆ یـان وەک بەشـێک لـە سـەر ئەگـەری ڕێککەوتنـی ئەتۆمـی، بە جێگایەک بـۆ حوکوومەتی عێراق قایل بن، فرسەتی سەربەخۆبوونی بۆ فەراهەم نابێت. هاوڵاتییانی عێراق بە گشتی، لە ئەگەری هەر ڕێککەوتنێکی نێوان ئەمریکا و ئێراندا، وەک پیلانێک سەیری دەکەن و ترسی ئەوەیان هەیە، کە جارێکی تـر داهاتـووی عێـراق بکەنەوە قوربانـی. بەڵگەکانی

باشـتربوونی پێوەندیـی نێـوان ئێـران و ئەمریـکا تا دێـت بەهێزتـر دەردەکەون. لـە کاتێکـدا ڕێککەوتنی ئەتۆمـی، ئەمریـکا و ئێـران زیاتـر لـە یـەک نزیـک دەکاتـەوە، بـەڵام ئەم ڕێککەوتنە ئـەو ئەنجامەی لێ ناکەوێتەوە، کە ئێران واز لە دەسـتتێوەردانی عێراق بهێنێت، دەکرێ دەسـتتێوەردانی ئێران بۆ عێراق بە شـێوازی تر بەردەوامی هەبێت. لـە کاتێکدا ئەمریکا و ئێـران لەم زەمینە ناسـکە دیپلۆماسـییەدا هەنگاو دەنێن، داهاتوو و سەربەخۆییی عێراق بە شێوەیەکی دانەبـڕاو بـە بڕیارەکانـی دوای دانوسـتانەکان بەسـتراوەتەوە. ئاشـتی و سـەقامگیریی ڕاسـتەقینە دەبێـت دڵنیایی بێت لەوەی هەموو وڵاتانی ناوچەکە بە عێراقیشـەوە ئازادبن لە داڕشـتنی چارەنووسـی خۆیـان، کـە ئـەم تروسـکاییی ئازادبوونـە بـۆ هیچ شـوێنێک لە جەرگەی ململانێکاندا دیار نییە. ماوەی چەندیـن سـاڵە داواکارییەکانـی «مافـی مـرۆڤ» لـە سـایەی حوکوومەتی عێـراق و شـەڕی تائیفیدا، زیندانیکردنی هەتاهەتاییی بە سـەردا سـەپێنراوە و هیـچ مانایە لـە دەسـتەواژەی مافی مروڤـدا جێگای نەماوە، سوننەکان داوای مافی سوننە تیرۆرستەکان دەکەن و شیعەکان داوای مافی قۆرخکردنی زیاتری دەسەڵات بە شەریعەی شیعە دەکەن. ئاشکرایە، کە مـرۆڤ وەک مرۆڤێـک، هیـچ بەهایەکـی لـە عێراقدا

نەماوە، مەگەر سەر بە گروپێک بێت کە لە ململانێی خۆیدا لە بەرانبەر گروپەکانی تردا پێناسە و ناسنامەیەک بۆ خۆی داتاشێت. تاکە ئومێدێک بۆ دەربازبوونی عێراق لە ململانێی ئەمریکا و ئێران بە سەر چارەنووسی عێراقەوە، پەیوەستە بە هاتنە مەیدانی جەماوەری بەرفراوانی خەڵکەوە، کە بتوانێت حوکومەتێک دابمەزرێنێت، کە بە ڕۆڵ و دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی جەماوەری خەڵکەوە بەڕێوە ببرێت، کە جیابێت و دوربێت لە کاریگەریی تائیفی، مەزهەبی و نەتەوەیی و هەر ئایدۆلۆژییەک، خۆی جیاکاتەوە لە سەودا و مامەڵە و ململانێی زلهێزەکانی دنیا و ناوچەکە و کێشەکان و ڕێککەوتنەکانی ئەمریکا و ئێران.

مافی مرۆڤ لە ئێستای عێراقدا، بە ئاشکرا لە نێو قەفەسێکدایە کە داواکاریی مافەکان مەرجدار بووە بە ناسنامەی تائیفی، مەزهەبی و نەتەوەیی، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە بەردەممان، چۆن دەتوانین سروشتی هەڵاواردن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لاببەین و بیگۆڕین بۆ واقیعێکی گشتگیر، جیهانی، مەدەنی و مرۆڤایەتی، ئەویش لە ئێستادا، ئامادەییە بۆ کۆتایی هێنان بە پاوانخوازی و دەسەڵاتی شیعەگەرا لە عێراقدا، بۆ ئاڵوگۆڕێک کە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی جەماوەری خەڵک دابین بکات، لە هەمان کاتدا

پەیوەستبوونە بەو ناڕەزایەتییانەی کە جەماوەری بەرینی ئێران لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا نیشانی دەدەن، دامەزراندنی دەوڵەتێک کە دەستوورەکەی لە سەر ناسنامەی هاوڵاتیبوون دابمەزرێت.

# (21)
# کراوەییی ئێران هاوشانی دانوستانەکانی لەگەڵ ئەمریکا

تاران کراوەییی خۆی بۆ دانوستان و بەشداریی ئابووری و تەنانەت وەبەرهێنانی ئەمریکی نیشان دەدات، هاوکاتی قوڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و پەرەسەندنی نائارامیی ناوخۆیی لە ئێراندا، کۆماری ئیسلامی ناچار کردوە بە بەپیرەوەچوونی ئەم کراوەییە بەهەند وەربگرێت، لەم ڕۆژگارەدا و لە دۆخی سیاسیی ناوچەکەدا کۆماری ئیسلامی زیاتر لە سەر مەترسیی کۆتاییی دەسەڵاتەکەی مایەی پێوەندی و دانوستانەکانی دادەنێت، نەک مایەدانان لە سەر ئەوەی لە ڕێرەوی خواستی چاکسازیدایە و بە خەمی دانیشتوانی ئێرانەوەیە. سەردەمانێک ئێران بە سەرپێچیکردنی نەزمی نێودەوڵەتی ناسرابوو، بەڵام کە ئێستا هاوسەنگیی دەرەکی و ناوخۆییی ڕژێم لە گۆڕاندایە، ڕەنگە کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ململانێی زلهێزە جیهانییەکان دیاری بکات، کە ئایا پێشهاتەکانی ئەم دۆخە ڕێگا بۆ گۆڕانکارییەکی درێژخایەن دەکاتەوە، یان بە مانایەک مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی

دەتوانێت پارێزراو بێت!

کۆماری ئیسلامی ڕەزامەندیی خۆیان بەرانبەر بە خولی یەکەمی دانوستانە ئەتۆمییەکان لەگەڵ ئەمریکا دەربڕیوە، کە لە عومان بەڕێوەچووە، سەردەمانێک (عەلی خامنەیی) جەختی لەوە دەکردەوە، کە دانوستان لەگەڵ واشنتۆن نە ژیرانە و نە شەرەفمەندانەیە. لە هەمان کاتدا، بەرپرسانی دیکەش لەوەش زیاتر ڕۆیشتون و دەستبەرداری ئەو بنەما ئایدیۆلۆژییانە نەدەبوون کە دەیان ساڵە تیۆریزەی دەکەن و ڕژیم بە گەرمی پابەند بووە پێیەوە، بەم شێوەیەش لایەنگرانی خۆیان پێ فریوداوە. ئێستا دەڵێن دژایەتیی وەبەرهێنەرانی ئەمریکی ناکەین و ئەم جۆرە پێوەندییە ئابوورییە پێویستی بە گەڕاندنەوەی پێوەندییە دیپلۆماسییەکان دەبێت، کە چلوپێنج ساڵ لەمەوبەر پچڕابوون. (خومەینی) لە کۆتاییی شەڕ لەگەڵ عێراقدا گوتی: «وەک چۆن خواردنەوەی ژەهر قەبووڵ دەکەم، ئاگربەست قەبووڵ دەکەم»، ئەمڕۆ پێناچێت (خامنەیی) هەموو جامەکەی خواردبێتەوە، بەڵکوو تەنها نیوەی خواردوەتەوە. نایەوێت ڕادەستبوونی تەواوی خۆی ڕابگەیەنێت، بەڵکوو یەک بە یەک بازرگانی بە کەرەستەی خۆیەوە دەکات بۆ پاراستنی سەری ڕژیمەکەی، لە ئێستادا دەتوانین

بڵێین جاریٚ دۆخەکە ڕوون نییە، جگە لەوەی (خامنەیی) نیوەی پەرداخەکەی خواردوەتەوە و (ترامپ) نیوەکەی تری دەجووڵێنێت.

سەبارەت بە داواکارییەکانی ئەمریکا، (ترامپ) بە دوای جێبەجێکردنی زۆرترین ئاستی مومکینەوەیە، هەوڵ دەدات لە هەر پرسێکدا هەموو شتێک بە دەست بهێنێت کە خزمەت بە نەخشە و بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ئەمریکا بکات، کە داواکارییە سەرەکییەکانی لەم دانوستانەدا بریتین لە کەمکردنەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، سنووردارکردنی توانا مووشەکییەکانی و بە دەست هێنانی ئەو گەرەنتییانەی کە ئێران دەست هەڵبگرێت لە پاڵپشتی و سیاسەتی پڕچەککردنی هێزە میلیشیاکانی ناوچەکە. هەروەها لە پشت پەردەوە ئەمریکا هەوڵێکی جدی دەدات ئێران لە ڕووسیا و چین داببڕێنێت، ئەمەش لە هەوڵێکدا بۆ ڕاکێشان و ملکەچکردنی ئێرانە لە ڕووی سیاسییەوە بەرەو ئەمریکا، ئەم ئاڕاستەیە سیمایەکی پراگماتیک بە دانوستانەکان دەبەخشێت و پاڵ بە واشنتۆنەوە دەنێت کاریگەرییەکانی پەکین و مۆسکۆ لە ناوچەکەدا لاواز بکات. لە ڕاستیدا ڕێبازی ئیدارەی ئەمریکا بۆ دانوستان، جۆرێکە لە شەڕی دەروونی و سیاسەتی «یان شەڕ یان دانوستان»، کە لە

بەرانبەر ئێراندا پیادەی دەکات، لە ڕێگەی ئەو پەیامە ناکۆکانەی ڕایاندەگەیەنێت، بەم شێوەیە کۆماری ئیسلامی دەخاتە ناو چوارچێوەیەکەوە، دەرچوونی لە ژێر سیاسەتەکانی ئەمریکا بە سەختی بە سەریدا بشکێتەوە. ستراتیژی ئەمریکا، داوای دانوستانە لە نێوان توندتربوونی سزا ئابوورییەکان و هەڕەشە سەربازییەکان، بە ئامانجی فشارخستنە سەر ئێران بۆ ئەوەی ملکەچی دانوستان و بڕیارەکان بێت، جەختیش لەوە دەکاتەوە، کە دەرئەنجامی ئەم ستراتیژە سەپاندنی ئیرادەی لایەنێکە بە سەر لایەنێکی دیکەدا، کە لە کەشێکی هەڕەشە و شەڕانگێزیدا بەیان دەکرێت. ئەوەی پێویستە بیهێنینەوە پێشچاو، کاتی خۆی دوای تیرۆرکردنی (قاسم سولەیمانی)، (خامنەیی) سوێندی «تۆڵەی توند»ی لە بەرانبەر ئەو کەسانە خوارد، کە بەرپرسن لەو کاری تیرۆرکردنە، بە تایبەتی لە بەرانبەر (ترامپ)دا، بەڵام دوای پێنج ساڵ، ڕژێمی ئێران ئێستا لەگەڵ هەمان ئەو گرووپانەدا دانوستان دەکات و ئامادەیە بۆ ڕێککەوتن، کە پێشتر سوێندی لەناو بردنی خواردبوون. (مەسعود پزیشکیان) لەم دواییانەدا ڕایگەیاند؛ کە «ڕێبەری مەزنی شۆڕش» دژایەتیی وەبەرهێنەرانی ئەمریکی ناکات، هەڵبەتە نووسینگەی (خامنەیی) ئەمەی ڕەت نەکردەوە، کە

پێچەوانـەی گوتارە لەمێژینەکانـی (خامنەیی)یە، کە ئێـران بـە هەموو هێـزی خۆیەوە بەرەنـگاری هەر جـۆرە هاتنـە ناوەوەیەکـی ئابووری یان سیاسـیی ئەمریکای بە بنەما وەرگرتبوو.

لـە لایەکـی تـرەوە، ئاڕاسـتەی ڕژێمی ئێـران بە هـەر پەرشـوبڵاوییەکەوە لـە بەرانبەر دانیشـتوانی ئێرانـدا پیادەی دەکات، نیشـانەکانی شـلکردنەوەی جێبەجێکردنـی توندوتیژیـی بە ئاشـکرا پێوە دیارە، ئـەو بابەتانەی بە دژی ئیسـلام پێناسـەی دەکردن و سـەردەمانێک بە توندی کۆنتڕۆڵ دەکران، ئێستا بـە دەسـتتێوەردانی کەمتـر (وەک فێسـتیڤاڵەکانی کولتـووری، مۆسـیقا و گەشـتوگوزار) بەڕێـوە دەچـن، هـەر چەنـدە حوکوومـەت ڕێوشـوێنی نوێـی بـۆ چاودێریکردنـی پابەندبـوون بـە حیجاب هێناوەتـە ئـاراوە، بـەڵام زۆرێـک لـە ژنانـی شـارە گـەورەکان بەردەوامـن لـە سـەرپێچیکردنیان بـە ئاشـکرا و دەسـەڵاتداران لە جێبەجێکردنی تەواوی سـنووردارکردنەکان وەسـتاون، ئێسـتا سۆشـیال میدیای زمانی فارسی پڕ بووە لەو گرتە ڤیدیۆییانەی زۆرێکیـان لـە ناوخـۆی ئێرانـدا تۆمارکـراون، کـە شـارەزایان، چالاکوانـان و بەرپرسـانی پێشـوو بە ئاشـکرا باس لەو بابەتانە دەکەن، کە سـەردەمانێک ئەوانـەی ئێسـتا لـە ناوخـۆی ئێرانـدا دەبینرێـت،

بە حەرام دادەنراو و بە یاسا قەدەغە کرابوون. بەرچاوترین بێدەنگیی ڕژێم پێوەندیی بە پۆشینی زۆرەملێی حیجابەوە هەیە، بەرپرسان بە شێوەیەکی کاریگەر زەمینەیان بۆ زۆرینەی ژنانی ئێران ڕەخساندوە، کە دژایەتیی ئەو ڕێسا و یاسایانە دەکەن، ڕژێم ترسی هەیە لە سەرهەڵدانەوەی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی»، ئەم دڵەڕاوکێیە بە تایبەتی لە وتاری جەژنی ڕەمەزاندا بە (خامنەیی) یەوە دەبینرا، بە مانایەک دان بە ئەگەری ڕاپەڕینێک لە ناوخۆی ئێراندا دەنێت. سازدانی ئیمتیازات بۆ پاراستنی مانەوەی کۆماری ئیسلامی و شیعەگەرا، ڕەگوڕیشەی قووڵی لە ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیدا داکوتاوە، خومەینی لە ساڵی (1983)دا ئاماژەی بەوەدا، کە «پاراستنی کۆماری ئیسلامی لە پاراستنی هەر کەسێک گرینگترە، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە ئیمامی ئەو سەردەمەش بێت»، بە ئاماژەدان بە (ئیمامی دوازدەهەم) کە لە دڵی عەقیدەی شیعەی ئێراندایە. (خومەینی) توانی ئەم ئارگیومێنتە بخاتە ڕوو، چوونکە کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ خودی ئیسلام یەکسان کرد.

لەگەڵ دەست هەڵگرتن لە درێژەدان بە ئیمتیازاتی قووڵی ڕژێم لە ناوخۆ و دەرەوە، پرسیارێکی بنەڕەتی دێتە ئاراوە، تا چ ڕادەیەک

دەتوانرێـت پارێـزگاری لـەم بە «ئیسـلامی»کردنە بەهەنـد وەربگیرێـت؟ لـە کاتێکـدا، کـە ئێسـتا هەڕەشـەی وەرینی شوناسـی «شۆڕشـگێڕانە»ی ڕژێمـی ئیسـلامی دەسـتی پـێ کـردوە، وا دیارە تا دێـت ئامادەییـی پووچەڵکردنەوەیـان زیاتر دەبێت، ئەگـەر ڕژێـم دەسـتبەرداری جێبەجێکردنی توندی بنەمـا ئایینییەکەی بێت، ئەوا ڕابەران و دڵسـۆزانی ڕژێمی ئێران لە کەشتییەکە دادەبەزن. پەرەسەندنی ئامـاژەکان ئـەوە دەردەخـەن، کـە توخمەکانـی نـاو ناوەڕۆکـی ڕژێمـی ئێـران زیاتـر بـەرەو ئەوە هەنـگاو دەنێـت کـە لـە بەرژەوەندیـی مۆدێلێکـی کۆمـاری ئیسـلامین، کـە لـە سـیمای دەرەکیـی ڕژێمەکەیانـدا، لە توندڕەوتریـن توخمی ئایدۆلۆژی ئیسـلامی پاشەکشـە بکەن. هەر چەنـدە (خامنەیی) بـە شـێوەیەکی نەریتـی هاوپەیمانی تونـدڕەوەکان بووە، بەڵام پێشـهاتەکانی ئـەم دوایییە ئاماژە بەوە دەکـەن، کـە دەنگـی پراگماتیکتر دەسـت دەکەن بە کاریگەری لە سەر ئایندەی ئێران، ئەمەش بیرۆکەی ئاساییبوونەوەیە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری ئێراندا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک ئامرازێکی پێویسـت بـۆ پاراسـتن و مانـەوەی کۆمـاری ئیسـلامی لـە شـێوازێکی گونجاوتـردا، گـەر بۆیـان بچێتە سـەر. هـەر لـەو چوارچێوەیـەدا فشـارەکانی ئەمریـکا بۆ

سـەر چین بۆ ڕاگرتنی کڕینی نەوتی ئێران بەشێکە لە سیاسـەتێکی بەرفراوانتری ئەمریکا، کە ئامانجی خنکاندنی ئابووریی ئێرانە لە ڕێگەی کەمکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی ئێرانەوە، لە ڕێگەی کاریگەری دانـان لـە سـەر هاوبەشـە بازرگانییـە گەورەکانـی وەک پەکیـن. ئەمـەش ڕێبازێکـی سیاسـییە نـەک سـەربازی، لـە کۆتاییـدا ئەگـەری ئـەوە زۆرە، کـە ئێـران و ئەمریـکا ڕەنگـە بـەم زوانـە ڕێککەوتنێـک سەبارەت بە پڕۆژەی ئەتۆمی ئەنجام بدەن. ئەوەی پێشـبینی دەکرێت ئەمریکا نایەوێت ڕاستەخۆ فشار و هێرشـی سـەربازی بخاتـە ناوخـۆی ئێرانـەوە و کۆتایـی بە دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی بهێنێت، زیاتر جەختکردنە لە سـەر کۆتایی هێنان بەو هێزە میلیشـیایانەی بە پشـتیوانیی ئێران لـە خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـتدا بڵاوبوونەتـەوە. ئـەوەش کـە ئێسـتا (ترامـپ) لـە ڕێڕەوی ئەم دانوسـتانەدا دەیەوێت بە سـەر ئێراندا بیسـەپێنێت، هەوڵی کۆتایـی هێنانە بە حوسییەکان لە یەمەن و حەشدی شەعبی لە عێراق، تـا زیاتر لاوازکردنی ئێران بسـەلمێنێت و ناچار بە تەسـلیمبونی بـکات. ئـەم کێشـە و ململانێیە بە چی دەگات و چەنـد دەخایەنێـت؟، کاتێکـی دیاریکراوی نییە، چوونکە تا ئێستا ئێران نەچووەتە ئەو دۆخەی ئەمریـکا هەر چـی وت، ملکەچی دەبێـت، لە لایەکی

ترەوە ململانێکە تەنها ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەک و ئێرانیش لە لایەنێک نییە، بەڵکوو لە ئاستێکی فراواندا ململانێ و کێشەی گەورەی جەمسەرەکانی وڵاتانی ئیمپریالییە، کە ڕۆڵ دەبینین لە پرۆسەی گەییشتن بە یەکلایی کردنەوەی دۆخەکە، کە لەم بارەیەوە پێوەندییەکانی ڕووسیا و چین بە ئەمریکاوە و ڕێککەوتنیان لە سەر نەخشەی ناوچەکە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە، لە سەر ئایندەی ناوچەکە بە گشتی و ئێران بە تایبەتی. ئەوەی لە ئێستادا بۆ کۆماری ئیسلامی هەستیارە، هەوڵی هەڵمژینی قسە توندەکانی (ترامپ)ە و پێشگرتنە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە بەرانبەر ئەمریکادا. بۆیە لەم دواییانەدا چەندین ئاماژە بە چەک داماڵینی حیزبوڵڵا لە لوبنان و میلیشیاکانی ژێر چەتری هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق کراوە، بۆیە ئاماژە بەوە دەکرێت، کە ئێران کلیلی یارییەکەی بە دەستەوەیە و توانای بەستنی چالاکییەکانیانی هەیە، هەر کات لەگەڵ ئەمریکا بە ڕێککەوتن گەییشتن دەکرێ جێبەجێیان بکات، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەوانەدا، لە دوا شیکردنەوەدا ناتوانرێت کۆماری ئیسلامی لە ژێر تورەیی و نارەزایەتیی جەماوەریدا ڕزگار بکرێت.

# (22)
# کێبڕکێی (سودانی) و (مالیکی) لە هەڵبژاردنی (2025)ی عێراقدا

## ئایا ئێران دەستبەرداری مالیکی دەبێت و سودانی هەڵدەبژێرێت؟!

پەرلەمانی عێراق ڕۆژی (11)ی تشرینی دوەمی (2025)ی وەک وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان دیاری کرد. مانگی ڕابردوو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، دەستپێکردنی پڕۆسەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی ڕاگەیاند و ئاماژەی بەوەدا، کە پڕۆسەکە یەک مانگ دەخایەنێت. لەگەڵ دانانی وادەی فەرمی بۆ هەڵبژاردنەکان، ئێستا سەرنج دەچێتە سەر سروشتی ئەو هاوپەیمانییانەی کە پێکی دەهێنن و ڕادەی بەشداریی جەماوەر لەم بۆنەیەدا، کە وەک شتێکی سەرەکی بۆ داهاتووی پڕۆسەی سیاسی لە عێراقدا سەیر دەکرێت، بەڵام ئەوەی پێشبینی دەکرێت ڕێژەی بەشداربووان زۆر کەم دەبێت. سودانی، کاندیدبوونی خۆی بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق ڕاگەیاند، هەنگاوێک کە ڕەنگە لە بەرانبەر ویستی (نوری مالیکی)دا بوەستێتەوە، کە (مالیکی) بە نیازە ببێتە

کەسایەتیی قۆناغی داهاتوو لە عێراق، لە ڕێگەی ئەم هەڵبژاردنەوە جارێکی تر هەوڵ دەدات سەرکردایەتی بۆ ئایندەی عێراق و چوارچێوەی هەماهەنگی بە دەستەوە بگرێت، لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە مانەوەی حەشدی شەعبی بکات، ئەم ئەجێندایەش لە دۆخی ئێستای ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێراندا بۆ (مالیکی) کارساز نییە. کاندیدبوونی (سودانی)، خوازیاریی بەردەوامی مانەوەیەتی لە چوارچێوەی گۆڕەپانی سیاسی و وەستانەوە بەرانبەر بە (مالیکی)، پێدەچێت لە لێواری درێژەدان بە پۆستی سەرۆک وەزیراندا (سودانی) ئەو فرسەتەی زیاتربێت، کە لە نێوان نەبوونی کەسایەتییە دیارەکانی شیعە و ناکۆکیی بەردەوامی نێوان لایەنەکان، هیچ کەسێکیان بوێریی ئەوەیان نەبێت دواتر خۆیان کاندید بکەن بۆ سەرۆک وەزیران. لە هەمان کاتیشدا، بزووتنەوەی سەدری و (موقتەدا سەدر)، جارێکی تر هەڵوێستی بایکۆت وەردەگرنەوە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا.

ئەوەی (مالیکی) نیگەران دەکات لە کێبڕکێی لە بەرانبەر (سودانی)دا ئەوەیە، کە سەرۆک وەزیرانی ئێستا بەو ڕۆڵەی لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا لە سەردانەکان و پێوەندییەکانیدا دیویەتی چێژ لە قەبووڵکردنی ناوچەیی و نێودەوڵەتی وەردەگرێت، بە

پێچەوانەی (مالیکی)، کە بوونی تەنها بەستراوەتەوە بە پشتیوانیی ئێران و حیزبی دەعوە، لە هەمان کاتدا ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەستنەوەی عێراق بە کارنامەی ئێرانەوە، بەڵام دۆخەکە بەتەواویی گۆڕاوە و زیاتر بە زیانی (مالیکی)یە و خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی (سودانی) دەکات، چوونکە ئایندەی شێوەی دەستتێوەردانی ئێران لە عێراقدا ئاڵوگۆڕی جدی بە خۆیەوە دەبینێت. ئێران، کە ئێستا نایەوێت ڕووبەڕووی ئەمریکییەکان ببێتەوە لە عێراقدا، ئەگەر چی بۆ ماوەیەکی کاتیش، دەتوانێت دەستبەرداری هاوپەیمانەکانی وەک (مالیکی) بێت و ڕەنگە زیاتر پشتگیری لە مانەوەی (سودانی) بکات بۆ ماوەیەکی تریش وەک سەرۆک وەزیران، تا ئەو کاتەی زریانەکە تێ دەپەڕێت، چوونکە لەم دۆخەدا (سودانی)یان پێ باشترە. باشترە لە کاندیدکردنی کەسایەتییەکی دیکە، کە دوژمنایەتییان لەگەڵدا بکات، ئاشکرایە کە (سودانی) دەستبەرداری ئێران نەبووە و هەوڵی داوە هاوسەنگیی نێوان ڕۆڵی ئەمریکا و ئێران لە عێراق ڕابگرێت. ئێران بۆ فشارخستنە سەر میلیشیاکانی ژێر چەتری حەشدی شەعبی پاڵ دەنێت، بۆ ئەوەی

خۆیـان هەڵبوەشـێننەوە و چەکەکانیـان ڕادەسـت بکەن و وەک تاک پێوەندیی بە دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکانـەوە بکـەن، ئەمـەش وای لـێ دەکات گرینگـی بـە (مالیکـی) نەدات و (سـودانی) بە سـەر ئـەودا هەڵبژێرێـت. (مالیکـی) کاغەزێکی سـووتاوە، کـە بوونـی پەیوەسـتە بە غەرقبـوون لـە گەندەڵیدا، بـەڵام (سـودانی) لە پێوەنـد بە ڕێککەوتنـی ئەمریکا و ئێرانـەوە، تـا ڕادەیەک دەتوانێـت یارمەتیدەر بێت بـۆ تێپەڕاندنـی ئـەو قۆناغـە گرینگەی کە حەشـدی شـەعبی خۆیـان هەڵبوەشـێننەوە و چەکەکانیـان ڕادەسـت بکەن و وەک تاک پێوەندیی بە دامەزراوە سـەربازی و ئەمنییەکانـەوە بکـەن، ئەمـەش وا لـە ئێـران دەکات پێگـەی (مالیکی) بـە هەند وەرنەگرێت و فەزڵی (سودانی) بە سەر ئەودا بە باشتر بزانێت. کاندیدبوونی (سـودانی)، هەڵگـری پەیامێکی ڕوونە، کە بەردەوام دەبێت لە بنیادنانی پێوەندیی هاوسەنگ بـۆ عێـراق لەگـەڵ ژینگـەی ناوچەیـی و هاوبەشـە نێودەوڵەتییەکانـی، بـە تایبـەت ئەمریـکا. ئەمـەش فاکتەرێکی بەرچاوە لە بەرژەوەندیی (سـودانی)، بە پێچەوانـەی (مالیکی)، کە بە هۆی خراپیی پێشـینەی لەگـەڵ ڕەوتی سـەدری و پێوەندیی ئاسـایی لەگەڵ

ڕەوتــی حیکمــە بە ســەرۆکایەتیی (عەمار حەکیم) و دابەزینی متمانەی لە نێو کورد و سوننە ڕووبەڕووی دژایەتیــی ناوخۆیــی دەبێتــەوە. (مالیکــی) نیگەرانیی خــۆی لــە ســەرکەوتنی (ســودانی) ناشــاریێتەوە لــە کۆکردنەوەی پشتیوانی لە چوارچێوەی هەماهەنگی لە ماوەی ســەرۆکایەتییەکەیدا، ئەمەش مەترسیی لە سەر پێگەی ئەو وەک سەرۆکی باڵای چوارچێوەکە و کاندیدەکەی بۆ قۆناغی داهاتوو دروســت دەکات. هەروەهــا (مالیکــی) ڕووبــەڕووی ڕەتکردنــەوەی دەرەکــی دەبێتــەوە، کــە لــە دەوڵەتانــی ناوچەکــەوە دەســت پــێ دەکات، لــە نێویانــدا دەوڵەتانــی کەنداو، بوونــی (مالیکی) بە مانای وەســتانی وەبەرهێنان لە عێــراق و ڕەتکردنــەوەی هاوکاریکردنــی دەبێت لەو قۆناغــە ســەختەی کە ئێســتا بە ســەریدا هاتــوە. ئە مــە جگــە لە نادڵنیاییی تورکیا و ئەمریکا لە بەرانبەر (مالیکی)دا. (ســودانی) لە میانەی بەشــداریکردنی لە نۆیەمیــن کۆڕبەندی ســلێمانی، نیــازی خۆی بۆ خۆ کاندیدکــردن بۆ هەڵبژاردنــەکان ڕاگەیاند و جەختی لــەوە کــردەوە، کــە «هەڵبــژاردن دەرفەتێکــە بــۆ پاڵپشــتیکردنی پڕۆژەیەکی چاکســازی بــۆ عێراق». جەختیشــی کــردەوە؛ کــە «بەهــای ڕاســتەقینەی

هەر چاكسازییەك گەییشتنە بە گروپە هەژار و پەراوێزخراوەكان و ڕزگاركردنیان لە چنگی هەژاری».!

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لە لایەكی ترەوە دەتوانین بڵێین خەریكە كە (سودانی) وەك مۆدێلێكی ئەفسانەیی و حاكمێكی بێ كەموكوڕی و پاڵەوانێكی بێ هەڵە دەخرێتە ڕوو، یان سیاسەتەكانی وەك ئاماژەیەكی زیندوو بۆ ئەگەری گەڕاندنەوەی دادپەروەری پێشكەش دەكرێن نەك موزایەدە. لە ڕاستیدا، ئەو هاوسەنگی و میانڕەوییەی (سودانی) قسەی لە سەر دەكات، ناتوانێ لە ناو دەریای جەنجاڵی و دۆخی نالەبار و ناجێگیری عێراقدا جێگای ببێتەوە، كە (سودانی) بۆ خۆشی داینەناوە لە سەر ڕێرەوی هەڵوەشانەوەی هێزەكانی حەشدی شەعبی هەنگاو بنێت، ناتوانێت لە دۆخی ئێستای عێراقێكی دابەشبوودا دەرگایەك بكاتەوە و هیوای داهاتوویەكی سەقامگیر لە عێراقدا وەك سەرۆك وەزیران بە دەست بهێنێت. پێگەی (سودانی) لە نێو جەنجاڵیی زیادەڕۆیی و شەڕ و پێكدادانەكاندا ئەو پەنجەرەیە نییە، كە گەشبینی پێشكەش بكات، سەروەری و سەربەخۆییی عێراق تەنیا دروشمێكە، كە لە بەرانبەر ئەمریكا و ئێراندا و كێشمەكێشی باڵەكانی چوارچێوەی هەماهەنگیدا

مامەڵەیەکـی سـادە نییـە و بواری سـاغبوونەوەی زەحمەتە.

لـە ئامادەکاریـی پێشـوەختە بـۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، کە بڕیارە لە (11)ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ ئەنجام بدرێت، چاوەڕوان دەکرێت هاوپەیمانیی نوێ لە ئامادەنەبوونی ڕەوتی سـەدریدا دروست بکرێت، ئەمـەش ڕێگـە خـۆش دەکات بـۆ هێزەکانـی تـر بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییيە. پێشـبینییەکان ئاماژە بـەوە دەکـەن، کـە زۆرینـەی دەنگەکانـی سـەدری بـۆ هاوپەیمانـی یـان هێـزە تـازە پێگەییشـتوەکانی (سـودانی) دەچێت، کە هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسای (مالیکـی) لە دەسـتکەوتی بەرچاو لە کورسـییەکانی پەرلەمـان بێبەش دەکات و تەنانەت ڕەنگە هەڕەشـە لـە توانـای (مالیکـی) بـکات بـۆ پاراسـتنی قەبـارەی ئێسـتای لـە پەرلەمانـی داهاتـوودا. کاندیدبونـی (سودانی) بۆ هەڵبژاردنەکان شتێکی سەرسوڕهێنەر نەبـوو، بـەڵام کاتی خۆی و پەیامە سیاسـییەکانی و ئـەو هاوپەیمانییـەی کە لە دەوروبـەری پێکهاتوون، ئاماژەن بۆ شەڕێکی ئاڵۆزی هەڵبژاردن، کە کراوەیە بـۆ چەندیـن ئەگـەر. لـە نێـوان ئـەم ئاڵنگارییانـەدا، (سودانی) هەوڵ دەدات خۆی وەک «حوکوومەتێکی سـەقامگیر» پیشـان بـدات، گوایـە لـە ڕێگـەی دەسـتکەوتەکانییەوە حوکوومەتەکەی بنیاد دەنێت و

گوتارێک پێشکەش دەکات، کە دەتوانێ هاوسەنگتی دۆخەکە ڕابگرێت. بەڵام ئەوەی بە داوی سیاسەت و دەستتێوەردانی ئەمریکا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێشهاتوە و پشتیوانی لە ئیسرائیل مەبنا بووە بۆ ئەمریکا، هەڕەشەکانی (ترامپ) لە سەر هەڵوەشانەوەی حەشدی شەعبی و ئایندەی ڕێککەوتنی ئەمریکا و ئێران، گومانی تێدا نییە کە دۆخی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق بە نائارام دەبینرێت. لە هەمان کاتدا پێکهێنانی حوکوومەتی عێراق لە بەردەم قەیرانێکی هەمەلایەنەدا بەرەو ڕوو دەبێتەوە، جا پێکهێنانی حوکوومەت لە سایەی (مالیکی) بێت یا (سودانی)، دۆخەکە بە ئاسانی تێ ناپەڕێنرێت.

# (23)

# هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، سەرەتای قۆناغێکی مەترسیدار لە ناوچەکەدا

سەر لە بەیانیی ڕۆژی هەینی (13)ی حوزەیران، ئیسرائیل هێرشی کردە سەر تاران، ئیسفەهان، شیراز، کرماشان و تەبریز و دەیان ناوەندی سەربازی، ئەتۆمی و شوێنی نیشتەجێبوونی بۆردومان کرد، جگە لە کوشتنی ژمارەیەک فەرماندەی پلە باڵا و ئەندازیاری ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی، بە پاساوی ڕووبەڕووبوونەوەی «مەترسیی ئێرانێکی ئەتۆمی»، سەدان هاوڵاتیی بێ تاوانی کوشت و بریندار کرد. ڕاگەیاندنی ئەوەی کە «جەنگ و بۆردومانەکان تا پێویست بێت بەردەوام دەبێت!»، لە لایەن حوکوومەتی ئیسرائیلەوە بە کردەوە ڕاگەیاندنی دەستپێکی شەڕێکی تەواوەتییە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، کە کۆتاییەکەی ئیتر لە دەستی ئەودا نەماوە. شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا سەپێنرا، کە حوکوومەتی ئەمریکا و ئێران لە پرۆسەی دانوستاندا بوون. ئەم شەڕە و پانتایی و ئاستەکەی، بە پێچەوانەی هێرشەکانی پێشووی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، شەڕێکی مەترسیدار، سەرڕۆیانە و سەرتاسەرییە، کە ناوچەکەی بۆ

قۆناغێکی هەستیار و مەترسیدار ڕاپێچ کردوە.

بێ گومان هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، بە بێ ڕێککەوتن و پشتیوانیی حوکوومەتەکەی (ترامپ) ئەنجام نەدەدرا. حوکوومەتی ئیسرائیل سەرەڕای (20) مانگ کۆمەڵکوژیی هەمەلایەنەی خەڵکی فەڵەستین و گەمارۆدانی تەواوەتیی غەززە و بڕینی ئاو، کارەبا، خۆراک و دەرمان و ڕێگریکردن لە یارمەتییە مرۆیییەکان بۆ چەند ملیۆن کەس، سەرەڕای بۆردومانکردنی بەردەوامی بەیروت و ناوچەکانی دیکەی لوبنان و هێرشی چەند بارەی بۆ سەر سووریا و داگیرکردنی ناوچەکانی ئەم وڵاتە، بە ناوی «پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل»ەوە، ئەوە حوکوومەتەکەی ئیسرائیلە، کە ڕووبەڕووی قەیرانی ناوخۆ و چەقبەستوویی سیاسی و گۆشەگیریی سەرتاسەرییە لە ئاستی ناوچەکە و جیهاندا. جگە لەمەش، لە ئێستادا ئەوە دەوڵەتی ئیسرائیل، کە لەگەڵ بزووتنەوەیەکی جەماوەری و ئینسان دۆست بۆ بەرگریکردن لە خەڵکی فەڵەستین و لە دژی هەموو ئەو تاوانانەی ئەنجامی داوە لە سەر ئاستی جیهانیدا بەرەو ڕووە. بزووتنەوەیەک کە ڕەهەندە بەرفراوانەکانی تەنانەت نزیکترین حوکوومەتەکانی خۆرئاوای هاوپەیمان لەگەڵ ئیسرائیل ناچار کردوە خۆیانی لێ دوور بخەنەوە. لە سەرێکی ترەوە،

مـەودای تاوانەکانـی حوکوومەتـی ئیسـرائیل و تواناکانی بزووتنەوەی جیهانی بۆ پشتیوانی لە خەڵکی فەڵەسـتین، هەروەهـا نارەزایەتییـە جەماوەرییەکانـی لە دژی ئەم شـەڕە و کۆمەڵکوژیی خەڵکی فەڵەسـتین لـە خودی ئیسـرائیلدا ورووژاندوە. شـەڕ لەگەڵ ئێران و ڕاکێشـانی ئەمریـکا بۆ ناو ئەم شـەڕە، لـە ڕوانگەی شـەڕخوازان و قەسـابەکانی خەڵکـی فەڵەسـتین و دەسـتەی فەرمانـڕەوای ئیسـرائیلەوە، ڕێگایەکـە بـۆ ڕزگاربوون لەم بنبەسـتە و کێشـە سەرتاسەرییەکانی حوکوومەتی فاشیستی ئیسرائیل. هێرشەکانی ئیسرائیل و وەڵامدانەوەی کۆماری ئیسلامی و هێرشەکانی هەر دوولا و بۆمب و مووشـەکباران بۆ سـەر شـارەکانی ئێـران و ئیسـرائیل، بـە کـردەوە جەنگێکیـان پـەرە پێ داوە، کە ئیتر کۆنترۆڵکردنی، ئایندەی، پانتایی، لێکەوتە مرۆییەکان و ڕادەی وێرانکارییەکەی بۆ هیچ کەسێک ئاشـکرا نییە. حیسـاباتی (ترامـپ) و (ناتانیاهۆ)، کە بە هێرشـەکانی ئیسـرائیل، کۆمـاری ئیسـلامییان ئیفلیـج دەکات و ناچـاری دەکات بـەوەی لە پێگەی لاوازییەوە لە دانوسـتانەکاندا تەسـلیم بە هەر هەلومەرجێک ببێت و هەڕەشـە و ملهوڕییەکانیـان لـە سـەر بنەمـای ئـەم حیسـاباتە هەڵەیەیـان سـەلماندوە. حیسـاباتێکی هەڵـە و سـەرەڕۆییەک، کـە هـەر دوو دەوڵەتـی ئیسـرائیل و ئەمریـکا دەسـتیان بـۆ بـردوە، ئەمـڕۆ خۆرهەڵاتـی

ناوەڕاستی خستوەتە بەردەم مەترسیی لەناو چوون.

بوونی بنکەی ئەمریکا لە وڵاتانی عەرەبی و کەنداوی فارس و سوود وەرگرتنی ئیسرائیل لەم بنکانە، لەوانەش لە عێراق، بۆ هێرشکردنە سەر ئێران. هەروەها هەڕەشەی ئێرانیش بەوەی کە ئەو بنکانەی ئیسرائیل لە ناوچەکە بەکاریان دەهێنێت، وەک ئامانجێکی سەربازی هەژماریان دەکات، هاوکات هەڕەشەی داخستنی گەرووی گرینگی هورمز، شەپۆلێکی بەرفراوانی نیگەرانیی لە مەترسییە ترسناکەکانی ئەم جەنگەی لە نێو خەڵکی ئێران و تەواوی ناوچەکەدا پەرەپێداوە.

ئەم جەنگە سەربەخۆ لە مەودای قوربانییەکانی و ئەوماڵوێرانییەی کە لە ئێران و ئیسرائیلدا دەیهێنێتە کایەوە، هاوکات پێگەی چینی کرێکار و بزوتنەوەی نارەزایەتی و ئازادیخوازەکانی خەڵکی ناوچە، کە بۆ ئازادی، خۆشگوزەرانی و ئەمنیەت لە مەیداندایە، لاواز دەکات و دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ پاساودانی سەپاندنی هەژاری، گرانی، بێبەشکردن و پەلاماردانی خەڵک زیاتر ئاوەڵا دەکا و کاریگەریی وێرانکارانە لە سەر خەباتی حەقخوازانە و ئینسانی لە تەواوی ناوچەکەدا بە جێ دێڵێت. لە هەمان کاتدا کۆماری ئیسلامی بە ناوی بەرگری لە خۆوە، لە ڕێگەی پڕوپاگەندەی نیشتمانپەروەری و ناسیۆنالیستیی

بەرفـراوان و بـە پشـت بەسـتن بـەو دڕندەییـیـەی کە ئیسـرائیل لـە دژی خەڵکی فەڵەسـتین و هەڵسـوکەوتە بێ سـنوورەکانی لـە ناوچەکـەدا، وەک دەوڵەتێکی جەنگخـواز و هـۆکاری سـەرەکی بـۆ نائەمنکردنـی ناوچەکـە، نـەک تەنیا ناسـیۆنالیزمی ئێرانی لە دەوری خـۆی کـۆ دەکاتـەوە، بەڵکوو لە وڵاتانـی عەرەبی و لە ئاسـتی جیهاندا، هاوسـۆزیی گشـتیی خەڵـک بۆ خۆی وەک تاکـە دەوڵەتێک کە دژی ئیسـرائیلە ڕادەکێشـێت. ئێمە سـێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ناوچەکەدا، وێـڕای ئەوەی دژایەتیـی تەواوەتیی خۆمـان بەرانبەر ئـەم جەنگـە ڕادەگەیەنیـن، هـاوکات حوکوومەتەکانـی ئیسـرائیل و ئەمریکا بە هۆکاری سـەرەکیی ئەم شەڕە و دەرئەنجامەکانـی دەزانیـن و پێکـەوە لەگـەڵ خەڵکی موتەمەدینـی ناوچەکـە و جیهـان ئـەم جەنگە مەحکوم و شـەرمەزار دەکەیـن. ئێمـە لـەم ڕۆژە سـەختانەدا شانبەشـانی چینـی کرێـکار و خەڵکـی ئازادیخـوازی ئێـران و ناوچەکـە، لەگـەڵ ئـەوەدا هێرشـکردنە سـەر شـوێنەکانی نیشتەجێبوون، ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی نـەوت، پیشەسـازی و ناوەکییـەکان لـە لایـەن هـەر حوکوومەتێکـەوە سـەرکۆنە دەکەیـن، هـاوکات هـەر جـۆرە دەسـتدرێژییەکی کۆمـاری ئیسـلامی لـە دژی خەڵکی ئێران بە بیانووی شەڕەوە، مەحکووم دەکەین. لای خۆمانـەوە، چ لـە ئێران، چ لە عێراق و لە ناوچەکە

و لـە جیهانـدا، بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوە بەرانبـەر بـە درێژەکێشـانی ئـەم شـەڕە ماڵوێرانکـەرە و بۆ کۆتایی پێهاتنـی، داوا لـە هەمـوو سـەندیکا کرێکارییـەکان، ڕێکخـراو و دامەزراوە ئاشـتیخواز و مرۆڤدۆسـتەکان و خەڵکـی موتەمەدیـن لـە سەرانسـەری جیهانـدا دەکەیـن، ڕێوشـوێنی گـەورە و هاوئاهەنـگ بگرنەبەر بـۆ فشارخسـتنە سـەر حوکوومەتـەکان؛ بـە تایبـەت حوکوومەتەکانـی (ترامـپ) و ئیسـرائیل، بـۆ کۆتایـی هێنان بەم بەربەرییەتە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)
(25)ی خـورداد (1404)/ (15)ی حوزەیرانـی (2025)

# (24)
# ئاڵوگۆڕێك لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا!

ئەو ساتەی بینەری ڕووداوەکانی بەغداد بووین، لە ساڵی (2003)دا، یان وەک مێژوویەکی نزیک بۆ نەوەکانی ئێستای دەگێڕینەوە، یان گەر وەک فیلمێک نیشان بدرێن، کاتێک هێزەکانی سوپای بەرفراوانی ئەمریکا لە دەروازەکانەوە هاتنە ناوەوە، پێشوەخت بە تێکشکاندنی تەواوی دامەزراوەکانی وەکوو؛ وێستگەکانی کارەبا و بە بۆردومان و وێرانکاری تەواوی شارەکانی عێراقیان تاریک کرد، هەر ئەو کاتە ڕۆشن بوو بەوەی سەردەمێک دەسڕدرێتەوە و سەردەمێکی تر لە ناو ڕەحمی ئاژاوەیەکی بێسەروبەر و بێوێنەدا لە سەر دەستی ئەمریکا لەدایک دەبێت. ئێستاش لە (13)ی حوزەیرانی (2025)دا، دوای هێرشی ئاسمانیی بێبەزەییانە و نامرۆڤانەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، بە لێدانی یەک لە دوای یەکی بۆمبی وێرانکەر، کە دڵی نائارامی خەڵکی ئێرانیان کردوەتە ئامانج، دەشێ بە سادەیی بڵێین لە بەردەرگای گۆڕانکارییەکی هاوشێوەی عێراقدا وەستاوین، بەڵام بە

قەبارەیەکـی گەورەتـر و بـە ئەگـەری کاردانەوەی قوولْتر و نائەمنیی زیاتر. ڕەنگە نەتوانین پێشبینیی ئـەوە بکەیـن، کە لـە ڕۆژە سـەختەکانی داهاتوودا چی ڕوودەدات، بەڵام لە ڕاسـتیدا شـاراوە نییە کە دۆخەکە مایەی مەترسییەکی گەورەیە، ئەو ڕژێمەی چـوارده دەیەیـە خەریکـی نەخشـەی پانئیسـلامی و پـەروەردەی تیرۆرسـتان و هێـزی میلیشـیایە، کاریگەریی خۆی لە سەر فەڵەستین، لوبنان، عێراق و یەمـەن دانـا، بەڵام ئێسـتا لە بەرانبـەر زریانێکی زۆر بەهێـزدا دەلەرزێت، بۆ ئایندەیەکی ناڕۆشـنی مانـەوەی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئایدۆلۆژییەکـەی بەرگـری دەکات، جـا بەهێـزی سـەربازی بێت یان بە دانوستان و ڕێککەوتن، هەوڵی جدی دەدات ئەو کارەی بە سـەرکەوتن بگەیەنێت، وەک وەستانەوە و پەرچەکـرداری هێرشـی بۆمببارانی چەند ڕۆژی ڕابردوو لە بەرانبەر ئیسرائیلدا!.

ئەم دۆخە، کە ئەمریکا و ئیسرائیل خولقاندویانە، ئەگـەری ئـەوە هەیە بەرەو ئەو ئاڕاسـتەیە بڕوات، کە کۆتاییی پێکهاتەی ئێسـتای دەسـەڵاتی کۆماری ئیسـلامی بێـت، کـە چـل سـاڵ زیاتـرە پاراسـتنی سـەرمایەداری بـە ئایدۆلۆژیـای ئیسـلامی بەڕێوە

دەبات. بەڵام پرسیاری جدی ئەوەیە دوای کۆتاییی پێکهاتەی دەسـەڵاتی ئێسـتای ئێران لە ڕێگای ئەم شـەڕە وێرانکـەرەوە، دەسـەڵاتی سیاسـی بـە چ شـێوازێک بـۆ پاراسـتنی سـەرمایەداری دەتوانێت خـۆی ڕێـک بخاتـەوە و لـە ئێرانێکـی پـڕ گێـژاودا چۆن دەسـەڵاتێکی تـر دادەمەزرێننەوە، واتە دوای ئـەوە چی ڕوودەدات؟. سـیناریۆی جیـاواز قابیلیە پێـش بێـت، ئەزموونـی ژیانـی سیاسـی ئەوەمـان بیـر دەخاتـەوە، کـە ڕووخانـی ڕژێمـە دکتاتـۆر و پاوانخـوازەکان بـە تایبەتـی لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا لـە ڕێگـەی جەنـگ و کاریگەریـی دەرەکی و سـەروو ئێرادەی جەماوەری خەڵکەوە، بـە دەگمـەن فەراهەمهێنـی ئارامی و سـەقامگیریی سیاسـییە، بـە ئاشـکرا و بە فراوانـی دەروازەکانی دۆزەخ بۆ دانیشـتوان دەکەنـەوە و بە دڕندانەترین شـێوە کەڵەکـەی سـەرمایە بەڕێـوە دەبەنـەوە. هەڵبەتـە ئەوە لـە بەرچاوە، کە دۆخـی ئێران وەک وڵاتێکی پان و بەرین و دامەزراوەیەکی حکومڕانی بە هەژموونی سەرانسەری و ناوەندبوون، خاوەن ئایدۆلۆژییەکـی ئیسـلامی، کاریگەرییەکـی تونـدی پێوەندیـی کۆمەڵایەتیـی داڕشـتوە و ڕێکخسـتوە،

خاوەن بەرژەوەندیی سەرمایەگوزارییەکی زەبەلاحی جیاوازە لە ناوچەکەدا، لە هەمان کاتدا دانیشتوانی هەشتاوپێنچ ملیۆن کەسە و پێکهاتەیەکی فرە ئایینی و فرە نەتەوە لە خۆ دەگرێت، لە حاڵەتی دارمانی کۆماری ئیسلامی لەم کاتەدا، ئەو هەژموونی ناوەندبوونەی، تەواو دەشێوێت و لێک دەترازێت و بە زەحمەت بە یەکەوە دەبەسترێتەوە. هەر بۆیە لەگەڵ هەر وەستانەوەیەکی ئەمریکا لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا، ئەوە ڕادەگەیەنێت کە نایانەوێت حوکوومەت بڕووخێنن!.

ئەوەی شایانی باسە، کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا گرینگترین دەسەڵاتی ناوچەییی خۆی لە دەست داوە، لە لایەک، ڕووخانی ڕژێمی (ئەسەد) وەک پشتیوانێکی گرینگی ئێران، گورزێکی گەورەیدا لە پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا، هەروەها پردی وشکانیی پچڕاند، کە ئێرانی بە لوبنانەوە دەبەستەوە، دارمانی حەماسیش لە غەززە بووە هۆی ئەوەی کە ڕژێمی ئێران دوا هێزی مانەوەی خۆی لە دژی ئیسرائیل لە دەست بدات. وەک ئەوە وایە؛ کە گەڵاکانی پایزی ئێران یەک بە یەک بکەونە خوارەوە، تا دارەکانی لە

بـەردەم بـای تونـدی گۆڕانکاریـی وەرزدا ڕووت بمێننـەوە. لەگـەڵ هـەمـوو ئەوانەشـدا، بینیمـان کە پەرچەکـرداری ئێـران لـە بەرانبـەر ئیسـرائیلدا، سەرسـامییەکی نیشـاندا، کە چاوەڕوانکراو نەبوو، بـە جۆرێک هاوسـەنگیی هێـزی پێچەوانە کردەوە، بەڵام ناکرێ ئەو ڕاسـتییە لە بەرچاو نەگیرێت، کە پێوەرەکانـی ئێسـتا ئـەوە دەردەخـەن، کـە ڕژێمی ئێـران قەیرانێکـی قوڵی ئابـووری یەخەی گرتوە و دانیشتوانەکەی لە ناوەوە دەکوڵێن و دەستەبژێری دەسـەڵاتدار یەکدەسـت نین و کێشـەیان هەیە، ئەم دۆخی شـەڕە وێرانکارەش ئابوورییەکەی زیاتر و زیاتر دادەڕمێنێت، بۆیە بەرگەگرتنی هەموو ئەوانە بۆ کۆماری ئیسـلامی ئاسـان نییە و ناتوانێ وەک پێکهاتەی ئێسـتای دەسەڵاتەکەی بپارێزێت، کە یان دەبێت خۆی بگۆڕێت یان دەبێت بڕووخێت!

ڕژێمـی ئێـران بـۆ خۆشـی بـاش درک بـەوە دەکات، لە سۆنگەی هاوسەنگیی هێزەوە درێژەدان بەم شـەڕە لە لایەک خودکوژیی خۆیەتی، لە لایەکی تـرەوە زیاتر داڕمـان و وێرانکردن و کوشـتنی بە کۆمەڵـە، لـە هەمـان کاتـدا پاشەکشـە بـە مانای لە دەست دان و شکستی ئەو شـەرعیەتەیە کە لە سـەر

بنەمای ئیسلامی و خۆڕاگری بنیاتیان ناوە. بەڵام لە کۆتاییشدا ناچار بوو ئاگربەست قەبووڵ بکات. لە ڕاستیدا پێویست نییە ئەو پرسیارە بکەین، کە کۆماری ئیسلامی کەی دەڕووخێت، بەڵکوو ئەو پرسیارە گرینگە، کە دوای ڕووخانی چی ڕوودەدات؟، دۆخی ئێران چی بەسەر دێت؟. بێ گومان دۆخەکە لە بەردەوامیی جەنگ و فراوانبوونەوەی ململانێکان و لێدوان و هەڕەشەی لایەنەکانی بەشدار لە جەنگ و دەرەوەی جەنگ، زیاتر ئەوە نیشان دەدەن کە کێبڕکێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەکەن، کە دوای جەنگ دروست دەبێت. ئەمەش لە پێوەند بە دۆخی ئێرانی دوای جەنگ، هاوسەنگییەک لە نێوان لایەن و هێزەکاندا نابینرێت تا بتوانن حوکوومەتێک پێکبهێنن، کە ناوەندبوون، ئارامی، یەکگرتوویی و سەقامگیریی ئێران بپارێزێت، بۆیە ئاژاوە و گێژاوێک پێشبینی دەکرێت کە ساغبوونەوەی سەقامگیری دەکەوێتە بەر ئایندەیەکی نادیارەوە. ئەمریکا وەک لایەنێکی سەرەکی لە شەڕەکەدا، سەرەڕای دوژمنایەتیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ دەستەمۆکردنی ئێران لە ڕێگەی هێرشکردنە سەری، درک بەوە دەکات کە ڕووخانی ئێران وەک

دەوڵەتێکی یەکگرتوو، ئاژاوەی بەربڵاوی ناوخۆیی و ناوچەیی دروست دەکات، ئەمەش دواتر بە قازانجی ستراتیژی ئەمریکا نابێت، کە باڵادەستیی خۆی لە ناوچەکەدا بسەپێنێت؛ بۆیە تاکوو بۆی بگونجێت تەنها ئاڵوگۆڕێکی شکڵی لە هەمان دەسەڵاتی سیاسیی ئێستای کۆماری ئیسلامیدا دەکات، کە ملکەچی خۆی بێت. لە لایەکی تریشەوە ڕووسیا و چین، هاوپەیمانی تەقلیدیی تاران، نایانەوێت دەستتێوەردانێکی سەربازیی ڕاستەوخۆ بکەن بۆ ڕزگارکردنی کۆماری ئیسلامی، بەڵام لە هەمان کاتدا، ڕێگە بە کۆنترۆڵکردنی تەواوەتیی ئەمریکا بە سەر وڵاتێکی گەورەی وەک ئێراندا نادەن، کە ئێران تایبەتمەندیی ستراتیژیی هەیە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. وڵاتانی عەرەبی، بە تایبەت دەوڵەتانی کەنداو، لە دۆخێکی دوودڵیدان، لە لایەک پێشوازی لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەکەن، کە دەیان ساڵە لە ژێر کاریگەریی هەڕەشەدان بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەکانیان، لە لایەکی تریشەوە ترسیان لەو ئاژاوەیە هەیە، کە لە ئەنجامی جەنگێک و نائامادەیی و نەتوانینی کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە ڕەنگە بۆیان بێتە پێشەوە، وەک ئاگری پووشی

دەشتێک کە لە سەرانسەری ناوچەکەدا بڵاو دەبێتەوە. عەرەبستان و ئیمارات بە تایبەتی، درک بەوە دەکەن کە سەقامگیریی ئێران وەک دەوڵەتێک لە سروشتی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکەی گرینگترە. دراوسێیەکی کێشەدار لە دراوسێیەکی دوژمنکار مەترسیدارترە.

لەم دیمەنە ئاڵۆزەدا پرسیارێکی بنەڕەتی دێتە ئاراوە، ئایا هێزەکانی ناوخۆی ئێران لە بەڕێوەبردنی گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵاتدا سەرکەوتوو دەبن؟ یان بەرەو شەڕێکی ناوخۆییی درێژخایەن دەڕۆن، کە دەتوانێت ببێتە هۆی دابەشبوونی وڵات؟ فاکتەرێک کە پێشبینیی ئەگەری ئەو دابەشبوونەی تێدا دەکرێت، جیا لە نەبوونی هێزێکی پتەو و بەرجەستە، کە بتوانێ ڕژێمێکی تر دابمەزرێنێت، لە هەمان کاتدا بوونی هێزێکی بەرفراوانی سەدان هەزاری عەقیدەتیە، کە دەیان ساڵە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پەروەردەیان دەکات، ئەگەر ئەم هێزە بڕیار بدات و بیەوێت تا کۆتایی شەڕ بکات و پارێزگاری لە دەسەڵات بکات، ئێران دەتوانێت شایەتحاڵی کارەساتێکی گەورەتری پەرشوبڵاویی ناوچەکانی ئێران بێت،

لەوەی کە لە سووریا و عێراق ڕوویدا. پێم وا نییە هیچ کەس نکۆڵی لەوە بکات، کە دوای کۆتاییی ئەم شـەڕە و گۆڕانێک لە نێو هەمان پێکهاتەی ئێستای دەسـەڵاتی سیاسـیی ئێران، یان ئەگەری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، بە تەواوی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت بە باڵادەستیی ئەمریکا دادەڕێژرێتەوە، لـە هەمـان کاتـدا کاریگەریـی لـە سـەر چۆنێتیـی دۆخـی ململانێـی زلهێزکانی دنیـا دەبێت. لە ڕووی ئابووریـیـەوە ڕووخانی ڕژێمی ئێـران کاردانەوەی جیهانی دەبێت. لەبەر ئەوەی ئێران خاوەنی چوارەم یەدەگـی نەوتـە لە جیهاندا، هەر جۆرە پەککەوتنێک لـە بەرهەمهێنـان و هەناردەکردنیـدا کاریگەریی لە سـەر نرخی وزەی جیهانی دەبێت. چین، کە بڕێکی زۆر لـە نەوتـی ئێران هاوردە دەکات، ناچار دەبێت بـە دوای جێگـرەوەدا بگەڕێـت، ئەمـەش ئەگـەری گۆڕینی دیمەنی بازرگانیی وزەی جیهانی هەیە. لای خۆیەوە ڕووسـیا ڕەنگە سـوود لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و گاز وەربگرێت، بەڵام هاوپەیمانێکی سـتراتیژیی گرینگ لـە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ خۆرئاوادا لە دەست دەدات. هەر چەندە ئەمریکا لە دوای هێرشەکانی بەرەبەیانی (22)ی ئەم مانگە، وا

ڕادەگەیەنێت کە کۆتاییی بە کاریگەریی یۆرانیۆم هێناوە، بەڵام پێم وایە هێشتا بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران ئاڵنگاریی تری لێ دەکەوێتەوە، ئەگەر ئێران بکەوێتە بەر گێژاوی شەڕی ناوخۆی لایەنەکان و هێزە میلیشیاکان، چی بەسەر پاشماوەی دامەزراوە ئەتۆمییەکان و مادە تیشکدەرەکان دێت؟ ئایا زلهێزە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن کۆنترۆڵی ئەو مادانە بکەن و ڕێگربن لەوەی نەکەوێتە دەستی گروپە توندڕەوە میلیشیاکانەوە؟ یان لە ناوچەیەکی پڕ لە ململانێ و گرژی و ئاڵۆزی، ڕووبەڕووی کابوسێکی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی دەبینەوە؟ بە گشتی ئێران و ناوچەکە، بە تایبەتی دوای هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، دۆخەکەی ئاڵۆزتر و مەترسیدارتر کردوە. لە نێو ئەو هەموو گێژاو، ئاڵۆزی و ئاڵنگارییە ترسناکانەدا، پرسیار لە کۆمۆنیستەکان، ئازادیخوازان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان ئەوەیە، ئامادەن بۆ ئەوەی دوای هەر ئاڵوگۆڕێک، یان ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕۆڵێکی پێشڕەوی ئینسانی و ئازادیخوازی ببینن، تا پێگەی ڕۆڵ و دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی جەماوەری

لە ئایندەی پێکهێنانی دەسـﮫڵاتی سیاسی لە ئێراندا دابین بکەن؟ لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و چینـی کرێـکار بـە تایبەتـی، ئاسـتێکی بەرینـی پێشـڕەویی جەماوەری لە ڕادیکاڵـی، ئازادیخوازی و یەکسـانیخوازی تێـدا بەهێزە، بەڵام نارێکخراو و پەرشوبڵاوە و نائامادەیە، پێش هەموو شتێک هەر لایەنێـک و ڕێکخراوێکی کۆمۆنیسـتی، پێویسـتە لە ڕیزی پێشەوەی ڕێکخستن و یەکخستنی ئەو هێزە جەماوەرییـەدا بێـت، کە بە ئاسـۆی سۆشیالسـتی، ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی لە مەیدانی ململانێ و خەباتی چینایەتیدایە.

ئـەوەی لەمـڕۆدا پێویسـتە، کە ئێـران لە دۆخی جەنگێکی وێرانکاری و کۆمەڵکوژیدایە، هەر چەندە شـەڕەکە لـە ئێسـتادا ڕاگیـراوە، بـەڵام بـە هـۆی بەردوامیی ململانێکان و نالەباریی دۆخی سیاسی، هێشـتا کاتـی خۆپاراسـتنە لـە کاریگەرییەکانـی ئـەو جەنگـە و نەبوون بە سـوتەمەنی ئەو شـەڕە. دوورکەوتنـەوە لـەو هێـز و لایەنانـەی دەیانەوێت لـە نێوەنـدی ئـەو شـەڕەدا بکەونـە بەرانبـەر هێزەکانـی دەسـﮫڵات و پێکـدادان ئەنجـام بـدەن، ئێسـتا سـەردەمی یەکڕیـزی و خـۆ ڕێکخسـتن و

هوشیاربوونەوەیە، ئەگەر چی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە ڕووی هاوسەنگیی سەربازییەوە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل و ئەمریکای نییە، بەڵام لەم بارودۆخەدا دەتوانێت لە بەرانبەر هەر نارەزایەتییەک سوود لە توندترین و خوێناویترین سەرکوت وەربگرێت. بۆیە ئامادەکرنی هەر ڕێکخراوێک لە ئێستادا بۆ شەڕکردن لەگەڵ ڕژێمدا، کارێکی گەمژانە و نابەجێیە و بە زیانی خەباتی جەماوەری تەواو دەبێت. پێویستە خۆ ڕێکخستن لە دژی شەڕ و هەلومەرجی شەڕ و ئازارەکانی، بەرەو پێش بچێت، خەبات بۆ خواستی ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ، بەرزکردنەوەی دروشمی دژی شەڕ، چوونکە دووبارەنەبوونەوەی شەڕ پێویستی بە بزوتنەوەیەکی بەرفراوانی جەماوەریی جیهانییە. ئەمڕۆ پێویستە کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان، ڕێکخستنی خەڵکی ناڕازی لە دژی شەڕ بکەنە لەپێشینەی کارەکانی کارنامەی خۆیانەوە، بۆ هاوکاریکردنی یەکتر لە بەرانبەر سەختییەکانی شەڕ، دابینکردنی ئامراز و ئاسانکاری بۆ ئەو هاوڵاتییانەی کە ناچارن ماڵ و شارەکانیان بە جێبهێڵن و پێدانی پێداویستیی تەواو پێیان، دابینکردنی بژێویی ژیان و پێداویستیی تەندروستی، هاوکاریی

دەستبەجێی خەڵک لە ئەگەری بۆردومانکردنی ماڵەکانیان، خەبات دژی ئەو ناسیۆنالیستە ڕەنگاوڕەنگانەی کە بە شەڕ و وێرانکردنی کۆمەڵگا وروژێنراون و ئومێد بە لایەنگری بۆ جەنگ دەبەخشنەوە. دوورخستنەوە و پاراستنی کۆمەڵگا لە دروستبوونی هەر سیناریۆیەکی تاریک و هەلومەرجی شەڕ هەڵگیرسانی هێزە میلیشیاکان، لە هەمان کاتدا لە هەر جێگایەک بۆشاییەک بە هۆی نەمانی هێزەکانی ڕژێم دروست دەبێت، پێویستە جەماوەری خەڵک بۆ پاراستنی خۆیان و بۆ ئیدارەکردنی کاروبارەکانیان ڕێکخراو و چەکدار بن، تا بتوانن ئەمنیەتی خۆیان بپارێزن و کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن.

# ململانێی ئەمریکا و ئێران
# لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا